





# پارێزگای کەرکوک

# لە 1957 – 1977

**لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی بەراوردکاریە لەڕووی شێواندنی سنوری جوگرافیو کارگێڕیو باری نەتەوەییەوە**

**ن / فاتیح عەبدوڵڵا شوانی**

2705 کوردی - 2005 زاینی

**سلێمانی**

- ناوی کتێب: پارێزگای کەرکوك لە 1957 - 1977
- ناوی نووسەر: فاتیح عەبدوڵڵا شوانی
- چاپ: چاپی یەکەم 2005
- پیتچنین: توانا عومەر
- دیزاین: هێرش ئەحمەد
- بەرگ: هێمن جەمیل
- تیراژ: (١٥٠٠)دانە
- چاپخانە: چاپخانەی شڤان
- ژمارەی سپاردنی ( ١٣٨ )ی ساڵی ( 2005 ) وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە .
- ژمارە ( 1 ) لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی چالاکییەکانی هاموون



**پێشکەش بێت بە :**

★رۆحی پاکی شەهیدانی خاکی پیرۆزی کوردستان بەتایبەتیش شەهیدانی کەرکوك و ئەو پێشمەرگانەی لە پێناوی ئازادی کەرکوك و پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی راگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعس کردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردان لە کەرکوك دا گیانیان کردە مەدالیای سەروەری و لە بەرۆکی نیشتمانی کوردستانیاندا.

★شەهید ( سەعید )ی برام و شەهید ( خالید )ی خاڵم.

★بەو کەسانەی راستگۆیانەو بەویژدانەوە قسە لە مێژوو دەکەن.

ئەم کتێبەی بەردەستان وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە مێژوودا، پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، بە پلەی زۆرباش وەرگیراوە.

# پێڕست


بابەت ... لاپەڕە
پێشەکی: ... 7
بەشی یەکەم: ... 11
ناوو جوگرافیاو کورتەیەکی مێژووی پارێزگای کەرکوك ... 12
ا/دروست بوونی شاری کەرکوك ...
ب/ناوی کەرکوك لەسەرچاوە مێژوویەکاندا ... 14
باسی دووەم: ... 19
ا/سنوری جوگرافیای ناوچەی کەرکوك ...
ب-پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوك ... 21
ج/ستراتیجیەت و ئابوری کەرکوك ... 24
باسی سێیەم: ... 27
کورتەیەکی مێژووی پارێزگای کەرکوك ...
بەشی دووەم: ... 45
پارێزگای کەرکوك لەئاماری 1957 دا ...
باسی یەکەم: ...
پارێزگای کەرکوك پێش ئاماری 1957 ...
ا/سنوری هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوك ... 46
ب/پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك ... 50
باسی دووەم: پارێزگای کەرکوك لەئاماری 1957 دا ... 54
ا/ پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك لە 1957 دا ...
ب/سنوری جوگرافیای و کارگێڕی پارێزگای کەرکوك ... 58
ج/دەسکاری کردنی سجلی 1957 ... 59
باسی سێ یەم: ...
کەرکوك دوای شۆڕشی 14 تەمووزی 1958 ... 66
ا/کەرکوك و شۆڕشی تەموزی 1958





ب/کەرکوك و رووداوەکەی 14ی تەمزی 1959 ... 68
باسی چوارەم: ...
کەرکوك و کوردەتای رژێمی بەعس 1963 ...
ا/سیایەتی بەعەرەب کردن و گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك ... 71
ب/کەرکوك و پرۆژەی لامەرکەزیەت ... 76
بەشی سێیەم: ... 79
پارێزگای کەرکوك لەئاماری 1965دا ...
باسی یەکەم: ...
پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکە لەئاماری 1965 دا ...
باسی دووەم: ... 85
گۆڕینی سنوری کارگێڕی و پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکە ...
باسی سێیەم: ... 94
بەعەرەبکردنی کەرکوك لە 1968- 1977 ...
بەشی چوارەم: ... 101
پارێزگای کەرکوك لەئاماری 1977دا ...
باسی یەکەم: ... 102
پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکە لە 1977دا ...
باسی دووەم: ...
سنوری پارێزگاکەو یەکە کارگێڕی یەکانی لە 1977دا ... 107
باسی سێیەم: ... 108
قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکوك: ...
ا/بەش (لەت)ی یەکەمی پارێزگای کەرکوك ...
ب/بەشی (لەت)ی دووەمی پارێزگای کەرکوك ...
دەرئەنجام: ... 127
سەرچاوەکان ... 129

## پێشەکی:-

پارێزگای کەرکوک یەکێکە لەشارە گەورەو گرنگەکانی باشووری کوردستان, بەدرێژایی مێژوو رۆڵی لەڕووداوەکانی ناوچەکەدا بینیوە, لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی عیراقی دەستکرددا بایەخی زیاتر بوو, چونکە لەوماوەیەدا نەوتی تێدا دۆزرایەوە, ئەوەش وای کرد حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق, هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی‌و سنوری جوگرافی‌و کارگێڕی ئەو شارەیان داوە, لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبدا.

لەماوەی نێوان ساڵانی 1957 تا 1977 گۆڕانکاری گەورە بەسەر پارێزگای کەرکوکدا هاتووە.

توێژینەوەکەش ئەو ماوەیەی لەخۆگرتووە, وەک ماوەیەکی مێژووی جیاوازی پارێزگاکە, بەومەبەستەش سەرژمێریەکانی ساڵانی 1957و 1965و 1977ی کردۆتە پێوەرێک بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر پارێزگاکەدا هاتوون.

ئامانج لەم توێژینەوەیەش دەرخستنی ئەو راستییە مێژوویانەیە کەشارەکە لەڕووی کورد بوون‌و سنوری جوگرافی‌و بەڕێوەبەرایەتی‌و پێکهاتەی نەتەوەییەوە بەدرێژایی مێژووی دروست بوونی هەیبووە.

گرنگی توێژینەوەکەش لەوەدا دەردەکەوێت ئەو ماوەیەی توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە, قۆناغێکی مێژووی کارەسات باری پارێزگاکەیە, کە رژێمەکانی عیراق دەرحەق بەکوردێتی کەرکوک‌و گۆڕینی سنوری بەڕێوەبەرایەتیەکان‌و پێکهاتەی دانیشتوانی ئەنجامیان داوە.



ئەوەی هانی دام ئەو ماوەیە هەڵبژێرم‌و توێژینەوەی لەسەر بکەم, دیسان ئەو گۆڕانکاریانەیە کەبەسەر پارێزگاکەدا هاتووە, لەشێواندنی باری نەتەوەی‌و راگوێزانی خەڵکی کوردی رەسەن‌و هێنانی عەرەبی باشوورو ناوەڕاستی عیراقی بۆ شوێنیان, تا ئەو پارێزگایە تەعریب بکرێت.

میتۆدی توێژینەوەکەش بەشێوازێکی زانستی‌و ئەکادیمی نوسراوە, هەوڵم داوە بە پشت بەستن بەشێوازی پلەندی‌و ساڵ‌و سەرژمێرییەکان‌و هاوکێشەو ژمارەو رێزەکان بەراورد بکەم.

ناوەڕۆکی توێژنەوەکەش لەچوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە, هەر بەشێک دابەشکراوە بۆ چەند باس‌و بابەتێک.

بەشی یەکەم: ناوو جوگرافیاو کورتەیەکی مێژووی کەرکوکە:-

ئەم بەشە دابەشکراوە بۆ سەر سێ باس‌و هەر باسێک کراوەتە چەند بابەتێک.

باسی یەکەم: بنیادنان‌و ناوی کەرکوک:-

لێرەد بنیادنان‌و ناوی کەرکوک لەسەرچاوە مێژوویەکاندا باس کراوە.

باسی دووەم: لەسێ بابەت پێکهاتووە:-

أ/ سنوری جوگرافیای کەرکوک: هەوڵ دراوە سنوری سروشتی پارێزگاکە دەستنیشان بکرێت پێش شێواندنی.

ب/ پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگاکە باس کراوە.

ج/ ستراتیجیەت‌و ئابوری کەرکوک: باس لەگرنگی‌و سامانە سروشتییەکانی پارێزگاکە کراوە.

باسی سێیەم: کورتەیەکی مێژووی پارێزگای کەرکوکە, لەم باسەدا, باس لە کەرکوک کراوە لەدروست بوونیەوە تا 14 تەموزی 1958.

بەشی دووەم: پارێزگای کەرکوک لەئاماری 1957دا:-

ئەم بەشە لەچوار باس‌و چەند بابەتێک پێکهاتووە.

باسی یەکەم:- پارێزگای کەرکوک پێش ئاماری 1957:

أ/ سنوری جوگرافیای هەرێمو پارێزگای کەرکوک: لێرەدا سنوری هەرێم دەست نیشان کراوە, ئینجا لەو چوارچێوەیەدا سنوری پارێزگای کەرکوکیش دیاریکراوە.

ب/ پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگای کەرکوک: هەوڵ دراوە ژمارەو ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەکان باس بکرێت.

باسی دووەم: پارێزگای کەرکوک لەئاماری 1957دا ئەم باسە لەسێ بابەت پێکهاتووە:-

أ/ پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگاکە لەساڵی 1957دا, لێرەدا بەوردی ژمارەو ڕێژەی کوردو عەرەبو تورکمانو کەمینەکان روون کراوەتەوە, کەتێیدا کورد زۆرینەیانە.

ب/ سنوری جوگرافیو کارگێڕی پارێزگاکەیە لەساڵی 1957دا.

ج/ دەستکاری کردنی سجلی 1957: ئەم بابەتە تەرخانکراوە بۆ ئەو شێواندنەی بەسەر سجلی 1957دا هاتووە.

باسی سێیەم: کەرکوک دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958 لەم باسەدا باس لەرۆڵی کەرکوک کراوە لەو رووداوە مێژوویانەی ئەوکاتەدا, هەروەها باس لەرووداوەکەی 14ی تەموزی 1959 کراوە, میکانیزمو دەرئەنجامەکەی روون کراوەتەوە.

باسی چوارەم: کەرکوکو کودەتای یەکەمی بەعس 1963 لەم باسەدا دووبابەت باس کراوە سیاسەتی بەعەرەبکردنو گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگاکە, هەروەها کەرکوکو پرۆژەی لامەرکەزیەت قسەی لەسەر کراوە.

بەشی سێیەم: توێژینەوەکەش بەسەر سێ باسدا دابەشکراوەو بەناونیشانی پارێزگای کەرکوک لەئاماری 1965دا.

باسی یەکەم: پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگاکەیە لە 1965دا.

باسی دووەم: باس لەگۆڕینی سنوری کارگێڕی پارێزگاکە کراوە.



باسی سێیەم: بەعەرەبکردنی کەرکوکە لە 1968 تا 1977 لەم باسەدا سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوک روون کراوەتەوە.

بەشی چوارەمی: توێژینەوەکە, پارێزگای کەرکوکە لەئاماری 1977دا, هاتووین ئەم بەشەمان دابەش کردووە بۆ سێ باسی سەرەکی:-

باسی یەکەم: پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگاکەیە لە 1977دا لێرەدا هەوڵ دراوە, هەموو گۆڕانکاریە کارگێڕیو نەتەوەییەکان باس بکرێت.

باسی دووەم: تەرخان کراوە بۆ یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگاکە, لەم باسەدا سنوری کورتکراوەی پارێزگاکە دەست نیشان کراوە, بەهۆی بچڕاندنی چوار قەزا لەپارێزگاکەو خستنەسەر پارێزگاکانی تر.

باسی سێیەم: ئەم باسە کە دوا باسی توێژینەوەکەیە, تەرخان کراوە بۆ قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکە, لەدوو بابەتی سەرەکی پێکدێت:

أ/ بەشی یەکەمی پارێزگاکە, لێرەدا باس لەهەر سێ قەزاکەی پارێزگاکە کراوە وەک قەزای ناوەندی کەرکوکو حەویجەو دوبز.

ب/ بەشی دووەمی پارێزگاکە, لێرەشدا باس لەوچوار قەزایە کراوە کەپێشتر لەپارێزگاکە بچڕاون وەک چەمچەماڵو کفریو دووز خورماتوو, کەلار.

لەگەڵ ئەوانەشدا توێژینەوەکە بێ کەمو کوڕیو بێ گرفت نەبووە, ماوەی توێژینەوەکە لەساڵی 1957 تا 1977 بۆ خۆی ماوەیەکی زۆرەو هەروا ئەرکێکی ئاسان نییەو ماندوو بوونو توانایەکی زانستی باشی دەوێت.

لەهەمان کاتدا گەورەترین گۆڕانکاری سیاسیو نەتەوەیو کارگێڕی لەو ماوەیەدا بەسەر پارێزگاکە هاتووە, کە بەڕاستی کاری زۆر وردتری دەوێت.

**توێژەر**

## بەشی یەکەم

## ناوو جوگرفیاو کورتەیەکی مێژویی پارێزگای کەرکوك

نوسین ولێکۆڵینەوە لەسەر شارێکی دێرینی وەك کەرکوك زۆر هەڵدەگرێ, چ لەرووی مێژوو وشوێنەوارە دێرینەکانی, چ لەرووی گرنگیو ستراتیجی شارەکە وشوێنی جوگرافیەکەی وسامانە سروشتیەکانی , بێگومان کەرکوك وەك شارێکی دێرینی سەر خاکی کوردستان, هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە رۆڵی گرنگی بینیووە لەڕوداوە مێژووییەکاندا لەچاو ناوچەکانی تری کوردستانەوە , ئەویش بەهۆی بایەخی سەربازی وئابووریو هاتو چۆی ناوچەکەوە بووە, بۆیە هەمیشە داگیرکەران هەوڵی داگیرکردنیان داوە, لەبەر ئەوە دەبینین ئەو شارە زۆرترین ماوەی مێژووی لەژێر چنگی رەشی داگیرکەرانی خاکی کوردستان بووە, تاوەکو لە10 نیسانی 2003دا بەئازادی شاد بۆیەوە جا لەو ماوانەدا کە داگیرکەر ناوچەکەی بەڕێوە بردووە, هەمیشە لەهەوڵی کاولکردن وشێواندنی شوێنەوار وگۆڕینی ناوە کوردیەکان وتێکدانی باری نەتەوەی شارەکەدا بووە, ناحەزانی ئەم خاك وئاوە ویستویانە ئەم شارە لەسەر نەخشەی کوردستان بسڕنەوە و خەڵکەکەشی قڕ بکەن لەو پێناوەشدا هەوڵی جدی دراوە بەتایبەتی لەسەر دەستی دەسەڵاتی ناڕەوای حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق. بۆیە ئێمە چەند لەسەر کەرکوك وکورد بوونی کەرکوك بنوسین هێشتا کەمە, ئەمەش هەوڵێکی کەمەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت وخێرایە سەبارەت بەناوو بنیادنان وجوگرافیاو کورتەیەکی مێژوی کەرکوكو شێواندنی باری نەتەوەییو سنوری جوگرافی, کارگێڕی پارێزگای کەرکوك.



## ناووجوگرافیاو کورتەیەکی مێژووی پارێزگای کەرکوك:

**بۆئەوەی بابەتەکە بەشێوازێکی ورد بخرێتە روو, پێویستە بیکەین بەچەند تەوەرەیەکەوە**

**باسی یەکەم: بنیادنانو ناوی کەرکوک**

**أ/ دروست بوونی شاری کەرکوك:-**

مێژووی دروست کردنی کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ چەرخێکی ئاڵۆز , بەڵام قەڵاکەی بەڵگەی ئەوەیە کەکەرکوك شارێکی گرنگی مێژوویە, کەلە ماوەی گەشەکردنی شارستانیەتی (وادی رافیدین) دا دروست کراوە.([1]) کەنزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەبێت .([2]) لەسەر دروست بوونی شاری کەرکوك بیروبۆچونی جیاجیا هەیە لەم باسەدا بەکورتی چەند بۆچونێك دەخەینەروو لەوانە :-

یەکەم:- گۆتیەکان یەکەمین نەتەوەن کەبنیادی شاری کەرکوکیان ناوە ([3])و خاوەنی راستەقینەی کەرکوکن کە سۆمەری وئەکەدی دان بە ناوچەو مەملەکەتێکی گۆتی دا دەنێن کە پایتەختەکەیان (ئاراپخا)

---

[1] عونی الداودی: کرکوك المدینة الضاحکة بالنار والنور، منشورات مکتب الفکر والتوعیة، سلیمانیة، 2002، ص3.

[2] هاشم عاسی: کەرکوك کوردستانو چەند سەرچاوەیەك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە4ی ساڵی چوارەم بەهاری 2003، ل73.

[3] عونی الداودی: سەرچاوەی پێشوو، ل 3.

بووه .([4]) هەروەها مێژوی ئاوەدانی شارەکە بۆ ساڵانی نێوان (4500-3500 پ.ز) دەگەڕێتەوە, کاتێك دانیشتوانی رەسەنی کوردستان لەپێدەشتی ئەمڕۆی شارەکە لەسەر قەڵای کەرکوك بنیادی کەرکوکیان ناوە لەژێرناوی (ئارا پخا- Arrapha).([5])

دووەم :- مێژوی بنیادنانی شاری کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی کلدانیەکان , لەسەردەمی (بەخت نەسرم)دا , بۆیە لەمێژویکلدانیەکاندا شاری کەرکوك بە( ئارفە - ئارەفە ) ناو براوە.([6])

سێیەم:- بۆچونێکی تر دەڵێت: یەکەم خشتی ئەم شارە بەدەستی (لۆلۆیەکان) دانراوە ([7]) د.کەمال مەزهەر لەگەڵ ئەم بۆچونەیە و دەڵێت لۆلۆیەکان شاری کەرکوکیان بنیادناوە ([8])

چوارەم :- شاری کەرکوك لەسەردەمی مەلیکی ئاشوری (سردناپاڵ) ئاشور پانیاپاڵ بنیادنراوە ([9]) هۆکاری دروست کردنی کەرکوك

---

□ د. شاكر خضباك: العراق الشمالي دراسة لنواحة الطبيعة والبشرية، ط الاولى، بغداد 1973، ص164.

□ د. جمال رشيد: كركوك في عصور القديمة، ط الاولى، اربيل 2002، ص28.

□ لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك بەرگی یەکەم، دەزگا چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2002، ل 17.

7 هاشم عسی: کەرکوك کوردستانو چەند سەرچاوەیەك، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە4ی ساڵی چوارەم بەهاری 2003، ل72.

□ كركوك وتوابعها- الحكم والتاريخ والضمير، الجزء الاول، مطبعة (رينونى) ص5-6.



لەلایەن (سردناپاڵ)ەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکێك لەفەرماندە سەربازیەکانی مەلیك کە"میدی" بووە لەدەسەڵاتەکەی هەڵگەڕاوەتەوە, بۆیە دووری خستۆتەوە لەکار, پاشان فەرمانی دروست کردنی ئەم شارەی داوە, دواتر ناونراوە کەرکوك لەکوڕە باگرمی پیاوێکی کردە دەستەڵاتدار بەناوی گرمی لەم شارەدا , ئەو کاتە (1000) هەزار ئاشوری برد تیایدا نیشتە جێی کرد زیاتر شارەکەی گەورەتر کرد وبایەخی پێدا .([10]) بەلاّم پێدەچێت بۆچونی یەکەم لەهەمویان راستر بێت.

### ب/ ناوی کەرکوك لەسەر چاوە مێژوویەکاندا:-

لەبەر ئەوەی شاری کەرکوك مێژوویەکی درێژی هەیە لەسەر چاوە مێژووییە کۆنەکاندا بەچەندین جۆر ناوی هاتووە لەهەر سەردەمێکدا ناوێکی لێ نراوە, ئەم ناوە زۆرانەی کەرکوکیش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەو شارە کەچەندین هێزی داگیرکەر پەلاماری داوە وهەر داگیرکەرێك ناوێکی بەسەردا سەپاندووە, بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین ناوە جیاجیاکانی کەرکوك لەهەر سەردەمێکدا بخەینە روو , کۆنترین ناوێك کەبۆ کەرکوك بەکار هاتووە لەخەتی بسماری ئەکەدی (2530-2473پ.ز)هاتووە , ئەم ناوەش تاسەردەمی میدیەکان هەر مابوو.

---

ني عبدالرزاق الحسني: الموجز التاريخ البلدان العراقية، ط 3، سوريا 1933، ص185.

بربر عبدالرزاق الحسني: العراق القديما وحديثا/ ط 3، مطبعة العرفان، 1958، ص217.

([11]) بەلگە مێژووییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە (ئارابخا ) یەکەم ناوی کەرکوکە وەك لەنوسراوێکی مێخیدا کەلەبەشی خوارووی قەلاّی کەرکوك لەساڵی 1923 دۆزرایەوە لەپارچەی (51) کەهی هەزارەی دووەمی پ.ز(يرتر) د.شاکر خصباك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەسۆمەری وئەکەدی دان بەناوچەیەکی (گۆتی)دا دەنێن کەپایتەختەکەیان ( ئارابخا) بووە کەدەکەوێتە نزیك کەرکوکی ئەمڕۆوە(سمتر) هەروەها لەدەنگو باسەکانی حامورابی ساڵی (1750 پ.ز) ناوی کەرکوك بە (ئارابخا) هاتووە(شمتر) لەسەرچاوە بابلیەکاندا بە (أمیخە) یان (عرفە) هاتووە (لهتر) لەمیژوی کلدانیەکاندا لە ماوەی

ترتر جمال بابان : الأصول الاسماء المدن و المواقع العراقية, جزء الاول, بغداد, 1976, ص290. هةروةها برِوانة د. نوری تالَةبانی, منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي, ص12.

يرتر عبد الرقيب يوسف : المعالم الاثرية و التراثية في مدينة كركوك, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(1),ساڵی سێیەم ,هاوینی 2001, ل105 .هەروەها بڕوانە محمد صالح, خانوی کەلەپوری میکائیل لەقەلاّی کورکوك, گۆڤاری هەزار مێرد , ژمارە16ی ساڵی 4 ی حوزەیرانی2001,ل70.

سمتر العراق الشمالی, سەرچاوەی پێشوو, ص 164.

لتر ئەژی: مێژووی هونەری بیناسازیو نەخش ونیگاری ناوچەی کەرکوك ,بەشی دووەم , گۆڤاری هەزار مێرد , ژمارە16ی ,ساڵی چوارەم , حوزەیرانی 2001,ل33 .

لهتر توفيق وهبي: اصل اسم كركوك, جريدة الاتحاد, عدد, 334, جمعة,1999/1/12, سنة الثامنة, ص10.



نێوان ساڵانی (4500- 400 پ.ز) کەرکوك بە (ئارفە ) یان ( ئارەفە) ناوبراوە(لتر) لەسەرچاوە ئاشوریەکاندا بە (أربخا) هاتووە(لتر) وڵاتی میسۆبۆتامیا لەساڵی (33 پ.ز) کەوتە دەست ئەسکەندەری مەکدۆنی کوڕی فلیپ , کە ئەسکەندەر مرد مەملەکەتەکەی دابەش بوو بۆسەر سێ سەرکردە (بطلموس- سلوقس- نیگیفونس) کەرکوك بو بە بەشێکلەدەسەڵاتی (سلۆقس) لەو سەردەمەدا گەشەی کردو دواتر بە(کرخ- سلوخ ) ناسراوە وەك لەسەرچاوە ئارامیەکاندا بە( کرخ – دبیت سلوخ ) ناوی هاتووە(تحتر) هەروەها سلۆقس ناوی لە سەرچاوە ئارامیەکاندا بە(کرخا- دبیت- سلوخ) کەیەکێکە لەو فەرمان ڕەوایانە کە لە نێوان ( 312-175 پ. ز) هاتووە فەرمان ڕەوایەتیان کردووە, بەڵام ئەو ناوە لەسەردەمی (سلۆقس کالێکۆس) 226 پ. ز بووە (نحتر) ووشەی (کرخ سلخ) لەواژەیەکی ئارامی (کەرخابت سلوخ) داڕێژراوە کەبە مانای ("شار" یان قەلاّی سلۆقس) دەگەیەنێ (بربر) لەسەرچاوە

لتر لەتیف فاتح فەرەج : کورد وکەرکوك , گۆڤاری پەیڤین , ژمارە 2 ی ئۆکتۆبەری 1997, ل59 .

بيتر جمال بابان: هەمان سەرچاوەی پێشوو, جزئی یەکەم, ل190. هەروەها بڕوانە گۆڤاری هەزار مێرد, ژمارە 16, ساڵی چوارەم , حوزەیرانی 2001,ل68.

لتر ليلى نامق جاف: كركوك لمحات تاريخية, منشورات خبات, هةولێر ,1992 , ص28 .

نيتر د.نوری تالَةبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير الواقع ا لقومي, 1995, لندن, ص13.

بربر عبد الرزاق الحسنى: العراق القديم والحديث, ص218.

ئیغریقیەکاندا بەشێوەی (ئارابخویس )هاتووە(ترير) یەکێك لەو کتێبە کۆنانەی باس لەکەرکوکی کردووە کتێبەکەی (سترابۆ)یە (63- 19 پ.ز) کە نزیك هەولێر بووە (ثرير) لەنەخشەی یونتیجیربە (concon) ولەجوگرافیاکەی بەتلیمۆسدا بە (کرخورا ) هاتووە(سمير) هەروەها (بەتلمۆس گاودی) ناوی کەرکوکی بە (گوڕگوڕ ) یش ئەبوە بوو(شمير) د.جەمال رەشید لەگەڵ ئەم بۆچونەیە وبەم جۆرە باس لەناوی کەرکوك دەکات: (( ووشەی (کرکر) بۆ ناڵەی ئاگرەکە بەکار دێت دەلێ پاش ئەو ناوە بووە بە بابەگوڕگوڕ دواتر ووشەکە زیاتر شی دەکاتەوە ودەڵێت: ((گڕ)) لە زمانی کوردیدا واتە بڵێسەی ئاگرو دووبارەبونەوەی ئەو دەنگە واتە گڕەکە پاشان ناوەکە بووە بە ((گڕگڕ))(لهير) وشەی گڕگڕ ووشەیەکی کوردیە لەبڵێسەی ئاگرەوە هاتووە کەئەو ناوچەیە بڵێسەی ئاگری لێبووە , بەڵام باباگوڕگوڕ ناوی ئێستەی کەرکوکە(ير) هەروەها لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کەرکوك بەباباگوڕگوڕیش ناوی هاتووە ,کەدەشێت ناوی کەرکوك لە(گڕگڕ) ەوە هاتبێت کەناوی شوێنێکی ئاگراویە لەنزیك کەرکوك(ير) هەندێ

ترير جمال بابان: سەرچاوەی پێشوو, جزء الاول, ص290.

22 وریا جاف: کرکوك دراسة وسیاسیة واجتماعیة, ص22 .

سمير جمال بابان: سەرچاوەی پێشوو, جزء الاول, ص290.

ير لەتیف فاتح: کورد وکەرکوك, بەرگی یەکەم, ل 15.

لهير دراسات في بلاد سوبارتو, بغداد, 1984, ص30-31.

ير عونی الداودی: سەرچاوەی پێشوو, ص26.

ير جمال بابان: سەرچاوەی پێشوو, هەمان بەرگ, ل289.



مێژوونوس شاری کەرکوك (ئارابخا) بە (منس ) ناو دەبەن لەریزی ئەو شارانەی کە ئەسکەندەری مەکدۆنی پیَی دا تیَپەریوە , لەماوەی داگیرکاریەکانیدا لە ئەڕبیلەوە بۆ بابل (320 پ.ز)(تير) مێژوونوسی رۆمانیش (ئەمیانوس) بەناوی (کارك) ناوی کەرکوکی بردووە, هەروەها (کارشا) کەلە(کەرخا)وە هاتووە باسی کردووە(نير) لەسەردەمی ساسانیەکانیشدا بە (بیث گرمای) هاتووە(بسم) د.جەمال رەشید دەڵێت (بیپ گرمی) ئارامیَیە گۆراوە بۆ(باجرمی) لەعەربیدا وهەر لەسەر شێوەی ناوە جوگرافیەکانیَدا (بیث زیدیتا, بازیدا , بیپ قردو, باقردی, بیث درایە) بووەو چەندین تر, هەروەها لەناوچەی (جرمی ) ووشەی (جرمت) پەیدابووە لەعەرەبیدا کۆی جرامیقەیە کە شیوە کۆنە کوردیەکەی (گەرمیك), کەگۆردراوە بۆ گەرمیانی. واتە خەڵکی وڵاتی گەرمیان(ترسم) هەر لەسەردەمی ساسانیەکاندا بەناوی (کەرکین) و(کۆڕەك) هاتووە واتە گوندە سورەوە کراوەکەی میدیەکان(يسم) لەسەردەمی ئیسلامیدا بەچەندین شێوە ناوی کەرکوك هاتووە وەك (الکرخینی)(سمم) هەروەها لەسەدەی حەوتەمی کۆچیَدا بە (الکرخان و الکرخینی ) ناوی هاتووە(شمم) یەکەم کەس کەباسی

تير جمال بابان: سەرچاوەی پێشوو, جزو الاول, ص290-291.

نير عبد الجبار محمود السامرائی: کەرکوك شاری ئاڵتونی رەش, و: سەلام ,گۆڤاری کەرکوك ژمارە (4)ی ساڵی چوارەم, بەهاری 2003, ل 168.

بسم د.نوری تالَەبانی: منطقة کرکوك محاولات تغییر الواقع و القومي , ص9 .

ترسم دراسات في بلاد سوبارتو,ص29 .

يسم بورهان اسماعیل : ناوی کەرکوك لەمێژوودا , گۆڤاری باباگوڕگوڕ , ژمارە 2 ی هاوینی 2001,ل7 .

سمم جمال بابان : سەرچاوەی پێشوو , هەمان بەرگ, ل290 .

شمم محمد هادی دفتر- عبداللە حسن : العراق الشمالیة ,ص213.

لەنزیکایەتی دووناوی کەرکوك وکەرخینی کردبێت ( هۆفمان ) بووە, بەڵام چۆنیەتی داتاشینی ووشەکەی باس نەکردووە(لهم) رای تۆفیق وەهبی بەم شێوەیەیە ناوی کەرکوك لە (کرەك- قەڵا) وەهاتووە دواجار پاشگری (uk) ی دووجار خراوەتە سەر, ئەوە بوو وتمان لێکداراوی یەکەم لەشێوەی (کەرەك) بوو بەڵام لێکدراوی دیکە بەدرێژایی رۆژکار پاشکۆی ( uk) ی خراوەتە سەر کەبۆ بچوکی وخۆشەویستی ودەلالەت بەکار دێت. واتە لێکدراوی یەکەم (کی رەسمی) وناوی ئێستای کەرکوکیش بەم شێوەیەی ئێستا لەسەر ئەم بنەمایە جێگیر بوو(سم) کەریم زەند سەبارەت بەناوی کەرکوك دەڵێت: کەرکوك واتە ( کار+ کۆك) (کار) واتە ئیش وە(کۆك)یش واتە گەورە ,واتە ئیشێکی گەورە ئەو دەڵێ کار لەسەردەمی ئاشوریەکاندا بەمانای ئیش بەکار هاتووە, کۆکیش واتای گەورە دەگەیەنێ ئەگەر (کەر-واتە قەڵا)بێت (کۆکیش واتە گەورە) ئەوا دەبیتە (قەڵای کۆك) یان (کارکۆك)(سم) بەڵام بۆ یەکەم جار ناوی کەرکوك لەسەدەی (9)یەمی کۆچیو سەدەی (15)یەمی زاینیدا بەکار هاتوە(تسم) لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەو راستیەیە کە بنەڕەت وناوی کەرکوك بەچەند دەورێکی مێژوویدا تێپەڕ بووە, کەلەگەڵ گۆڕانکاریە مێژوویەکاندا گۆڕان بەسەر ناوەکەیدا هاتووە وەك(کەرخو, کرکی, کرخا, کەرەك, کەرخ, کەرخی,

لهم جمال بابان: سەرچاوەی پێشوو, ل292 بۆزانیاری زیاتر بڕوانە د.نوری تاڵەبانی , گۆڤاری پەیڤین ژمارە(1)ی ساڵی یەکەم,1997,ل2 .

سم د.نوری تاڵەبانی : ناوچەی کەرکوك و هەوڵدان بۆ گۆڕینی واقعی نەتەوەی , گۆڤاری پەیڤین, تەموزی 1997, ل2.

سم کوردستانی پەرت کراو , چاپی یەکەم , سلێمانی , 2002, ل108 .

تسم کوردوکەرکوك, بەرگی یەکەم,ل25 .



کەرخ سلوخ, کرڕ, گرگر, کەرخینی ,کەرخی ,ئەربەخ, ئەرەنجا, عەرەفە, کەرخۆرا , کۆرکورا ,کەرکینی, ئەراغبویس... هتد(نسم) بەڵام کەرکوك وباباگوڕگوڕ وکارکۆك ناوی ئێستای کەرکوکن. ئەبێت ئەوەش بزانین کەکۆنترین ناو بۆ کەرکوك لەمێژودا (ئاراپخا)یە[40] .

**باسی دووەم:**

## أ/ سنوری جوگرافیای کەرکوك:-

کەرکوك گەورەترین شاری باشوری کوردستانە(ترسم) هەر لەسەردەمەکانی بەر لەمێژووەیە شوێنێکی ئاوەدان و گرنگ بووە خاوەنی شارستانیەکی ئاوەدانی وەك (چەرموو, مەتارە, قادشی گەورەو بچوك) بووە , سەرەتای گۆڕانێکی مێژووی گرنگ بووە , کەرکوك بە (ئاراپخا) یان (عەرەفە) ناسراو بوو لەکۆندا چیای حەمرین سنوری بووە , لە رۆژئاواوە روباری سیروان (دیالی) جیای کردۆتەوە , لەخوارووی وڵاتی (حەلوان) و(نوار) , لەسەرویەوە گەیشتۆتە روباری زێی بچوك , کەلەوێ وڵاتی (حەدیاب, ئەربیلا) لەسەر هەردوو زێیەکە بوونەو لە رۆژهەڵاتیەوە گەیشتۆتە چیا سەرکەشەکانی نزیك ووڵاتی زاموا(یرسم) ناوچەی کەرکوك کەوتۆتە نێوان چیاکانی زاگرۆس و

نسم عبد الجبار محمود سامرائی: کەرکوك شاری ئاڵتونی رەش, گۆڤاری کەرکوك , ژمارە(4), ساڵی چوارەم, بەهاری 2003, ل166 .

[40] سەرەڕای ئەوە ناوانەی باسکرا بەعسیەکان لەساڵی 1972دا پاش بەعەرەب کردنی کەرکوك ناوەکەیان گۆڕیو کردیانە پارێزگای (التامیم).

تر وریا جاف: کرکوك دراسة سیاسیة واجتماعیة , ص32.

یر د. جمال رشید احمد : دراسات کردیة في بلاد سوبارتو, ص26-28 .

هـەردوو رووبـاری زێـی بچـوك ودیجلـەو چـیاكانی حـەمرین‌و روبـاری سـیروان(سقم) پارێزگـای كـەركوك ناوچـەیەكی گرنگـی كوردسـتانی گەورەیـە كەدەكەوێتـە خـوارووی كوردسـتانی باشـورەوە(ششم) ئـەم ناوچـەیە رووبەرەكـەی (21000)كـم2یـە (لهم) بـەڵام رووبـەری پارێزگای كەركوك بەپێی سەرژمێری 1947 (20376)كم$^{2}$ بووە(شم) دەكەوێتە نێوان هەردوو هێڵی پانی (34-36)و هـەردوو هێڵی درێـژی (44- 46)(شم) و(1160) پـێ لەئاسـتی دەریـاوە بـەرزە(تشم) ئـاوو هەواكـەی ووشـك وسـەلامەتەو ئاوەكـەی پـاك وسـازگارە گـەرمای لەهاوینـدا دەگاتـە (45$^{5}$) پلـەو هەنـدێ جارسـەرمای تونـدو تیـژی

سم د.نوری تاڵەبانی : منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي , ص9 .

ششم ئـاران : ئارابخـای وڵاتـی كـوردەواری لەمێـژوودا, گۆڤـاری هـەزارمێرد, ژمارە(16)ی ساڵی(4) , حوزەیرانی 2001,ل171.

لهم حكومەتی هەرێمی كوردستان : راگەیاندنی پارێزگای كەركوك چوار ساڵ كار وخزمەت‌و بوژانەوەو ئاشكراكردنی سیاسەتی راگواستن‌و تـەعریب, چاپی یەكەم, سلێمانی, 2000, ل 7.

شم محمد سعید سۆفی : پارێزگای كـەركوك لـەناو پاكتـاوی رەگەزیدا,سلێمانی ,2003,ل45.

شم راگەیاندنی پارێزگای كەركوك , سەرچاوەی پێشوو , ل7.

عبد الرزاق الحسنی: موجز التاریخ البلدان العراقیة, ص 184.



دەبێـت(نشم) رێـژەی بـارانی سـاڵانە لـەم پارێزگایـەدا دەگاتـە (250-600)ملم(برله)

لەسەرەتاوە سنوری سروشتی پارێزگای كـەركوكمان دیاری كـرد. بـەڵام سنوری دەسـەڵاتی بەڕێوبەرایـەتی پارێزگـای كـەركوك بـەم شـێوەیەیە : لـەباكورەوە پارێزگـا (لیـوا)ی هـەولێرو بەشـێك لـە لیـوای سـلێمانی , لەخۆرهەڵاتـەوە لیـوای سـلێمانی و بەشـێك لـەلێوای دیالـە , لەباشـوری خۆرهەڵاتەوە رووبـاری سیروان (دیـالی), لای باشـوری خۆرئـاواوە چیای حەمرین لیوای كەركوك لەبەغداد ودیالـە جیـا دەكاتـەوە. لای بـاكوری خۆرهەڵاتیشـەوە چـیاكانی قـەرەداغ و سـەگرمەو هـەنجیرەو لـەبازیان لیـوای سـلێمانی جیـا دەكاتـەوە (ترله) لیـوای كـەركوك لەسـاڵی 1919 و سـەرەتای دروسـت بـوونی دەوڵـەتی عێراقـەوە ئـەم یەكەكارگێڕانـەی لەسەر بووە :

1- قـەزای كـەركوك ئـەم یەكـە كارگێڕانـەی لەسـەر بـوو: ناحیەی ناوەنـد , ناحیـەی قەرەحسن ,ناحیـەی شـوان, ناحیـەی ئاڵتون كۆپری,ناوحەی (الملحە)

2- حەویجە.2- قەزای چەمچـەماڵ : ناحیـەی ئاخجەلـەر ,ناحیەی ناوەند , ناحیەی سەنگاو .

نشم ئاران: ئارابخای وڵاتی كوردەواری لەمێژودا, گۆڤاری هەزار مێرد, ژمـارە (16), ساڵی (4) حوزەیرانی 2001, ل186.

برله حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان, راگەیانـدنی پارێزگـای كـەركوك, سەرچـاوەی پێشوو, ل7 .

51 – د.نوری تاڵەبانی: كەركوك لەمەوسوعەیەكی عێراقی ساڵی 1947دا, گۆڤاری كەركوك , ژمارە(2)ی ساڵی سێیەم , پایزی 2001,ل5 .

3- قەزای کفری : ناحیەی ناوەند ,ناحیـەی پێبـاز, ناحیـەی قەرەتەپـە, ناحیەی شێروانە .

4- قـەزای دووزخورمـاتوو: ئـەم ناحیانـەی لـەخۆ گرتبـوو: ناحیـەی ناوەنـد, ناحیـەی داقـوق, ناحیـەی قادرکـەرەم , ئـەم دابـەش بـوونی ئیداریـەش بـەردەوام بـوو تاکۆتـایی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەم بەبێ گۆڕان کاری([ێرله])

---

[ێرله] د.خلیـل اسماعیـل محمـد : البعـد القـومی لسیاسـة(الترحیـل و التجمیـع) في محافظة کرکوك, گۆڤاری هاواری کەرکوك , ژمارە(1), ئەیلولی 1999,ل128 .



## ب/پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوك :

پێکهاتـــەی دانیشـــتوانی پارێزگـــای کـــەرکوك, زۆرینـــەی کـــوردەو کەمینەیـەکی تـری تێدایـە لەکلـدان وئاشـوریو جولەکـە و عـەرەب وتورکمان بەپێی ئەوەی لەقاموسی ئیعلامی عوسمانیدا هـاتووە, لەساڵی 1879 دا سـەرجەم دانیشـتوانی (30.000) کـەس بـووە, (2800) موسـڵمان و(400) کلـدانی و(1600) جولەکـە بـووە وە(22.500) کـوردو (7.500) کـەس لەعـەرەب و تورکمـان ویـەهودیو ئاشـوریو کلدانی بوون([سمله]), لەو ماوەیەدا بەوپێ یە کورد لـە75٪ی واتـە(3/4)ی دانیشـتوانی کـەرکوك بـووە وەنەتـەوەکانی تـر لـە25٪ی واتـە (1/4 ) دانیشــتوانی کــەرکوکیان پێکهێنــاوە([شمله]) . لــەو(7500) کەســەش ( 1220) کەسـی جولەکـەو کلدانیـەو(6280) کەسـی تـورك وعـەرەب بوون([لهله]) هاتنی تورکمان وعـەرەب بـۆ کـەرکوك مێژووەکـەی زۆر دوور نیـە هـەردوو نەتـەوە لەئـەنجامی پرۆسـەی داگـیر کاریـدا هاتونەتـە

---

[سمله] فەیسـەڵ دەبـاغ : کوردسـتان لەچـاپکراوی عوسمانییەکانـدا, چـاپی یەکـەم , هەولێر , 2003,ل131 .

[شمله] مەلا جـەمیل رۆژبـەیانی : ترجمـة انـور منـدلاوی: کرکوك في عهـد الاسـتعمار البریطانی والعهود التالیة, مجلة سردم العربی, عدد(2), خریف 2003,ص115.

محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل10.

ناوچەکە د.نوری تاڵەبانی پێی وایە تورکمانەکان لە پارێزگای کەرکوک پاشماوەی هێزی عوسمانی و سەفەوین بەتایبەتی دوای گرتنی بەغداد لەلایەن سوڵتان مورادی چوارەمەوە 1638ز بەبەڵگەی ئەوەی بەشێکیان لەشیعەی قزڵباشن, بەشێکیان لەسوننەی مەزهەبی حەنەفین , بەمەبەستی پاراستنی هێڵی سەربازی وپارێزگاری نێوان ئەستەمبوڵ و بغداد ,بەتایبەتی لەکەرکوک دا( ) هەر بۆیە کەرکوک گەورەترین مەڵبەندی کۆبونەوەی تورکمانە لە کوردستاندا , بەپێی سەرژمێری 1924 تورکمان (23.4٪) ی پارێزگاکە بووە ئەم رێژەیە ساڵی 1957 دابەزیوە بۆ(21.4٪)( ) بەڵام لەئاماری 1977 دا دابەزیوە بۆ(16.75٪)( ) مێژوی هاتنی عەرەبیش بۆسنوری پارێزگای کەرکوک مێژووەکەی دوور نیە لەنیوەی دووەمی سەدەی 19 دا لەسەردەمی مەدحەت پاشا 1869 کەوالی بەغداد بوو خێڵێکی عەرەبی وەك (رەبیعە, بەنی ئەوس,جبور...) دەشتەکانی مەندەلیو بەلەدروزو قزڵرەباتو قەرەتەپەیان گرتەوە ,ئاشکرایە کەمەدحەت پاشاو ئەو والیانەی دوای ئەو هاتن هانی ئەو عەشیرەتە عەربانەیان دا بۆ نیشتە جێکردنیان لەناوچەکەدا تا لەگیروگرفت و شەڕو شۆڕی ئەوعەشیرەتانە رزگاریان بێت. ( ) پاش دروست بوونی دەوڵەتی

له منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومى ,ص15-23.

بي پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا ,ل12 .

تی له منطقة كركوك و محاولات تغير واقعها القومى ,ص15-23.

نی له نەریمان کەرکوکی: کەمینە نەتەوەی وئاینی ومەزهەبیەکانی کوردستان , گۆڤاری بیرو هۆشاری , ژمارە(2), ل89 .



عێراق بەرنامەی دانا بۆنیشتەجێ کردنی عەشائیرە کۆچەریەکان بەگواستنەوەیان بۆ هەندێ ناوچەی هەڵبژاردەی پارێزگای کەرکوك کەدانیشتوانیان کورد بوون , ئامانج لەم کارە گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بوو لەبەرژەوەندی عەرەب ( ) لە ئاماری عێراقدا ساڵی 1922-1924 رێژەی دانیشتوانی عەرەب 19٪ بووە لەلیوای کەرکوکدا, لەساڵی 1957 رێژەی عەرەب بووە بە28.2٪, لەسەرژمێری 1977 دا رێژەیان بووە بە44.4٪ ( ) ئاشکرایە ئەم رێژە زیاد بوونەی عەرەب لەپارێزگای کەرکوکدا گەلێ هۆکاری سیاسیو ئابووریو سەربازی هەبووە , بەهۆی دروست کردنی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك ساڵی1927 چەندین ماڵی عەرەب و خەڵکی تریان هێنایە کەرکوك , بەمەبەستی دامەزراندیان لە کۆمپانیادا . ساڵی 1934-1936 بە هۆی دروست کردنی پرۆژەی ئاودێری حەویجەو زیاتر لە (27000) هەزار عەرەبیان هێنایە ناوچەکە لەعەشیرەتەکانی (عوبید,جبور, ابوالحمدان ...هتد) بۆ تەعریب کردنی ناوچەکە( ) کەمینەکانی تری وەك ئاشوری کلدان وسریانی و جولەکە لە سەرژمێری 1957 2.1٪بوون بەڵام لە ساڵی 1965 رێژەیان بەرز بویەوە بۆ5.4٪ لەسەرژمێری 1977دا

بر د.خليل اسماعيل محمد: كركوك, دراسات في التكوين القومي للسكان , مجلة سردم العربي, عدد(2) خريف 2003,ص15

تر محمد سعيد سۆفی : پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل12 .

یر راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك ,سەرچاوەی پێشوو, ل8.

دابەزیوەتە خوارەوە بۆ 1.7٪(سم) بەپێی راپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلانیش ساڵی 1925 کورد لە63٪ ی دانیشتوانی کەرکوك بووە(شم) بەڵام لەسەرژمێرەکانی دوایدا دەبینین رێژەی کورد بەتەواوی کەمی کردووەو رێژەی عەرەب زیادی کردووە , ئەمەش بەهۆی سیاسەتی بەعەرەب کردنەوە بووە بەپێی سەرژمێری 1957 رێژەی کورد لەشاری کەرکوك 48٪بووە ولەساڵی 1977 رێژەکەی دابەزیوە بۆ 37.33٪ (له)

بڕوانە نەخشەی ژمارە (1)

## ج/ ستراتیژیو ئابوری کەرکوك:

کەرکوك بەدەر لەشارەکانی تری کوردستان گرنگی وبایەخی تایبەتی خۆی هەبووە لە رووی مێژوی وسەربازیو ئابوریو جوگرافیەوە...( ) گۆتیەکان خەڵکی رەسەنی ناوچەکەن بەدانپێدانانی سۆمەری و ئەکەدیەکان کە مەملەکەتێکی سەربەخۆییان هەبووە(ئارابخا) پایتەختەکەیان بووە جێگەی ملمڵانێی هێزەکانی ناوچەکە بووە , گۆتیەکان چەند جار هێرشیان کردۆتە سەر ناوچەی سۆمەریەکان

سم محمد سعید سۆفی : پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل12 .

محمد سعید سۆفی: سەرچاوەی پێشوو, ل 12.

له د.منذر الفصل: حقوق الانسان والتنوع ا لاثني لسكان كركوك.مجلة سردم العربي, عدد(2) خريف 2003, ص140.

د.جمال رشيد احمد : درا سات في بلاد سوباتو,ص26- 28 .



( ) ئەم ناوچەیە جێگای بایەخ پێدانی هەموو ئەو هێزو ئیمپراتۆریانە بووە کەویستوویانە داگیری بکەن بەدرێژایی مێژوو, چونکە رێگای گواستنەوەو بازرگانی بووە گەروو ودەربەندی وەك (بازیان , باسەرە, سەگرمە)ی هەبووە لەبەر ئەوە هێزەکانی ناوچەکە سەربازگەی گەورەیان لەناو شارەکەو دەوروبەری دامەزراندووە, بەمەبەستی پاراستنی شارەکەو رێگا بازرگانیەکان, قەڵاکەی بەڵگەی ئەو راستیەیە, هەروە ها خاڵێکی گومرکی گەورە بووە لەو کاروانە بازرگانیانەی کەبەو رێگەیەدا تێپەر بوون لە رۆژئاوای ئەنادۆڵ یان سوریاو بەرەو باشوری رۆژئاوای ئێران ,وەك لەشارەکانی سنەو کرماشان وهەمەدان بەپێچەوانەشەوە (تی) ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کەلەگەڵ پارێزگاکانی سلێمانی وهەولێر و دیالەو موسڵ هاو سنورەو پەیوەندی بەتینی بازرگانی لەنێوانیاندا هەیە, چونکە پارێزگای کەرکوك شوێنێکی ناوەندی داگیر کردووە لەنێوان پارێزگاکانی کوردستان , هەر لەبەر ئەوەش هەوڵی گۆڕینی نەتەوایەتیو بەعەرەب کردنی دراوە (خ) گرنگی و ستراتیجیەتی ئابوری کەرکوك ئەو کات زیادی کرد کەنەوتی تێدا دۆزرایەوە ,هەر لەساڵی 1907 کەزلهێزەکانی وەك ئینگلیز و فەرەنساو ئەمریکاو

بي د.شاكر خصباك: سەرچاوەی پێشوو, ص164 .

منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي ,ص9-10

نی محمد عبدالله عمر: امن القومي الكوردي الارض محافظة كركوك الزراعية, گۆڤاری هاواری کەرکوك , ژمارە(1)ی ساڵی یەکەم ایلولی 1998, ل139.

ئەڵمانیاو چەند کۆمپانیایەکی تریش کەوتنە پێشبڕکێی یەکتری, بەڵام ئینگلیز توانی ئەم گرەوە بباتەوە ( ) سەرەڕای گرنگی شوێنی جوگرافی پارێزگای کەرکوك کە مەڵبەندی ئابوریە لەپاش دۆزینەوەی نەوت لەساڵی 1927 ( ) هەروەها کەرکوك سەرچاوەو شادەماری ئابوری عێراقە ( ) پارێزگای کەرکوك کەوتۆتە ناوەندی تەختایەکی فراوانی دەریاچەی نەوت کەدادەنرێت بە دەوڵەمەندترین دەریاچەی نەوت لەجیهان دا, چاڵگەی کەرکوك درێژترین وگەورەترین چاڵگەی نەوتی جیهانە ( ) چاڵە نەوتیەکانی کەرکوك لەنێوان ساڵانی (1927 - 1974) پتر لە (70.2) ی نەوتی عێراقیان بەرهەم

---

عبداللە غەفور: نەفت لە کوردستاندا , جوگرافیای ئابوری, چاپی دووەم, سلێمانی2002, ل122 .

د.خليل اسماعيل محمد : ا لبعد القومي لسياسة الترحيل في محافظة كركوك , گۆڤاری هاواری کەرکوك , ژمارە(1)ی ساڵی یەکەم , ایلولی1998 , ل128 .

أمين قادر مينە: ئەمنی ستراتیجی عێراقو سێکوچکەی بەعسیان, تعريب- ترحيل- تبعس, چاپی دووەم , سلێمانی 1999, ل155.

سم ئاران: ئاراپخای وڵاتی کوردەواری لەمێژودا , گۆڤاری هەزار مێرد , ژمارە(16),ل17.



هێناوە ( ) لەبەر ئەوە کانەکانی کەرکوك (باباگوڕگوڕ) یەکێکە لەگەورە ترین مەیدانی نەوت لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وجیهاندا ( ) هەروەها کەرکوك سەرەڕای نەوت گەلێ کانی تری کانزایی تێدایە وەك کانی بەردی رەشی خەڵوز وبەردی خانوو, وەك گەچ وقسڵ وحەلان وچیمەنتۆ ومەڕمەڕ وبەردی (موزامیك) بۆ کاشی وکانی خوێ..هتد. ( ) لەرووی کشتوکاڵیەوە بەهۆی بوونی دەشتایەکی فراوان کەلەهەر چوار لاوە بەربلاوە یەکجار بەپیت وبەرەکەتە بەهۆی ئەو بارانەی لەزستان وبەهاردا دەبارێت وزەوی ئاو دەدات جگە لەبوونی روبارێك لەسنوری لیواکەدا وەك خاسەو سیروانو زێی بچوكو ئاوە سپی ( ) لەبەر ئەوە چەندین بەرهەمی کشتوکاڵی وەك دانەوێڵەو پاقلە وکەتان وکونجیو گوڵەبەڕۆژەو پەموو مەرەزەو باخاتی لێ دەکرێ ( ) گرنگترین بەروبومی کشتوکاڵی پارێزگای کەرکوك دانەوێڵەیە بەتایبەتی گەنم کەبەگەنمی کوردی بەناوبانگە,

---

شم محمد سعيد سۆفی : پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا,ل17 .

له د.عبداللە غفور: سەرچاوەی پێشوو, ل122.

عبداللە عبد الكريم مارف بەرزنجی: کارکۆك لەمێژوودا , ل91-92.

د. نوری تاڵەبانی : کەرکوك لەمەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی 1947 , گۆڤاری کەرکوك , ژمارە(2)ی ساڵی سێیەم, 2001,ل5-6.

تی عبداللە عبد الكريم مارف بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو,ل78-82 .

لەڕوی سامانی ئاژەڵداریشەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە[1] گرنگی کەرکوك هەربە شوێن وجوگرافی ونەتەوەکەی نەبوو بەڵکو گرنگی بەلایەنی (ئەثنوگرافی)ش دراوە بەوپێ یەی کەجێگای لێکدانەوەی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانە, کە کورد زۆرینەی ئەو دانیشتوانەی پێکهێناوە , پێکهاتەیەکی ئاوها لە رووبەرێکی فراوان پڕ لەفیکری جیاواز بووە جێگەی گرنگیدانی بەرپرسان بووە , ئەو پێکهاتە نەتەوەییە بووە هەژانی بەرپرسانی بەغداد بۆیە هەر لەدروست بوونی عێراقەوە بەرنامەو پلانیان دانا بۆ گۆڕینی باری دیموگرافی و نەتەوەیی لەبەرژەوەندی عەرەبدا [2]

**باسی سێیەم:- کورتەیەکی مێژووی ناوچەی کەرکوك:**

مێژووی ئاوەدانی شارەکە بۆ سالآنی (4500- 3500پ.ز) دەگەڕێتەوە وکاتێك دانیشتوانی رەسەنی کوردستان بەبەرزی (290) پێ لەپێدەشتی شارەکە لەسەر قەڵای کەرکوك بنیادی شاری کەرکوکیان لەژێر ناوی (ئارابخا - Arrapha) دانا[3] شاکر خصباك دەڵێت: مێژوونوسان کۆکن لە سەر بوونی گەلێك لەناوچەکەدا بەناوی گۆتی کەناوچەیەکی رەسەنی کوردە لەنێوان دیجلەو زێی بچوك وڕووباری

[1] د. نوری تاڵەبانی : کەرکوك لەمەوسوعەیەکی عێراقی ساڵی 1947 , گۆڤاری کەرکوك , ژمارە(2)ی ساڵی سێیەم, 2001,ل7 .

[2] د.خلیل اسماعیل محمد : مؤشرات سیاسة التعریب والتهجیر في اقلیم کوردستان العراق, مطبعة جامعة صلاح الدین, اربیل, 2001,ص12 .

[3] د.جمال رشید احمد : کرکوك في عصور القدیمة , ص28 .



دیالەدا, سەرچاوە سۆمەریەکان ئاماژە بەوە دەدەن کەهەمیشە شەڕو ناکۆکیان هەبووە لەگەڵ گۆتیەکان کەبەردەوام هێرشیان کردۆتەسەر شارە سۆمەریەکان ,لەهەمان کاتدا سۆمەریو ئەکەدی دان بەمەملەکەتی گۆتی دادەنێن کەپایتەختەکەیان ئارابخا بووە [1] لەماوەی (2230- 2120 پ.ز)دا گۆتییەکان توانیان دەست بگرن بەسەرناوچەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق دا وکیانی سیاسی ئەکەدی لەناو بەرن [2] فەرمان ڕەوای گۆتی زۆربەهێز بووە, سۆمەریەکان باج وخەرجی گرانیان بۆ ناردوون شاری کەرکوکیان کردۆتە بنکەی بەرێوبەرایەتی کاروباری دەوڵەتەکەیان , لەماوەی (91) ساڵی حوکمیاندا , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەڕێوەبردنی رێکوپێکیان هەبووە تەنها پشتیان بەشەڕ نەبەستووە لەژیانیاندا[3] لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پیش زاینیدا حوریەکان هاتنە ناوچەکەوە (ئارابخا)یان کردەپایتەختی خۆیان[4]پاش هێرشی حثیە کان دەرکردنیان لەناوچەکە یەکەمین پاشای میتانی بۆ فراوان بوونی دەسەڵاتەکەی دەستی بەسەر شاری (نوزی)ی* کەرکوك دا گرت

[1] العراق الشمالی, سەرچاوەی پێشوو, ص164 .

[2] ئەژی : مێژووی سەردەمی کارگێری و بەرێوبەرایەتییەکان ناوچەی کەرکوك, بەشییەکەم, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(4)ی ساڵی دووەم بەهاری2001,ل23.\

[3] ئێ ئێم, دیاکۆنۆف. و: بورهان قانع, میدیا, چاپییەکەم, دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی , بغداد, 1987,ل165 .

[4] وریا جاف : سەرچاوەی پێشوو, ص19 .

*(نوزی) یەکێکە لەشوێنە دێرینەکانی کوردستان لەنزیك کەرکوکی ئەمڕۆ.

خستىیە سەر سنوری قەڵەم ڕەویەکەی([تى]) پاش ئەوە(تکلست نزت) یەکەم پادشای ئاشوری (1218-1255 پ.ز) (ئارابخا) ی داگیر کرد([تى]) لەسەرچاوە ئاشوریەکاندا کەرکوك ناوەندی پەرستگای خواوەند (ئەدد) بووە کەخوای باران وهەورەبروسکە بووە , هەروەك لەمیلیکی سەرکەوتندا هاتووە , کە پاشایەکی بابلی باس لەگرتنی ئارابخا دەکات بەم ووشانە (( چوومەکیرخۆ ئارابخا هەردوو قاچەکانی خواوەند ئەدەدم ماچ کرد کاروباری وڵاتم ڕێکخستەوە )) لەمەوە دەردەکەوێت کە کیرخۆ ئارابخا بەواتای پەرستگا یان کۆشك دێت, ([تتى]) هەروەها کەرکوك لەناوە ڕاستی هەزارەی دووەمی پ.زدا پەرستگای خوا( ئەناهیتا) ی ئاشوریەکان بووەو لەڕووی تەلار سازییەوە لەسەردەمی (سردناپاڵ) ئاشور پانیپاڵ دا گەشەی کردووە([نتى]) بەڵام دوای ئەوە (615 پ.ز) مەلیکی میدیەکان (کەیخەسرەو ) کیاخسار توانی ئارابخا بگرێت وەك ڕێگەیەك بۆ داگیر کردنی(نینوی) بەهاوکاری هاوپەیمانەکەی (بنو خزنسر کوڕی نبوبلاسری کلدانی ) بابلی 612 پ . ز ([برنى]) لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیای کوردییدا

---

[تى] جمال رشید- فوزی رشید: التاریخ الکرد القدیم, ص72-73.

[تى] ووریا جاف : سەرچاوەی پێشوو, ص19 .

[تتى] روفائیل , محمد صاڵح کریم: خانووی کەلەپوری میکائیل لەقەڵای کەرکوك ,, گۆڤاری هەزارمێرد , ژمارە(16)ی ساڵی(4) , حوزەیرانی 2001,ل68.

[نتى] عبد الرقیب یوسف : بەرگری لەقەڵای کەرکوك و هەندێ زانیاری شوێنەواری نوێ لە قەڵای کەرکوکدا, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(1)ی هاوینی 1999,ل68.

[برنى] ووریا جاف : سەرچاوەی پێشوو, ص20.



کەرکوك یەکێك بووە لەمەڵبەندە گرنگەکانی شارستانیەت لەسنوری ڕۆژهەڵاتی ئەم ئیمپراتۆرەدا, بەمانایەکی تر ئەگەر شاری کەرکوك بوبێتە ناوەندێکی ساترابی میدیا لەسەدەی حەوتەمی پ.ز دا ئەوا (ئیتثکیث) دەبێ لەم ماوەیەدا بەفەرمانی میدیا تێدا ئارامی گرتبێت تێکەڵ بوونی ڕۆشنبیری نێوان هەردوو توێژەکە لەدانیشتوانەکان کارێکی سروشتی بووە, چونکە هەردوکیان بەڕەگەزو زمان نەژادی ئێرانین([ترنى]) ساڵی 331 پ.ز ئەسکەندەری کوڕی فلیپی مەکدۆنی لەهێرشێکدا هەخامەنشی تێك دەشکێنێ و ولاتی بابل داگیر دەکات ([يرنى]) بەمەش کەرکوك بووە بەبەشێك لەسنوری دەسەڵاتەکەی , کەئەسکەندەر مرد , وڵاتەکەی دابەش کرایە سەر (بەتلیمۆس و ئەنتیفۆنس و سلۆقس ) کەرکوك بووە بەشی سلۆقس , ئەویش هەستا بەڕوخاندنی خانووە کۆنەکان و دروست کردنەوەی بەشێوەی تازەو دروست کردنی شورەیەکی فراوان بەدەوریدا([سمنى]) کەرکوك هەر لەسەردەمی دەوڵەتی سلۆقسدا پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە, (سلۆکی یەکەم 312-281پ.ز) بایەخی زۆریپێداوە([شمنى]) لە سەردەمی یۆنانی تا(250 پ.ز ) درێژەی کێشاو شارستانییەتی ( هیلینی) و زمانو کلتوری یۆنانیش لەناوچەکەدا بڵاو بویەوە([لهى]) بەڵام لەسەردەمی

---

[ترني] د.جمال رشید احمد : کرکوك فی عصور القدیمه , ص30.

[يرني] د.جمال رشید احمد- د.فوزی رشید: التاریخ الکورد القدیم, ص119.

[سمنى] عبد الرزاق الحسنی :العراق القدیم والحدیث,ص218.

[شمنى] عبد الرقیب یوسف : سەرچاوەی پێشوو,ل68.

[لهى] د.جمال رشید احمد- د.فوزی رشید: التاریخ الکورد القدیم, ص119.

ساسانىيەكاندا دواكەوت چونكە كوشتارى دڕندانەيان لە دانيشتوانەكەى كرد , بۆنمونە سەرچاوەكانى كلێسە دەڵێن: شاپورى دووەم سەدان مەسيحى لەدانيشتوانى قەڵاو ناوچەكانى دەوروبەرى لەبەردەم كلێسەى كەركوكدا كوشت لەكاتێكدا خەڵكى ناوچەكە باوەڕيان بەئاينى مەسيحى هێنابوو(ﻰ) لەهەمان كاتدا ساسانييەكان لەناوچەى كەركوك كاريگەرى گەورەيان بەجێهێشت بەتايبەتى لەرووى جىَبەجىَ كردنى ئاينى زەردەشتى كەتاوەكو ئێستا كاريگەرى خۆى هەرماوە(ﻰ) لەسەرەتاكانى سەردەمى ئيسلاميدا داقوق لكێنرا بەويلايەتى كۆنەوە تا سەردەمى ئەمەوىو عەباسى بەو شێوەيە مايەوە, لەمەوە دەردەكەوێت كەناوچەى كەركوك و دەوروبەرى سەر بەكوفە بوون, بەڵام داقوق ناوچەيەكى گرنگ بووە لەچاو ناوچەكانى ترى دەوروبەرى كەركوكدا(ﺘﻰ) واديارە بەشێك لەناوچەى كەركوك بەهۆى شارى داقوقەوە كەوتۆتە بن دەستى خەلافەت, بەڵام دواتر

---

ﻰ عبد الرقيب يوسف : سەرچاوەى پێشوو,ل68.

ﻰ ئەژى : مێژووى سەردەمى كارگێرى و بەرێوبەرايەتييەكانى ناوچەى كەركوك, بەشىيەكەم, گۆڤارى كەركوك, ژمارە(4)ى ساڵى دووەم بەهارى2001,ل33.

ﻲ هەمان سەرچاوە, ل35.

محمد جميل رۆژبەيانى, مدن كردية قديمة, طبعة الاولى, مطبعة (هةوالأ), سليَمانى, 1999, ص11.



بۆتەوە بەشێك لەقەڵەم ڕەوى ( صلاح الدين الايوبى)(ﯩﯩ) پاش ئەوەكەوتۆتە ژێردەستى ميرنشينە كورديەكانەوە بەتايبەتى ميرنشينى ئەردەڵان(ﯨﯨﯩ) بۆيە شارى كەركوك هەميشە بەشێك بووە لەميرنشينى ئەردەڵان (671-1284ه)و بابان ( 1106- 1267ه) لەماوەى دەسەڵاتياندا , تابووە مەڵبەندى ويلايەتى شارەزوورى عوسمانى تا ساڵى (1879) (ﯩﯨﯩ) هەر لەگەڵ سەرهەڵدانى فراوان بوونى دەوڵەتى عوسمانىو سەفەوى ناوچەكانى كەركوك بووە جێگاى شەڕو ململانێى نێوان ئەو دوو هێزە داگيركەرە, چەندين جار دەسەڵاتيان سەپاندووە بەسەريا.ساڵى 1732 نادرشا لەهێرشێكدا بۆسەر بەغداد شەڕێكى گەورە لەنزيك كەركوك رووىدا تيايدا توركە عوسمانىيەكان تێكشكان. لەشەڕێكى تردا ساڵى 1743 جارێكى تر كەركوك كەوتەوە دەست سەفەوىيەكان , بەڵام دواى بەستنى پەيماننامەى 1746 كەركوك گەڕايەوە ژێردەستى توركەكان ئەم شارە لەژێر دەستى توركەكان دا مايەوە تاداگيركردنى لەلايەن بەريتانياوە لەمانگى مايسى 1918دا (ﯩﯨﯩ) لەگەڵ ئەوەشدا ميرە كوردەكان هەوڵيان داوە خۆيان لەو ململانىيە بپارێزن . بۆيەكاتێك كەركوك لەژێردەسەڵاتى

---

ﯩﯩ د.نورى تاڵەبانى : منطقة كركوك ومحاولات تغير واقها القومي , ص18.

ﯨﯨﯩ د.نورى تاڵەبانى : كانت مدينه كركوك جزاً من إمارتى اردلان وبابان,گۆڤارى كەركوك , ژمارە(2)ى ساڵى چوارەم , پايزى 2002,ل157.

ﯩﯨﯩ د.نورى تاڵەبانى : منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي , ص19.

ﯩﯨﯩ سەردار جەبارى: ئاوڕێك لەرابردوو, گۆڤارى كەركوك, ژمارە(4)ى ساڵى سىَيەم, بەهارى2002,ل145.

ئەردەڵان بووە ساڵی 1691 ز لە زەڵمەوە پایتەخت دەبەنە کەرکوك بۆ ئەوەی زیاتر دوور بکەنەوەوە لەو شەڕانەو کەرکووکیش دەکەنەپایتەخت (سمبرتر) لەسەردەمی (بوداق بن ابدال) دا سەر بەبابانیەکان بووە , لەسەردەمی دوای نەمانی بابانی یەکەمدا, کەرکوك وکفری سەر بەئەمارەتی بابان بوون(شمبرتر) لەسەدەی 18 دا کەرکوك شارێکی سەرەکی ویلایەتی شارەزوور بووە, کە لەلیوای کەرکوك و هەولێرو سلێمانی پێکهاتبوو.

ویلایەتی موسل (1879) پێکهێنرا , لەگەڵ مانەوەی کەرکوك, وەك شوێنێکی گرنگی سەربازی(لهبرتر) سوڵتان عبدالحمید هێزی بەکار هێناوە بۆ چەسپاندنی سوننە گەرایی لەکەرکوك چونکە خۆی سونەیەکی دەمارگیر بوو, بۆیە ناوی کفری گۆڕی بۆ (صلاحیە) بۆ ئەوەی شێوازە کۆنەکەی نەمێنێ (برتر) تورکە عوسمانیەکان پۆست وپلەو پایەیان بەسەرۆکەکانی ئەو بنەماڵە بەرەچەڵ تورکامانانە

---

سمبرتر ئەژی : مێژووی سەردەمی کارگێری و بەرێوبەرایەتیەکان ناوچەی کەرکوك, بەشیەکەم, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(4)ی ساڵی دووەم بەهاری2001,ل43.

شمبرتر د.نوری تاڵەبانی : منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها والقومي, ص 12.

لهبرتر محمد فرج : شاری کەرکوك لەنێوان دوێنیو هەڵوێستی ئەمڕۆی حیزبە کوردستانیەکان, گۆڤاری بابە گوڕگوڕ, ژمارە(3) زستانی 2003,ل3 . یان بڕوانە: سەید هاشم , یاداشتەکانم لەکفری , چاپی یەکەم ,2001,ل8.

برتر د.نوری تاڵەبانی : سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك لەکۆنەوە تا ئەمرۆ,گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(1)ی ساڵی سێیەم , هاوینی 2001,ل5 .



دەبەخشی کەسەر بەخۆیان بوون , سەرەڕای بەخشینی نازناوی باڵا, ئەوبنەماڵانەش پشتگیری عوسمانیو کلتورەکەیان دەکرد.(برتر) ئەم سیاسەتە بەردەوام بوو لەوماوەیەداو بەتایبەتی لەسەردەمی ئیتحادیەکاندا سیاسەتێکی شۆفێنیانەی پیادە دەکرد دەرهەق بەنەتەوە ناتورکەکان.(تیبرتر) کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی کەلقی لەکەرکوك هەبوو(1908- 1918 ) کلتورو زمانی تورکی بەسەر کەرکوکدا سەپاند(تیبرتر) کاتێك شەڕی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا هەرسێ ویلایەتەکە بەسرەو بەغدادو موصڵ کەوتە بەر هێرشی ئینگلیزەکان . دوای گرتنی ویلایەتی بەسرەو بەغداد , ئینگلیزەکان بەرەو موصڵ کشان سەرەتا هاتنە خانەقینەوە , ساڵی 1917 , پاشان لەمانگی مایسی 1918 کفری و تازە و کەرکوکیش داگیر کرا.(برترتر) بەلام پاش (20) رۆژ لە(27 مایس)دا هێزەکانی ئینگلیز پاشەکشەیان

---

بیبرتر د.جبار قادر: التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن خلال فترة,1850-1958, گۆڤاری کەرکوك , ژمارە(3)ی , ساڵی چوارەم, زستانی 2003 , ل.183.

تیبرتر ئەژی: ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی لەناوچەی کەرکوك دا سەریان هەڵداوە, بەشی دووەم , گۆڤاری کەرکوك , ژمارە(3)ی , ساڵی چوارەم, زستانی 2001,ل74.

109 محمد نوری توفیق : کورد وکوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا دا , گۆڤاری پەیڤین, ژمارە(2)ی ئۆکتۆبەری 1997,ل.

برترتر ملاجمیل رۆژبەیانی : كركوك في عهد الاستعمار البريطانى مجلة, سردم العربي ,عدد(2) خريف 2003,ص118.

⋆ علی ئیحسان پاشا بەرپرسی سوپای تورك بوو لە موصڵ

کـرد لەکـەرکوك چـوونە دوز خورمـاتوو پـێش ئـەوە شـێخ مـەحمود نامەیەکی نارد بۆ (وڵسن) عوسمانیـیەکان لەرێگەی (عبـدالله یعقـوب ) ەوە بەوەیان زانـی فـەرمانی گرتنـی شـێخ یـان بـەنهێنی دەرکـرد , بۆیـە ناردیـان بـەدوای شـێخ مـەحمود دا کاتـێ گەیشـتە کـەرکوك گرتیـان و حـوکمی لەسـێدارە دانیـان سـەپاند بەسـەریدا , بـەڵام بـەهۆی هودنـەی (mondrus)و گەڕانـەوەی (عـەلی ئیحسـان)* بـۆ ویلایـەتی موسـڵ شـێخ ئـازاد کـراو گەرایـەوە سـلێمانی. بۆجـاری دووەم ئینگلیزەکـان لـە28 ی تشرینی یەکەم 1918دا شاریکەرکوکیان داگیر کـردەوە, لـەم کاتەشـدا شێخ نامەی نارد بۆ وڵسن تاوەفد بنێرێـت بۆگفتوگۆکردن. (ترترتر) پـاش ئەوە سوپای ئینگلیز هەولێرو ویلایەتی موسـڵ ی داگیر کـرد, هـەروەها بەریتانیا شێخ مەحمودی کردە نوێنەری خۆیان لە سلێمانی و ئەوشـارە بەدەسـتی شـێخەوە بـوو (يرترتر) لەهـەمان کاتـدا شـێخ هـەوڵی دروسـت کردنی حکومەتێکی کوردیدازۆرێك لەسەرۆك عەشیرەتەکانی کـەرکوك پەیوەنـدیان بەشـێخ مـەحمود و شۆڕشـەکەیەوە کـرد. بـۆ نمونـە (ئیبراهیم خانی دەلۆو وەیسی بەگ) پشـتگیری خۆیـان نیشانداوە (سمترتر) جگـە لـە سـلێمانی کـە شـێخ سـەرۆکایەتی دەکـرد ناوچـەیەکی تـری ویلایـەتی موسـڵ ئینگلیـز راسـتەوخۆ خـۆی سەرپەرشـتی دەکـرد

ترترتر ملا جمیل رۆژبـەیانی: کرکـوك في عهـد الإسـتعمار البریطـانی, مجلـة سـردم العربي عدد2 خریف والعهود التالیة, سنة 2003,ص124.

يرترتر د. فاضل حسێن: کێشەی ویلایەتی موصل و: محمد شاکەلی چاپخانەی خـاك, چاپی یەکەم, سلێمانی 1999, ل10

سمترتر مستەفا نەریمان: شۆرشی ابراهیم خانی دەلۆ , بەغداد 1985,ل169.



بەتایبەتی ناوچە نەوتیـیەکانی کەرکوك (شمترتر) بۆیە هـەر سـاڵی 1918 لەکوردسـتانی خـواروو دوو ناوچـەی بەڕێوبەرایـەتی سـەری هـەڵ دا ئـەویش سـلێمانی و موسـڵ بـوون, پاشـان سـاڵی 1919 کـەرکوك جیاکرایەوە کرایە ناوچەیەکی سەربەخۆ پێی دەوترا (لیـوای کـەرکوك) راپـۆرتی بـەریتانیا ئـەوەیان روونکردۆتـەوە کـە ئـەم دابـەش کردنـە بەڕێوبەریـە لەسـەر شـێوەی بنـەڕەتی کـارە جوگرافیـیـەکان بـووە, کەگوایە هـەر یەکـە لەموسڵ و هـەولێرو کـەرکوك, لەناوچـە دەشـتاییە بـەرزەکان بـووە, (لهترتر) دوای شکستی شۆڕشـەکەی شـێخ مـەحمود سـاڵی 1919و بـەدیل گرتنیـو دوورخسـتنەوەی بۆهندسـتان , دوای گەڕانەوەی شێخ لـە رۆژی (22ی ئـەیلولی 1921) داو گەیشـتنەوەی بـە سلێمانی , لە رۆژی 1 ی تشرینی یەکەمی 1921 دا خۆی وەك حـاکمی کوردسـتان ناسـاندو پێکهاتـەی حکومەتەکـەی راگەیانـد, لـەو کاتـەدا سەرۆك خێڵەکانی هەولێرو سلێمانی هاتن بۆ پیرۆزبایی , لـەو هۆزانـەی کـەرکوك ئەمانـە بـوون (شـێخی تاڵـەبانیو داودەو کاکـەییو بەرزنجـەو قەرەحەسـەن و عبیـد و حویجـەو شـوان و جـەباری و شـێخان و بیـات و کانیقـادرو شـێخەکانی ئاوباریـكو ..هتـد) لەگـەڵ چـەندین کەسـانی ناوداری ناو شاری کەرکوك(لترتر) هەرچەندە شـێخ مـەحمود حوکمـداری سـلێمانی بـوو, بـەڵام بـەم ناوچـەیەوە نەوەسـتا , بەمـەش ئینگلیزەکـان

شمترتر د.نوری تاڵەبانی: کانت مدینە کرکوك جزاً من إمارتی اردلانو بابان, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە (2)ی ساڵی چوارەم, پایزی 2002, ل159.

لهترتر د.خلیـل إسماعیـل : البعـد القـومي للـتغیرات في الحـدود الإداریـة لمحافظـة کرکوك,ص38.

لترتر ملا جمیل رۆژبـەیانی: کرکـوك في عهـد الإسـتعمار البریطـانی, مجلـة سـردم العربي عدد2 خریف والعهود التالیة, سنة 2003,ص124.

تەنگەتاو بوون ناچار لە14ی سێبتەمبەری 1922 کۆنگرەیەك لەسلێمانی ببەستن و دان بەمەلیکی شێخ مەحمود دا بنێن , بەڵام شێخ مەحمود تەنها بەمەڵبەندی سلێمانی رازی نەبوو , بەڵکو دەیوست کوردستان رزگار بکات و لەکەرکوکەوە دەست پێ بکات , کەماوەیەك بوو نەوتی لێ دۆزرابویەوە.هەر لەبەرئەوەش ئینگلیزەکان بەرهەڵستی نیازی شێخ مەحمودیان کرد , لەمەوە دەردەکەوێت کەرکوك بایەخی ئابوری‌و سیاسی خۆی هەبووە لای شێخ مەحمود ([1]). شێخ مەحمود دوای پێکهێنانی بەرێوبەرایەتیەکی رێکوپێك هەوڵی دا وردەوردە فراوانی بکات پەلوپۆ بهاوێت بۆ ناوچەکانی تر ئەوە بوو لە 21ی کانونی یەکەمی ساڵی 1922 ئاڵای حکومەتی کوردستانی‌لەناوچەی چەمچەماڵ هەڵکرد ئەوە بوو بڕیاری دابوو کەبچێت بەرەو کەرکوك و بیخاتە سەر نەخشەی کوردستانی خواروو([2]) شێخ مەحمود زۆر داکۆکی لەشاری کەرکوك دەکرد کاتێ تورکەکان و فەیسەڵ و ئینگلیز دەیان ویست کەرکوك لەکوردستان دابڕن شێخ مەحمود دەیگوت (( ئەگەر ئێوە دەڵێن لەوەوپێش شاری کەرکوك دانیشتوانی تورکمان بوون , ئەمجا دەبینین ناوچەکە کورد نشینەو پێویستە لەژێر قەڵەم رەوی ئێمەدا بێت)), سەرئەنجام

[1] د. کمال غەمبار: کەرکوك دڵی زەوت کراوی کوردستانە, گۆڤاری هاواری کەرکوك, ژ 1 ایلولی 1998, ل11.

[2] ئەژی : مێژووی سەردەمی کارگێری و بەرێوبەرایەتیەکان ناوچەی کەرکوك, بەشی‌یەکەم, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە(4)ی ساڵی دووەم بەهاری2001 , ل45-46.



لەدیسامبەری 1922دا دووکەمپی ناوچەی کەرکوکی خستە سەر ناوچەکەی([1]) سەرەنجام لەگەڵ ئینگلیز تێك چوو, کاتێ ئینگلیز کارەکانی خۆی لەکەرکوك جێبەجێ کرد (سید ئەحمەد خانەقا)ی رەوانەی بەسرە کرد لە رۆژی 1923/3/1 لەبەر ئەوەی تەکیەی خانەقا مەڵبەندی کۆبوونەوەی کورد بوو, لەهەمان کاتدا ئینگلیز نەیدەویست مەندەلی تا سنجار و نزیکایەتی حەمرین بکەوێتە دەست حکومەتی کوردی, چونکە نەوت و کانزای زۆری تێدا بوو([2]) بۆیە هەر لەدوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی یەکەمەوە, کەرکوك راستەو خۆ لەرووی کارگێری‌یەوە لەلایەن ئەفسەرە سیاسییەکانی بەریتانیاوە بەرێوە دەچوو([3]) کاتێ لە10ی تشرینی دووەمی 1920دا کە حکومەتی کاتی عێراق لەبەغداد دروست بوو نوێنەری بەرزی بەریتانیا سەرپەرشتی ناوچە کوردی‌یەکانی دەکرد , لەشوباتی 1921دا پارێزگایەکی عێراقی بۆ کەرکوك دانرا لەهەمان کاتدا هەڵبژاردن بۆ پاشایەتی فەیسەڵ دەستی پێکرد , هەولێرو موسڵ دەنگیان بە فەیسەڵدا, بەڵام کەرکوك و سلێمانی دژی بوون([4])

[1] کریس کۆچیرا: مێژوی کورد لەسەدەی 19-20 دا , چاپی یەکەم: محمەد ریانی, چاپخانەی کاروان, تاران, 1369ه. ل121.

[2] ملاجمیل رۆژبەیانی : کرکوك في عهد الاستعمار البريطاني مجلة سردم العربي ,عدد(2) خريف 2003,ص125-126.

[3] محمد سعید سۆفی : پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل11.

[4] د.فاضل حسێن: سەرچاوەی پێشوو , ل24-25.

زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوك دژی ئەوە بوون فەیسەڵ ببێتە مەلیکی عێراق, هەربۆیە کەرکوك نەبووە بەشێك لە دەوڵەتی دروستکراوی عێراق , تادواتر لە ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلانی(مجلس عصبە الامم) لەکۆبونەوەی ژمارە (37) لە جنێف رۆژی 1924/12/16 بڕیاریدا هەموو ئەو خاکەی دەکەوێتە باشوری هێڵی (برۆکسل) ەوە بدرێتە دەوڵەتی عێراقی تازە, بەم جۆرە دوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە لە ساڵی 1925 دا کەرکوك بوو بەبەشێك لە عێراق(سمیرتر) ئەوە بوو لە دیسەمبەری 1924 فەیسەڵ بۆ یەکەم جار بۆ کەرکوك هات ئاڵای عێراقی لەسەر قەڵای کەرکوك هەڵکرد , پاشان چوو بۆ کفری وازی لە چونەکەی هێنا بۆ سلێمانی (شمیرتر) هەر لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی تازە دروست کراوی عێراقدا ساڵی 1921 لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە ساڵی 1925, ئیتر دەوڵەت هەوڵیدا بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەکە لەبەرژەوەندی عەرەبدا (لهیرتر)

لە راستیدا بەریتانیا هەوڵێکی بێ سنوری خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی لەکاتی ریفراندۆمەکەدا خەڵك رازی بکات کە دەنگ بدەن بۆ لکاندنی ویلایەتەکە بە عێراقەوە, ئەوە بوو لەو پێناوەدا بەریتانیا سەردانێکی بۆ شارەکانی موسڵ و هەولێرو کەرکوك بۆ فەیسەڵ رێکخست بۆ ئەوەی دانیشتوانی ئەو شارانە رازی بکات کە ببن بەبەشێك لەعێراق, هاتنی فەیسەڵ بۆ کەرکوك بۆ هەڵکردنی ئاڵای عێراق لەسەر کۆشکەکانی شار, خەڵکی کەرکوك نەك هەر بەوە رازی نەبوون بەڵکو

---

سمیرتر محمد سعید سۆفی : سەرچاوەی پێشوو,ل11.

یرتر کریس کۆچیرا: مێژوی کورد لەسەدەی 19-20 دا, ل135.

لهیرتر د.خلیل إسماعیل محمد : مؤشرات سیاسیة للتعریب والتهجیر في اقلیم کوردستان العراق, ص10 , مطبعة جامعة صلاح الدین, اربیل, سنة2001, ص10.



دەنگیان بە فەیسەڵ نەداو نەیان ویست ببن بەبەشێك لە عێراق (یرتر) لە لایەکی ترەوە بەریتانیا سلێمانی وکەرکوکی بە عێراقەوە بەستەوە,بەو مەرجەی مەلیك فەیسەڵی یەکەم ئیمزا لەسەر هەندێ مافی کورد بکات, بەڵام ئەوانە هەمووی مەرەکەبی سەر کاغەز بوون(یرتر)دۆزینەوەی نەوت بە رێژەیەکی زۆر لە کەرکوك بووە هۆکاری سەرەکی بەستنەوەی کەرکوك وەك بەشێکی ویلایەتی موسڵ بەعێراقەوە.(تیرتر) بەهۆی دروست کردنی کۆمپانیای نەوت لە کەرکوك لەساڵی 1927 چەندین هەزار ماڵی عەرەب و خەڵکی تریان هێنایە کەرکوك ,بەمەبەستی دامەزراندیان لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوکدا.(نیرتر) دروست کردنی ئەم پیشە سازیە نەوتیانە لەکەرکوك بووەمایەی گۆڕانێکی گەورە لەبواری کۆمەڵایەتیو نەتەوەیدا, چەندین گەڕەکی تازە بۆ ئاشوری و ئەرمەنی و عەرەبی هاوردە دروست کران ,لە هەمان کاتدا کۆمپانیاکە کرێکاری کوردی کەمتر وەردەگرت ,هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری دەرەوەی پارێزگاکە بۆ ناو شار هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بە عەرەب

---

یرتر د.نوری تاڵەبانی : کێشەی کوردستانی باشور لە چوارچێوەی قانونی دەولیدا, گ, کرکوك, ژ2ی ساڵی دووەم پایزی 2001, ل16.

بیرتر محمد جمیل رۆژبەیانی: مجلة سردم العربي, عدد2 خریف 2003,ص 127.

یرتر د.نوری تالَەبانی : منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومي , ص38.

نیرتر راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك : سەرچاوەی پێشوو, ل8.

کردنیناوچەکەبوو(بیسمتر)بۆیە دەوڵەت کەوتە هاندانی خێڵە عەرەبەکان کە کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی سنوری پارێزگای کەرکوك . ساڵی1929 (کەنعان صدید )بە پشتگیری دەسەلاتی حکومەتی عێراق ڕوویکردەگوندی (شەعەل و گورگە ) تا ساڵی 1930و1935 حکومەت بەردەوام یارمەتی خێڵە کۆچەریە عەرەبەکانی دەکردوهانی دەدان کەوا روو لە کەرکوك ودەوروبەری کەرکوك بکەن وتێیدا نیشتە جێ بن. دواتر حکومەت بەرەسمی دەستی بە پرۆژەیەکی ئاودێری کرد کە بەمەبەستی نیشتە جێ کردنی عەرەبە کۆچەریەکان وەك پرۆژەکانی (الطيفة, الرحيله, الميب, الحويجه, مشروع الجزيره) (تیسمتر) بێگومان ئەم سیاسەتەی نیشتە جێ کردنی عەشائیریعەرەب لە پارێزگای کەرکوك بووە کاری ڕەسمی دەوڵەت بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمی مەلیك غازی و ڕۆژانی وەزارەتەکەی (یاسین هاشمی ) ئەو سیاسەتەش خۆی لە پرۆژەی (حەویجە) دا بینیوە کەساڵی 1937بەناوی پرۆژەی ( أراض الوحدات الإستثمارية ) زەویەکانی یەکەی بەرهەم هێنانەوە, پتر لە (20) هەزار خێزانی کۆچەری عەرەبی (عوبێدو جبورو ئەبوالحمدان وتکریت ودۆرە)ی هێنایە دەشتەکانی حەویجەو ناحیەی (تاووخو تازە خورماتوو) ئاوی بۆ ڕاکێشان, زەوی بە سەریاندا دابەش کرد بڕی (100)کم$^2$ بۆ عەشیرەتی ( عوبید)و (900)کم$^2$ بۆ (جبور)و (100)کم$^2$ بۆ ئەبو

---

بیسمتر د.نوری تالەبانی : سەرچاوەی پێشوو, ص33.

تیسمتر د.خليل إسماعيل محمد : مؤشرات سياسية للتعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق, ص10.



الحمدانو (100)کم$^2$ بۆعەرەبی (تکریتو دۆرە) بووە. (یسمتر) بەومەبەستەش لە سەرەتادا دێی مەلحە گۆڕا بۆ حەویجەو ساڵی 1942 کرا یە ناحیەو ساڵی 1962 کرایە قەزاو هەردوو ناحیەی (ریاض)و پاشان (عەباسییە)شی پێوە لکێنرا . (سمسمتر)لەگەڵ ئەو هەوڵەو سیاسەتە چەوتەی حکومەتی مەلەکی بۆ بە عەرەب کردنی کەرکوك. ئەوە نە بێت کوردیش دەست لەئەژنۆ دابنیشێت بەڵکو هەمیشە هەوڵی داوە ئەو ڕاستی یە بۆ حکومەت وعەرەب دووپات بکاتەوە کە کەرکوك شارێکی کوردیو کوردستانیە. بۆ ئەو مەبەستە چەندین هەوڵی جدی دراوە لە وانە ساڵی 1929 شەش نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران کە ئەمانە بوون (جمال بابان , سەیفولای خەندان , حازم شەمدین ئاغا, ئیسماعیل رەواندزی, محمد جاف , محمد صالح ) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی ئەوسا (عبدالمحسن سعدون) کردو تیایدا داوای یەکەیەکی کارگێڕیان بۆکوردستان کرد, بەمەرجێ کەرکوك یەکێك بێت لەلیواکانی ئەوکارگێڕییە. (شمسمتر) بەلام حکومەت هیچ گوێی لێ نەگرتن وەك

---

یسمتر باوکی توانا: سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك , باباگوڕگوڕ , ژ سفری ئەزمونی ساڵی یەکەم , کانوونی دووەم2001, ل3.

سمسمتر د.خليل إسماعيل محمد : نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراق و دورای نەتەوەی, گ, سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی , ژ2, ساڵی 8م , مایسی 200, ل 40.

شمسمتر لیلی نامق جاف: سەرچاوەی پێشوو,ل43

له(وتارێکی مەلیك فەیسەڵدا له (15- ئازاری 1933) دا دەردەکەوێت, کەدەڵێ حوکمی عێراق حوکمێکی عەرەبی سوننەیە کاری زۆرمان بۆکردووە تابەم شێوەیە دامەزراوە) لەدرێژەی وتارەکەیدا دەڵێ ئێمە پێویستە خەڵك لەسەر ئەوە ڕابهێنین وەکو عێراقیەك بیر بکەنەوەو پێویستە لەسەر ئەوە پەروەردە بکرێت, دەبێت لە عێراقدا یەك گەل هەبێت (کە مەبەستی گەلی عەرەبە ). (لهمتر) هەروەها لە کەرکوکدا چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراو دروست بوون لە پێناوی ئازادیو بەرەنگار بونەوەی زوڵمو زۆرداری دەوڵەت لەوانە کۆمەڵەی دارکەروحزبی هیوابوون.

کۆمەڵەی دارکەر کە لە مانگی (9)ی 1937 یەکەم کۆبونەوەی خۆی لەماڵی بورهان جاف گرێ داو پاشان فراوان بوو لقی لە شارەکانی تریش کردەوە, وەك دەردەکەوێت لەبەرنامەی کۆمەڵەکەدا باس لە دابەش کراوی کوردو کوردستان کراوە چەندین ڕۆشنبیری لەخۆی کۆکردۆتەوە (سمتر) کە هەر لەهەمان ساڵدا لەکۆبونەوەیەکی تردا ئەم کۆمەڵەیە بوو بە حزبی هیواو چەندین ڕۆشنبیری کوردی لە

لهمتر محمود مەلا عزەت: بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد, چاپی دووەم , سلێمانی 1999, ل25.

سمتر ئەژی: ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی لەناوچەی کەرکوك دا سەریان هەڵداوە, گۆڤاری کەرکوك , ژ2ی ساڵی دووەم پایزی2000, ل 88-89.



کەرکوك و شارەکانی تر لە خۆی کۆکردەوە (سمتر) هەروەها مەلا مستەفا لە ساڵی 1943 دا داوایەکی خستە بەردەم سەفیری بەریتانیاو حکومەتی ئەو کاتەی عێراق کەهەمان داوای نوێنەرانی کورد بوو , کە پێشتر باس کرا, بەڵام بە جیاوازی دوو خاڵی تر وەك پێکهێنانی ویلایەتی کوردوستان کە تێدا کەرکووك وسلێمانی و هەولێر وخانەقین و قەزا کوردیەکانی موسڵ و دهۆك و زاخۆ و ئاکرێ شەنگارو بێخاڵ وئامێدی و لەخۆی بگرێت (تيسمتر) بەڵام لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا حکومەتی عێراق سوور بوو لە سەر کارە شۆفینیەکانی خۆی ساڵی (1940 –1950) لیژنەیەك بەناوی (لجنة التضحية أراضي) لەلایەن حکومەتەوە پێکهێنرا و بەپێی بەرنامەی لیژنەکە زەوی وزاریەکی زۆر لە کورد سەندرایەوە و کران بەموڵکی دەوڵەت پاشتر دران بە عەرەب ,ساڵی 1941 یش ڕەشید عالی گەیلانی کەوتە دور خستنەوەی کورد لە سەر زەوی و زاری خۆیان و هێنانی عەرەب بۆ جێگاکەیان (نيسمتر) هەرلە چلەکاندا حکومەت بەڕێوبەرایەتیەکی بەناوی ( مديريه العشائر العامه) کە سەربە وەزارەتی ناوخۆ بوو دامەزراند لەگەڵ بەشێك بەناوی (الإسكان الريفى) بەمەبەستی نیشتە

سمتر ئەحمەد باوەڕ: پارتی هیوا لەدروست بوونیەوە لە شاری کەرکوك تا هەڵوەشاندنەوەی کۆنفرانسی کەلاردا 1937-1944 ,گ.کەرکوك,ژ.1ی ساڵی دووەم, هاوینی2000, ل94.

تيسمتر لیلی نامق جاف: سەرچاوەی پێشوو,ل43.

نيسمتر غفور مخموری: بەعەرەب کردنی کوردستان , چاپی دووەم , هەولێر 2002, ل24.

جێ کردنی عەرەبی کۆچەرو دەرپەڕان و زەوت کردنی مولّکی کورد . لەساڵی 1951 یش لیژنەیەکی بەناوی (لیژنەی نیشتە جێ کردنی هۆزە کۆچەری یەکان ) پێك هێناو هەزاران ماڵی عەرەب لە سەر مولّکی کورد نیشتە جێکردو هەرماڵێکیش (150) دۆنم زەوی پێداو بیری ئاو یشیان بۆ هەڵکەندرا (بڜمتر) حکومەتی عێراق هەر لە بیستەکانەوە تا ساڵی 1957 (6500) خێزانی عەرەب لە عەشیرەتەکانی ( عوبید و کضاءوحدیدی ) لە ناو شاری کەرکوك نیشتە جێ کرد, چ وەکو جوتیار کە یارمەتی زۆر و زەوی و ئاوی بۆ دابین کردن , چ وەکو فەرمانبەری دەزگای حکومیو ئیداریو عەسکەریو ئەمنیو... هتد بە پشتگیری مادی زۆرەوە. هەر لە چلەکاندا (2193) کەس لە عەشیرەتی (ئەبوالحمدان وئەبو سماق) هێنرانە ناوچەی قەزای دوبزو لە چەندین گوند نیشتەجێ کران و بڕی (95500) دۆنم زەویان بە سە ردا دابەش کرا , لە سنوری کفری و قەرەتەپەش عەشیرەتەکانی وەك (جبور, عوبێد, لهیب, بەنی زید, الکثیر, الساعدین, بنیعز, النتر, الزبید, العشین, المعدان) یان هێناو لەسەر زەوی کورد نیشتەجێکران. (ڜمتر) بەردەوامی کۆچی عەرەب بۆ پارێزگای کەرکوكو هاندانیان لەلایەن بەرپرسانەوە, بۆ نیشتەجێ بوون لەماوەی پڕۆژەکاندا, وەك پێدانی زەویو پارەو لێدانی بیرو ئیمتییازاتی تایبەتی, بەشێوەیەکی گشتی کاری خراپی کردە سەرباری دیمۆ گرافی و دانیشتوان, بەشێوەیەکی تایبەتیش لە سەر پێك هاتەی

بڜمتر غفور مخموری: سەرچاوەی پێشوو, ل 24-25.

ڜمتر جلال جوهر: 80 ساڵ تەعریب کردنی کوردستان , بەشی دووەم,

گ.سردم العربی عدد2 , خریف2003,ص154.



نەتەوەی ئەویش لە بەرژەوەندی عەرەب دا (یڜمتر) بۆ یە دەبینین ڕێژەی عەرەب بە شێوەیەك بەرز بۆتەوە کە مەزەندە ناکرێت, لە بەرامبەریشدا ڕێژەی کوردو کەمینەکانی تردابە زیونەتە خوارەوە. لە سەر ژمێری کۆمەڵەی گەلاندا کەساڵی 1925 لە پارێزگای کەرکوك ئەنجام دراوە, بەپێی نەتەوە,بەم شێوەیە بوو ژمارەی کورد (87500) کەس بوو کە دەکاتە (63٪) وەژمارەی تورکمان (26100)کەس بووە کەدەکاتە (19٪)وە ژمارەی عەرەب (25250) کەس بووە کە دەکاتە (18٪) کەچی لە سەرژمێری عێراق دا کەجیاوازەلە ئاماری کۆمەڵەی گەلان و بەم شێوەیە هاتووە , ژمارەی کورد (81400) کەس بووە کە دەکاتە (59٪ ) ژمارەی تورکمان (28741)کەس بووە کەدەکاتە (21٪)ژمارەی عەرەب (26654)کەس بووە کەدەکاتە (19٪)([143]) ئەم ڕێژانەش لە سەر ژمێری یەکانی دوایدا گۆڕانی زۆریبە سەر دێت لە سە رژمێریە کی حکومەتی عێراق دا کەساڵی 1930 لە کەرکوك ئەنجام دراوە ڕێژەی کورد دابەزیوە بۆ(51٪), تورکمان بوە بە(21٪)و عارەب زیادی کردووە بۆ (20٪) و جولەکەو ئاشوریو سریانیو کلدانیش لە(7,5٪) بوونە([144]) , لەئاماری 1947 دا ئاماژە کراوە بۆ لایەنی ئایینی نەتەوەکان ئەوەندە گرنگی بەباری نەتەوەیی نەدراوە تەنیا کورد نەبێت کە بووە بە(53٪). ([145]) بەڵام لەئاماری 1957دا تەواو سیاسەتی بەعارەب کردن رەنگی داوەتەوە لەماوەی ئەو

142 د.خلیل إسماعیل : کرکوك دراسات في التکوین القومی للسکان, مجلة

سردم العربي, عدد (2) غریف 2003, ص 154.

سڜمتر عونی الداودی، ص35.

شڜمتر محمد سعید سۆفی : پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل12.

ڜتر د.جبار قادر: الترکیب الاثنی لسکان کرکوك خلال قرن خلال فترة 1850-1958 مجلة کرکوك, عدد3 السنة الرابعة , شتاء 2003 ,ص187.

(10) ساڵەدا, کە رێژەی کورد لە ساڵی 1957 دابەزیوە بۆ (48,24٪) و رێــژەی عــەرەب بــەرز بۆتــەوە بــۆ (28,19٪) و رێــژەی تورکمــانیش وەکــو خــۆی ماوەتــەوە کــە (21,44٪)([146]).دیــارە ئــەم سیاســەتە شــۆفێنانەی حکومــەتی مەلــەکی دەرهــەق بەســنورو دانیشــتوان و جـوگرافی پارێزگـای کـەرکوك هـەر بـەردەوام بـووە تـا روخانـدنی ئـەو رژێمە لە 14ی تەموزی 1958 دا. ئەو سیاسەتەش وەك بەرنامەیـەکی رەسمی حکومەت کاری پێکرا لەسـەردەمی قاسـمو بەعسیەکان هـەر لـە عبدالسلام عارف تاکو سەدام حسێن.

### پارێزگای کەرکووك لە ئاماری 1957 تا 1977

### دانیشتوانی لیوا ( پارێزگا )ی کەرکووك بە پێی دابەشبوونی رێژەی نەتەوەکان

| ژ | ساڵ سەرچاوە | رێژەی کورد | رێژەی تورکمان | رێژەی عەرەب | کەمینەکانی تر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- | قاموس الاعلام | ٪٧٥ | | | | ٢٥٪بۆ عەرەبو تورکمانو کەمینەکەکانی تر |
| ٢- | لیژنەی کۆمەڵەی گەلان ١٩٢٥ | ٪٦٣ | ٪١٩ | ٪١٨ | | |
| ٣- | سەر ژمێیەکانی عێراق | ٪٥٩,٩ | ٪٢١ | ٪١٩,٥ | | |
| ٤- | محمد ئەمین زەکی | ٪٥١ | ٪٢٢ | ٪٢٠ | | |
| ٥- | کۆمیتەی کۆمەڵەی گەلان بۆ کێشەی موسڵ ١٩٢٤ | ٪٤٣ | ٪٢٣,٤ | ٪٣٢ | ٪٢,١ | ئەم ڕێژانە جێی باوەر نین |
| ٦- | سەر ژمێری عێراق ١٩٣٠لە کەرکووك | ٪٥١ | ٪٢١,٥ | ٪٢٠ | ٪٧,٥ | |
| ٧- | سەر ژمێری ساڵی ١٩٤٧ | ٪٥٣ | | | | ئەم ئامارە بەپێی ئەشەرەوە نەبووە |
| ٨- | سەر ژمێری ١٩٥٧ | ٪٤٨,٣ | ٪٢١,٤ | ٪٢٨,٢ | ٪٢,١ | |
| ٩- | سەر ژمێری ١٩٦٥ | ٪٣٦,١ | ٪١٩,٥ | ٪٣٩ | ٪٥,٤ | |
| ١٠- | سەر ژمێری ١٩٧٧ | ٪٣٦,٦ | ٪١٦,٣ | ٪٤٤,٤ | ٪١,٧ | |

لشمتز

جلال جوهر: پاکتاوی نەژادی لە کوردستان, گۆڤاری کەرکوك, ژمارە 2ساڵی سێیەم , زستانی 2002



خشتەی ژمارە (1)

# بەشی دووەم

## پارێزگای کەرکوك لەئاماری ساڵی 1957دا

**باسی یەکەم:**
پارێزگای کەرکوك پێش ئاماری 1957
أ-سنوری جوگرافیای هەرێمی کوردستانو پارێزگای کەرکوك.
ب-پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك.
**باسی دووەم:**
پارێزی کەرکوك لەئاماری ساڵی 1957دا.
أ-پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکە لەئاماری 1957دا.
ب-سنوری جوگرافیو کارگێڕی پارێزگای کەرکوك لە1957دا.
ج-دەستکاری کردنی سجلی 1957.
**باسی سێیەم:**
کەرکوك دوای شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958
أ-کەرکوكو شۆڕشی 14ی تەموزی 1958.
ب-کەرکوكو رووداوەکەی 14ی تەموزی 1959.
**باسی چوارەم:**
کەرکوكو کودەتای یەکەمی بەعس 1963
أ-سیاسەتی بەعەرەب کردنو گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك.
ب-کەرکوكو پرۆژەی لامەرکەزیەت.

**باسی یەکەم: پارێزگای کەرکوک پێش ئاماری 1957**



**أ-سنوری جوگرافیای هەرێمی کوردستانو پارێزگای کەرکوك:-**

سنوری هەرێمی کوردستان بەپێوانە تۆبۆگرافیو دیمۆگرافیو مێژووییەکانی خەڵکی کوردستانو پشت گوێ خستنی پرۆسەی بەعەرەب کردن، دەردەکەوێت کەلەناوقەدی عێراقەوە لەباشوری رۆژهەڵاتی شارۆچکەی (بەدرە) لەپارێزگای (واست) دەست پێدەکات، بەرەو باکور تاپردی (نەوت) لەرۆژئاوای شارۆچکەی (مەندەلی) هەڵدەکشێت، بەتەنیشتی بەرزاییەکانی حەمرینەوە تا (فەتحە) دەڕواتو شان بەشانی روباری دیجلە سەردەکەوێتو لەباکوری شاری موسڵ بەرەو باشوری رۆژئاوای بادەداتەوە بەئاڕاستەی شارۆچکەی (حەزەر) پاشان بەرەو شارۆچکەی (بەعاج). رووبەری ئەم هەرێمە (78736)کم$^2$ دەبێت.

کەلە (18٪) سەرجەمی روپێوی عێراقەو ئەم ناوچانە دەگرێتەوە:
1-پارێزگای دهۆك، سلێمانی، هەولێر، کەرکوك.
2-هەموو قەزاو ناحیەکانی پارێزگای نەینەوا جگە لەقەزای موسڵو بەعاجو حەزەر.
3-قەزاکانی خانەقینو کفریو مەندەلی لەپارێزگای دیالە، جگە لەناحیەی بەلەدروز، قەزای دوز لەپارێزگای صلاح الدین.
4-ناوەندی قەزای بەدرە لەپارێزگای واسیت[147].

پارێزگای کەرکوك لەچوارچێوەی سنوری هەرێمدا پانتاییەکی بەرفراوان دەگرێتەوە، سنورە کۆنەکەی، کەدەکەوێتە نێوان چیای زاگرۆسو هەردوو روباری زێی بچوكو دیجلەو زنجیرە چیای حەمرینو روباری سیروان (دیالە)وە[148].

---

147 کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ: جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، هەولێر، 1998،ل 19-20.

148 د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغییروا قعها والقومی، ص 9.

ئـەم پارێزگایـە هاوسـنوری چـەند شـارێکی گرنگـی عێـراق‌و هەرێمـە، لەباشـوری رۆژهەڵاتیـەوە لیـوای دیالەیـە، لـەباکوری رۆژئاوایـەوە لیـوای هەولێرو بەشێك لـەلیوای موسڵە، لەباشـوری رۆژئـاوای لیـوای بەغـدادو بەشێك لەدیالەیە، لەباکوری رۆژهەڵاتیەوە لیـوای سـلێمانییە [149]. ئـەم ناوچـەیە روبەرەکـەی (21000)کم [150]، بـەڵام بـەپێی ئامـاری سـاڵی 1947، رووبەری لیوای کەرکوك (20376) کم2 بووە [151].
تاکۆتایی شەستەکان سنوری لیوای کەرکوك بەم شێوەیە بوو:
زنجیرە چیـای حـەمرین لای باشـورەوە نێـوان عەرەبسـتان‌و کوردسـتانی دەکـرد، زنجـیرە چیـای سـەگرمە، دەربەنـد ئـاودارو دەربەنـد وشـك لای باکورەوە نێوان پارێزگای سلێمانی‌و کـەرکوکی دەکـرد، زێـی سـیروان لای رۆژهەڵاتــەوە نێــوان کــەرکوك‌و دیالــەی دەکــرد، زێــی بچــوك لای رۆژئـاواوەو نێـوان پارێزگـای کـەرکوك‌و هـەولێری دەکـرد[152].لـەڕووی کارگێڕیشەوە لیوای کەرکوك بەدرێژای دەستەڵاتی پاشایەتی لـەم یەکـە کارگێڕیانـە پێکهـاتووە:1-قـەزای کـەرکوك پێکهـات بـوو لەناحیـەکانی ناوەنـدی قـەزای کـەرکوك، قـەرە حەسـەن، (لـیلان)، ئـاڵتون کـۆپری (پردێ)، حەویجە، شوان (رێدار).
2-قەزای کفـری کـەپێکهات بـوو لـە ناحیـەکانی ناوەنـدی قـەزای کفـری، قەرەتەپە، شیروانە، پێباز.
3-قەزای دووز خورماتوو کەپێك هاتبوو: لەناحیەکانی ناوەنـدی قـەزای دووز خورماتوو، قادر کرم، ناحیەی داقوق.

---

[149] د. هادی دفتر.. والآخرون: العراق الشمالی، ص 164.

[150] حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان: راگەیانـدنی پارێزگـای کـەرکوك چـوار سـاڵ خزمەت‌و بوژانەوەو ئاشکرا کردنی سیاسەتی راگواستن‌و تەعریب، ل 57.

[151] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 45.

[152] عبداللە عبدالکریم مارف بەرزنجی: کارکۆك لەمێژوودا، ل 50.



4-قـەزای چەمچـەماڵ پێکهـات بـوو: لەناحیـەکانی ناوەنـدی قـەزای چەمچەماڵ، ناحیەی سەنگاو، ناحیەی ئاغجەلەر [153]. بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

| لیوا | قەزا | قائیم قام | ناحیە | بەڕێوەبەری ناحیە |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| لیوای کەرکوك- ئامر لیوا عبدالجلیل برتو | قەزای کەرکوك | صدیق رسول قادر | ئاڵتون کۆپری، مەلحە، شوان قرەحەسەن | محی الدین حاجی حسن، عبداللە عزیز، جەمال عبدالقادر، صبحی یعقوب |
| | قەزای کفری | ئیسماعیل رسول | قەدەتەپە، قەڵای شێروانە، پێباز | هاشم الهرمزی، جلال الدین، عبداللە عادل |
| | قەزای داقوق | | دووز خورماتوو، قادر کەرەم | ئیسماعیل شێخ عەلی، زین العابدین |
| | قەزای چەمچەماڵ | | سەنگاو، ئاغجەلەر | شاکر دورسن، رشید عاکف هرمزی |

**نەخشەی کارگێڕی لیوای کەرکوك لەساڵی 1947دا**

خشتەی ژمـارە (2) سەرچاوە: (کـەرکوکی چلەکان، گ کـەرکوك ژمـارە (1)ی هاوینی 1999، ل 117)
جێـــی ســـەرنجە هـــەموو ئـــەو هەرێمانـــەی لەدەوروبـــەری شـــارە ســـەرەکییەکانداو بـــەجۆرەها پێـــوەر دیـــاری دەکـــرێن، هـــەرگیز لەدیاریکردنی سنوردا بەقەدەر هەرێمـە کارگێڕییـەکان وردنـین، بـەپێی لێکۆڵینـــەوەکانی کێشـــانی ســـنورە کارگێڕییـــەکان فاکتـــەرە سروشـتییەکانیان کردۆتـە پێوانـە بـۆ دیاریکـدرنی زۆربـەی سـنوری

---

[153] د. ئـازاد نەقشـبەندی: کاریگـەری نـەوتی کـەرکوك لەسـەر راگـوێزانی کـورد لەکەرکوك‌و بەعەرەب کردنی، گ سەنتەری برایەتی، ژ(20) ساڵی چوارەم، هاوینی 2001، ل 22-23.

کارگێڕی پارێزگاکانی عێراق[154]. بەپێی راپۆرتەکانی ئینگلیز، دابەشکردنی کارگێڕی ئەوکات بەپێوەدانگی جوگرافیایی ئەنجام دراوە، لەم سەرو بەندەدا موسڵو کەرکوكو هەولێر، پێدەشتە بەرزەکانو چیاکانی حەوزی هەردوو زێی گەورەو بچوکیان گرتۆتەوە، بەڵام بەبۆچوونی (منتاشفیلی)، دابەشکردنی کارگێڕییەکانی عێراق لەگەڵ روخسارە جوگرافییەکاندا نەدەگونجان، چونکە زۆرجار سنورەکان دەگۆڕانو دەسکاری دەکران، کەسانی تر پێیان وایە، ئەم دابەشکردنە کارگێڕیانە بەشێوەیەکی هەرەمەکیو بەخۆڕای نەبووە، بەڵکو لەبەر رۆشنای لێکۆڵینەوەو پێوانەی جوگرافیو ئابوریو مێژووی ئەنجام دراون[155].

دابەش بوونی کارگێڕی کەرکوكو سنوری کارگێڕییەکەی لەساڵی 1947دا بەم شێوە بوو:

1-قەزای کەرکوك، ناوەندو ناحیەکانی ئاڵتون کۆپری، مەلحە، شوان، قەرەحەسەن.

2-قەزای کفری- ناحیەی ناوەند، ناحیەکانی، قەرەتەپە، پێباز، قەڵای شێروانە.3-قەزای داقوق: ناوەندی داقوق، ناحیەکانی دوز خورماتوو، قادر کەرەم.4-قەزای چەمچەماڵ: ناوەندی چەمچەماڵ، هەردوو ناحیەی سەنگاو، ئاغجەلەر[156].

لەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوەیەدا چەند گۆڕانێکی کارگێڕی ئەنجام دراوە، وەك:

[154] د. خەلیل ئیسماعیل محمد: گۆڕینی سنوری ئیدارەی پارێزگای کەرکوك، گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(1)ی ساڵی شەشەم، شوباتی 1998، ل 34.

[155] هەمان سەرچاوە، ل 33.

[156] د. نوری تاڵەبانی: کەرکوکی چلەکان، گ کەرکوك، ژ(1)ی هاوین 1999، ل 116



1-هەڵوەشاندنەوەی قەزای گێل، بەرزکردنەوەی پلەی دووز بۆ قەزا، کەئەم ناحیانەی خرانە سەر: ناوەند، داقوق، قادر کەرەم، هاوکات ناحیەی سەنگاو بەقەزای چەمچەماڵەوە لێکنرا.

2-پێکهێنانی ناحیەی حەویجە (1942) لەجیاتی مەلحەو ناحیەی پێباز لەجیاتی ناحیەی شبیجە لەقەزای کفری، ئەوەی لەم ماوەیەدا جێی سەرنجە بایەخی تایبەتی بەشی رۆژئاوای پارێزگای کەرکوکە چ لەدامەزراندنی پرۆژەی ئاودێری بیرلێدانو چ لەدابەشکردنی زەویو زاری کشتوکاڵیو دروستکردنی گوندو کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون بۆ ئەو عەشیرەتە عەرەبە کۆچەرییانەی کەرۆژئاوای دیجلەیان تەی کردووە. ئەمەش رەنگدانەوەی سیاسەتی بەعەرەب کردنی پارێزگاکە بوو، کەپرۆژەی ئاودێری حەویجە 1937 دیارترین نموونەیە لەو رووەوە[157]. وەك باسکرا، بەپێی ئاماری 1947 رووبەری پارێزگاکە (20376) کم$^2$ بوو، بەڵام لەئاماری 1957 (363) کم$^2$ی لێکەم کرایەوە، کۆی دانیشتوانی پارێزگاکە بەپێی ئاماری 1947 (28505) کەس بووە لەئاماری 1957 گەیشتۆتە (388839) کەس لەنێوان ئەم (10) ساڵەدا (103334) کەس زیادی کردووە[158].

## ب-پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگای کەرکوك:-

تاسەرەتای سەدەی بیستەم عێراق بەسەر سێ ویلایەتدا دابەش کرابوو. ساڵی 1918 دوو ناوچەی کارگێڕی لەباشوری کوردستان پێکهات کەبریتی بوو لەسلێمانیو موسڵ. پاشان لە1919دا کەرکوك

[157] د. خلیل ئیسماعیل: نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراقو دوو رای نەتەوەکەی، گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(2)ی ساڵی هەشتەم، مایسی 2000، ل 40-41.

[158] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 45.

لەسلێمانی جیاکرایەوەو بووە یەك ناوچەی سەربەخۆ بەناوی لیوای کەرکوکەوە [159].

دابەش بوونی ڕێژەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك لەڕووی نەتەوەییەوە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان ساڵی 1925 بەم شێوەیە بوو: کورد لە(63٪)و عەرەب لە(18٪)و تورکمان لە(19٪)ی دانیشتوانیان پێکهێناوە. ئاماری 1922- 1924 عێراقیش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کەرێژەی کورد زۆرینە بووە, کەبەم شێوەیە بووە, کورد لە(59.9٪) بووە, عەرەب لە(19.5٪) بووە, تورکمان لە(21٪) بووە [160]. بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان تایبەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵ, دانیشتوانی لیوای کەرکوك (11.650) بووە, دەکاتە (3.6٪) سەرجەمی کۆی دانیشتوانی عێراق [161].

ئەو ڕاپۆرتەی کەساڵی 1924 بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ پێشکەش کراوە ڕێژەی کوردی بەپتر لە(42.54٪) داناوە, ڕێژەی عەرەبی بەکەمتر لە(32٪)دا داناوە, ئاشکرایە ڕێژەی کورد لەلیوای کەرکوکدا گەلێك لەوە زیاتر بووە کەلیژنەکە مەزەندەی کردووەو عەرەبیش گەلێك لەوە کەمتر بووە کەلیژنەکە مەزەندەی کردووە. عەرەب گەلێك لەوە کەمتر بووە کەئاماژەی پێکراوە, چونکە بەپێی ئاماری 1947 ڕێژەی کورد لە 53٪ دانیشتوانی لیوای کەرکوکی

159 د. خلیل ئیسماعیل محمد: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(10) ساڵی شەشەم, شوباتی 1998, ل 33.

160 پ.د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر ڕاگوێزانی کوردو بەعەرەب کردنی, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20) ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 32.

161 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا, ل 106.



پێکهێناوە [162] هەموو ئەو ئامارانەی ساڵی 1927, 1934 ئەنجام دراون, بەشێوەیەکی وانەکراوە کەجێی باوەڕ پێکردن بێت, بەڵام 1947 تاڕادەیەك بەشێوەی ڕەسمی گرنگی درا بەئاماری دانیشتوان بەپێی ئەو ئامارە عێراق (4.816.185) کەس بووە [163] کەتیایدا ژمارەی دانیشتوان لیوای کەرکوك (286.005)* کەس بووە, کەدەکاتە (5.9٪) سەرجەمی دانیشتوانی عێراق. بەواتایەکی تر لەماوەی 1924- 1947دا ڕێژەی ساڵانەی زیاد بوون لەلیواکەدا (8٪) بووە, هی عێراقیش لە(3.3٪) بووە [164]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدان لەئاماری 1947دا ئاماژە بەپێکهاتەی نەژادی خەڵکی کەرکوك ناکات, بەڵکو پێکهاتەی ئاینییە, کە بەم شێوەیەیە: موسوڵمان (58654) کەسو فەڵە (6710) کەسو جولەکە (2873) هی (صائبة) (37)کەسو یەزیدی (1) کەس کەلەکورد جوداکراوەتەوە, ئاینییەکانی تر (28) کەس [165] نابێت پشت بەئاکامی سەرژمێریەکانی بەر لەساڵی 1947 ببەستن چونکە لاوازن و دوورن

162 د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر ڕاگوایزانی کوردو بەعەرەب کردنی, گ سەنتەری برایەتی, ژ(2)ی ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 32.

163 عەبدالکریم هاوتا: أهمیە کوردیە کرکوك ڤ أحصاء (1957), مجلە گولان العربی, العدد (39) أب 1999, ص 51.

(*)ئەو ڕێژەیە ڕاست نییە, بەڵکو ڕاستییەکەی (285505) کەسە, چونکە لەناحیەی پێباز (5459) کەسە بەهەڵە (5959)کەس نوسراوە.

164 د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شەوباتی 1998, ل 38.

165 د. جەبار قادر: پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك لەنێوان (1850- 1958)دا, گ, نەوشەق, ژ(10)ی کانونی دووەم, 2004, ل 11.

لەڕاستییەوە [166].بەپێی بەڵگەکانی ئاماری حکومەت لەساڵی 1954 کورد هەر زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکی پێکهێناوە کەڕێژەکەی لە(53٪) بووە [167].

سەرۆکی شارەوانی کەپۆستێکی گرنگ بووە, بەیەکێك دەستپێدرا کەنوێنەرایەتی بەشی هەرە زۆری دانیشتوان بکات, لەکاتی دەستەڵاتی عوسمانیو پاشایەتی عێراق بەپلەی یەکەم دەدرا بەکورد هەندێك جاریش بەتورکمان, تاساڵی 1969 هیچ عەرەبێك نەکراوە بەسەرۆکی شارەوانی کەرکوك. (مظهر تکریتی) یەکەم عەرەب بوو لەو ساڵەدا ئەو پۆستەی وەرگرت [168] ڕێنمانی ساڵانەی عێراق کەساڵی 1936 دەرچوو لەمیانەی خستنە رووی دانیشتوانو هۆزەکانی لیوای کەرکوکدا, لەکۆی (13) هۆز ناوی (9) هۆزی کورد (3) هۆزی عەرەبو هۆزێکی تورکمان دەبات [169]. لەهەمان ڕێنوێنیدا باس لەئەنجومەنی لیوا دەکات کەمۆرکی نەتەوەییو ئاینیو تایفیو دانیشتوانەکەی لەبەرچاو بگرێت, ناوی نوێنەرانی لیوای کەرکوك تۆمار دەکات کەژمارەیان (6) کەس بووە, (4)یان کورد بوون, ئەوانیش (دارابەگ), (داود جاف), (عەلی رەزا عەسکەری), (فایەق تاڵەبانی) بوون, ئەوانی تر

166 هەمان سەرچاوە, ل 7.

167 د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگواێزانی کوردو بەعەرەب کردنی, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 24.

168 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناوپاکتاوی رەگەزیدا, ل 17.

169 د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کوردو بەعەرەب کردنی, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20), ساڵی چوارەم هاوینی 2001, ل 24.



یەکێکیان عەرەبو ئەوی تریان تورکمان بوو, ئەم حاڵەتە لەچەندین خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نەتەوەدا دووبارە بۆتەوە [170] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك دراوە, بەتایبەتی بەهۆی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لە 1927 کەچەندین هەزار ماڵی عەرەبو هیتر هێنرایە کەرکوك, پاشان لە1934- 1936 بەهۆی دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری حەویجەوە زیاتر لە(27) هەزار عەرەب هێنرانە ناوچەی حەویجە لەعەشیرەتەکانی (عوبێد, جبور, ئەبوحمدان) بەمەبەستی بەعەرەب کردنی ناوچەکە [171].

## باسی دووەم: پارێزگای کەرکوک لەئاماری 1957

### أ-پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگاکە لەئاماری 1957دا:

ئاماری 1957 گونجاوترین سەرژمێرییە کەپشتی پێ بەسترێت, چونکە لەبارودۆخێکی گونجاو تردا کراوە, لەچاو سەرژمێرییەکانی پێش خۆیو دواتریش, هەر بۆیە سەرکردایەتی کورد, لەزۆرینەی دانوسانو وتوێژەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا پشت بەو ئامارە دەبەستێت([172]). پرۆسەی ئامارکردنەکە بۆ هەموو شارو شارۆچکەکان لەیەك رۆژدا دەستی پێ کرد کە(12ی تشرینی یەکەم 1957 تا 15-

170 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 16.

171 حکومەتی هەرێمی کوردستان: راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك چوار ساڵ کارو خزمەت بوژانەوەو ئاشکراکردنی سیاسەتی راگواستنو بەعەرەب کردن, ل 7.

172 جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق, سەرچاوەی پێشوو, ل 179.

12-1957ی خایاند([173]).) مەسەلەی پێکهاتەی نەتەوایەتیو ئاینی پارێزگای کەرکوكو مەسەلەی پێکهاتەی کەرکوك گرنگییەکی تایبەتی هەیە, چونکە ئەم شارە بەهۆی پێگەی ستراتیجیو سەروەتو سامانە نەوتییەکەوەیە, بۆتە جێی ململانێی نێوان گروپە سیاسیو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق([174]). هەر بۆیە دەستەڵاتدارانی هەوڵی گۆڕینی سنوری کارگێڕیو پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگاکانی کوردستان بدەن بەشێوەیکی گشتیو بەتایبەتیش پارێزگای کەرکوك([175]) سەرژمێری 1957 لەپارێزگای کەرکوکدا ئاماژە بەدابەش بوونی دانیشتوان دەکات لەسەر زمانی دایك, ئەگەر چی بەباشترین سەرژمێری دادەنرێت, بەڵام هێشتا کەمو کوڕی زۆری تێدایە, بەر لەهەموو شتێك پەنابردن بۆ بنەمای دانانی زمانی دایك بۆ دەست نیشان کردنی نەژادی خەڵکەکە, راکردنە لەدان پێدانە نانی ناسنامەی نەتەوەیو نەژادی خەڵکی جۆر بەجۆر, لەسەرو هەموشیانەوە نەژادی کورد, جگە لەوە هەوڵێکە بۆ ئاڵۆزکردنی راستییەکانو کردنەوەی دەرگای فرتو فێڵو ساختەکاری.چونکە سەرژمێری لەسەر زمانی دایك هەمیشە واتای دەست نیشانکردنی رەچەڵەك ناداتەوە.([176]) بەپێی سەرژمێری 1957 ژمارەی دانشتوانی پارێزگای کەرکوك (839

[173] عبدالکریم هاوتا: أهمیه کردیه کرکوك, گ گولان العربی عدد 39 أب 1999, ص 53.

[174] یوسف گۆران: کوردو تورکمان, سلێمانی 2002, ل 32.

[175] د. خلیل ئیسماعیل: نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراقو دوو رای نەتەوەکەی, گ سەنتەری ستراتیجی, ژ(2)ساڵی هەشتەم, مایسی 2000, ل 36.

[176] د. جبار قادر: پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك لە1850- 1958 گ, نەوشەفەق, ژ(10)ی کانونی دووەم, 2004, ل 11.



388) کەس بووە([177]), کەژمارەی کورد لەپارێزگاکەدا دەکاتە (593 187) کەس لەکۆی سەرجەم دانیشتوان, ژمارەی عەرەبیش (109620) کەس بووە تورکمان (8327) کەس بووە, کلدانیو سریانی (1605) کەس بووە([178]) ئەگەر بەپێی رێژەش لێك بدرێتەوە رێژەی دانیشتوانی کورد لە(48٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە, عەرەب لە(28٪) بووە, تورکمانیش لە(21٪) بووە.([179]) ئەگەر رێژەی کورد بەراورد بکرێت لەگەڵ نەتەوەکانی تردا لەئامارەکانی 1947و پێشتریش دەبینین رێژەی کورد زۆر ترە, رێژەی کورد لەساڵی 1947 لەپارێزگای کەرکوکدا لە(53٪) بووە.([180])تاساڵی 1954 رێژەی کورد هەر لە(53٪) بووە, بەپێ سەرچاوە نارەسمییەکانی حکومەت.[(181)] کەچی لەئاماری 1957دا بەشێوەیەکی ئاشکرا رێژەی کورد دابەزیوەتەوە خوارەوە بۆ لە(48.3٪)[(182)] لەهەمان کاتدا رێژەی عەرەب بەشێوەیەکی ناسروشتی زیادی کردووە, ژمارەی عەرەب کەساڵی 1957 (109.620) بووە, زیاتر لە(90.252) کەسی هی پارێزگاکانی تری

[177] الجمهوریه العراقیه! وزاره الداخلیه, مدیریه نفوس العامه, المجموعه الاحصائیه, لتسجیل عام (1957), لیواو سلیمانیه وکرکوك, مگبعه العانی, بغداد, ص 243.

[178] سەرچاوەی سەرچاوە.

[179] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك گ, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی, 1998, ل 40.

[180] د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20) ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 32.

[181] یوسف گۆران کوردو تورکمان: سەرچاوەی پێشوو, ل 105.

[182] د. خلیل ئیسماعیل: مؤشرات التعریب والتهجیر فی قلم کردستان, ص 17.

عێراقن‌و لەئەنجامی پرۆسەی بەعەرەب کردنـدا هاتوونەتەناوچـەکە وەك هاتنی عەشیرەتی عوبێد لەپرۆژەی حەویجەوە تا 1957 (124) شوێنیان داگیر کـردووە. جبور (85) نیشـینگەو ابـو الحمـدان (14)و (5) نیشـینگەش بـۆ التکارتیـەو دووریـەکان.[183] بـەپێی سـەرژمێری 1957 ژمـارەی کەسـانی خێڵـی عوبێـد (11) هـەزار کـەس بـووە, کەنزیکەی (100) کیلۆمـەتری چوارگۆشـەیان داگیر کـردووە لەدەشتی حەویجـەو نزیـك قـەزای کـەرکوك‌و ژمـارەی کەسـی خێڵـی جبـور (12595) هـەزار کـەس بـووە, کـە(100) کەسـی کیلۆمـەتری چوارگۆشـەیان داگیرکـردووە, هـۆزی ئەبوالمحدان (2140) کـەس بووە, ئـەوانیش (100)کـم$^{2}$ داگـیر کـردووە بـەو پێیـەی ژمـارەی عـەرەبی نیشـتەجێ کـراو لەناوچـەکەدا بـەپێی سـەرژمێری 1957 دەگاتـە (27705) کەس.[184]

بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسـەر پێکهاتـەی نەتـەوەی هەبووە لەسـەر ئاسـتی پارێزگـای کەرکوکـدا, هەرچـی رێـژەی تورکمانـە لەپارێزگاکـەدا لەسـەرژمێری 1957 گۆڕانکارییـەکی ئـەوتۆی بەسـەردا نـەهاتووە, بەپێی سەرژمێرییەکە ژمارەی تورکمان (83371) کەس بووە لـەکۆی (388829) کـەس کـەکۆی دانیشـتوانی پارێزگاکـە بـووە, بەوپێیـەش رێـژەی تورکمـان لەسـاڵی 1957دا نزیکـەی (21/4٪) بـووە[185] بەشێوەیەکی گشتی کۆی دانیشتوانی پارێزگای کـەرکوك سـاڵی 1947 (285505) کەس بووە, ساڵی 1957 گەیشتۆتە (388839) کەس,

[183] د. خلیل ئیسماعیل: کرکوك دراسات فی التکوین القومی للسکان مجله لسردم العربی عدد, خریف, 2003, ص 153.

[184] د. نوری گالبانی: منگقه کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 42-43.

[185] یوسف گۆران: کوردوتورکمان, ل 34.



لەنێوان ئەو (10) ساڵەدا (102324)* کەس زیادی کردووە.[186]

بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکە بڕوانە خشتەی ژمارە (3)و(4).

خشتەی پۆلێن کردنـی ژمـارەی دانیشـتوانی پارێزگـای کـەرکوك بـەپێی زمانی دایك لەسەرژمێری ساڵی 1957دا:

| زمانی دایك | شاری کەرکوك | پارێزگای کەرکوك | سەرجەمی تێکڕای پارێزگای کەرکوك |
|---|---|---|---|
| کورد | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٣ |
| عەرەب | ٢٧١٢٢٧ | ٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٢٠ |
| تورکمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٨٠٦٥ | ٨٣٣٧١ |
| کلدان‌و سریان | ١٥٠٩ | ٩٦ | ١٦٠٠٥ |

**خشتەی ژمارە** ( 3 )

سەرچاوە: (الجمهوریه العراقیه! وزاره الداخلیه, مدیریه نفوس العامـه, المجموعه الاحصائیه, لتسجیل عام (1957), لیـواو سلیمانیه وکرکـوك, مطبعة العانی, بغداد, ص 243.)

خشتەی رێـژەی نەتـەوەکانی پارێزگاکـە بـەپێی زمـانی دایـك لـەئاماری 1957دا:

| نەتەوە | ئاماری ساڵی ١٩٥٧ |
|---|---|
| کورد | ٪٤٨,٣ |
| عەرەب | ٪٢٨,٢ |
| تورکمان | ٪٢١,٤ |

(*) بێگومان ئەو ... ی هاودەردە بۆ ناوچەکە, چونکە رێژەی عـەرەب لەساڵی 1957 (109.620) کەسـە, لـەناو ئـەو کەسـانەدا, (19.386) کەسـی لـەدەرەوەی پارێزگـای کەرکوکـەوە هـاتوون. ئەمـە لەلایـەك لەلایـەکی تـرەوە, رێـژەی کـورد سـەرەڕای زۆری بـوونی دانیشـتوان بەوڕێژەیە, کەچی کەمی کردووە لەساڵی 1947 لە(53٪) بووە ساڵی 1957 بـووە بەلە 48٪ کەدەکاتە لە(5٪) رێژەکەی دابەزیووە.

[186] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 45.

**خشتەی ژمارە (4)**

سەرچاوە: (د. نوری گالبانی, منگقە کرکوك ومحاولات تغیر واقعما القوی, ص 71)

## ب-سنوری جوگرافیو کارگێڕی پارێزگای کەرکوك لە1957دا:

پارێزگای کەرکوك یەکێك بوو لەو (14) لیوایەی کەعێراقیان پێکهێنا, لەساڵی 1919وە کە کەرکوك وەك لیوایەکی سەربەخۆ ناسرا لە(4) قەزاو (15) ناحیە پێکهات بوو.[187]

سنورە جوگرافییەکەی کەوتبووە نێوان زێی بچوك لەباکورداو چەمی سیروان لەباشورداو نێوان بەرزاییەکانی حەمرین لەرۆژئاوادا. کێوە بەرزەکان لەرۆژهەڵاتدا ئەم سنورە سروشتییە زیاتر لە(50) ساڵ وەك خۆی مایەوە. بەڵام سنوری کارگێڕی ساڵ لەدوای ساڵ گۆڕانکاری بەسەردا هات, ئەویش لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب بۆ ئەوەی ببنە زۆرینەی پارێزگای کەرکوك.[188] لەساڵی 1957دا لەقەزای کەرکوك لەجیاتی ناحیەی مەلحە, ناحیەی حەویجە دانراوە, ناحیەی مەلحە لادراوە.

لەهەمان ساڵداو تا هەلگیرساندنی شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 یەکە کارگێڕییەکانی ناوچەی کەرکوك بەم شێوەیە بووە:

[187] د. جبار قادر: السیاسات الحکومە لحق الکرد فی کرکوك خلال العهد الملکی (1921-1958), مجلە کرکوك, عدد(2), سنە الرابعە, خریف 2002, ص 190.

[188] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی 1998, ل 46.



1-قەزای کەرکوك, ناحیەکانی: قەرەحەسەن (لیلان), ئاڵتون کۆپری, (پردێ), حەویجە, شوان, کەرکوك.

2-قەزای کفری, ناحیەکانی: قەرەتەپە, شێروانە, پێباز, کفری.

3-قەزای دووز خورماتوو, مەرکەزی قەزا, قادر کەرەم, داقوق.

4-قەزای چەمچەماڵ, ناحیەکانی: ئاغجەلەر, سەنگاو, ناحیەی ناوەندی چەمچەماڵ.[189]

روبەری پارێزگاکە لەساڵی 1947 (20376) کم$^2$ بەڵام لەئاماری ساڵی (1955)دا (363)کم$^2$ [190]

سەرەڕای ئەوەش کەلە ئامارەکەدا ژمارەی قەزاو ناحییەکانی لیوای کەرکوك هاتووە کە(4) قەزاو (11) ناحیە, بەپێی سەرژمێری ساڵی 1965 کەوەك بەراوردێك لەگەڵ ئاماری 1957 ناوی گوندەکانی پارێزگاکەو ژمارەی دانیشتوانیان تۆمار کراوە, کەدەنوسرێ لە1957دا بەم شێوەیە بووە:-

ناوەندی قەزای کەرکوك لەناحیەکانییەوە (294) گوندو قەزای کفری (323) گوند, قەزای چەمچەماڵ (218) گوند, قەزای (گوز) دووز خورماتوو (265) گوند, قەزای (حەویجە)* (272) گوند, کۆی گشتی

[189] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی کەرکوك, گ کەرکوك, ژ(4)ی ساڵی دووەم, بەهاری 2001, ل 46.

[190] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 45.

(*)لەبەر ئەوەی ناحیەی حەویجە ساڵی 1962 کراوەتە قەزا, ئەمەش لەئاماری 1965دا وەك قەزایەکی گرنگی پارێزگای کەرکوك ژمارە کراوەو ژمارەی گوندەکانی لەهەموو یەکە کارگێڕیەکانی تری پارێزگاکە زۆرترە.

گوندەکانی پارێزگاکەش (1372) گوند بووە بەپێی سەرژمێری 1957 کەلەئاماری 1965دا ئاماژەی پێ کراوە.[191]

**ج-دەستکاری کردنی سجلی 1957:**

پێشتر ئاماژەی پێدرا کەئاماری 1957 باشترین سەرژمێریە لەچاو سەرژمێرییەکانی تردا, بەهۆی ئارامی بارودۆخەکەوە کەتێدا ئەنجام دراوە, دەتوانین پشتی پێ ببەستین لەدیاریکردنی سنوری هەرێم‌و چارەسەر کردنی کێشەکاندا.[192]

بەڵام هەر لەوکاتەوە کەساڵی 1925 کۆمەڵەی گەلان کوردبە لە(63٪) داناوە لەناوچەی کەرکوک, دەستەڵاتدارانی عێراق هەوڵی کەم کردنەوەی ئەو رێژەیان داوە, لەراپۆرتی حکومەتی عێراقدا رێژەی کورد (59٪) دانراوە لەساڵی 1922-1924, لەهەمان کاتدا رێژەی عەرەب لە(18٪) بەرزکراوەتەوە بۆ (19.5٪) ئەمەش یەکەم پرۆسەی تەزویرکردن‌و بەعەرەب کردن بوو[193]. لەئاماری 1957دا رێژەی عەرەب لەپارێزگای کەرکوکدا یەکجار بەرزبویەوە, کەژمارەیان (109620) بووە, کەرێژەیان دەکاتە لە(28.2٪), لەبەرامبەریشدا رێژەی کورد لەدابەزیندا بووە لەهەمان ساڵدا کورد (48.3) بووە, کەپێش ئەوە لەو ژمارەیە گەلێك زۆر تر بووە[194] بێگومان ئەمەش لەئەنجامی سیاسەتی بەعەرەب کردنی ناوچەکە بوو کەبەچەند قۆناغێك جێبەجێ کرا.

[191] دلیل القداد العام السنه 1965, جزو الپانی دلیل القری, لیوای کەرکوك, ل 131.

[192] جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق: سەرچاوەی پێشوو, ل 179.

[193] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناوپاکتاوی رەگەزیدا, ل 108.

[194] د. نوری گالبانی: منگقه کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومی, ص 70.



**قۆناغی یەکەم:** برتییە لەجێبەجێ کردنی هەنگاو نەخشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك, لەدوای دەرهێنانی نەوت ساڵی 1927و هەوڵدان بۆ گۆڕینی راستی باری نەتەوەیی‌و جوگرافی شارەکەو دان نەنان بەکوردی بوونی ناوچەکەدا.

**قۆناغی دووەم:** خۆ ئامادەکردن بۆ هێنانی عەرەب‌و پەیداکردنی نفوسی عەرەبە لەناوچەکەدا, تابتوانێ وردە وردە شوێن پێی خۆیان قایم بکەن‌و وەك خەڵکی پارێزگاکە خۆیان نیشان بدەن, ئەمەش لەپرۆژەی حەویجەدا لەسەردەمی مەلیك غازی 1937وە دەستی پێ کرد.[195]

لەو پێناوەشدا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق, دەستکاری ئامارەکانیان کردووە, چ بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەك ئەوەی کوردیان خستۆتە بەر شاڵاوی کوشتن‌و بڕین‌و کۆچ پێ کردن‌و دانانی عەرەب لەجێیان. یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ, لەرێگای کارکردنە سەر پرۆسەی سەرژمێرییەکان, بەمەبەستی شاردنەوەی ژمارەی دانشتوانی کوردو کەم کردنەوەی رێژەیان, کەئەمەش وادەکات ئەنجامی ئامارەکان لەراستییەوە دور بن.[196] حکومەتی بەغداد چەندین ساڵ بوو سەدان کارمەندی پسپۆڕی شارەزای خۆی خستۆتە کار, بۆ ئەوەی نفوس‌و ئامارەکانی 1957ی کەرکوك بەرەسمی تەزویر بکەن, لەو سجلانەدا کورد بۆ راگوێزان دەست نیشان دەکەن‌و عەرەبیش دەخەنە جێگەیان.[197]

[195] د. رفیق شوانی: کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 228.

[196] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 108.

[197] زاهیر رۆژبەیانی: پەیام, گ, هاواری کەرکوك, ژ(1)ی ئەیلولی 1998, ل 7.

کاتێ لەساڵی 1957 سەرژمێریەکە ئەنجام درا, گەلێك ساختەکاری تێدا دژ بە نەتەوەی کوردو ژمارەیان لەشارەکەدا ئەنجام درا, بۆ نمونە (رەمزی خونخوار [*]) کەیەکێك بوو لەناو نوسەکانی گەڕەکە کوردەکان, بەفەرمانی دەوڵەت زۆر ماڵی کوردی بەتورکمان نوسی بوو, فرو فێڵی زۆری کرد, سەرەڕای ئەو هەموو فرتو فێڵەی زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك هەر کورد دەرچوون.[(198)] خاڵێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت, ئەوەیە کە کاروباری ئامارەکە بەتایبەتی لەناوچەو گەڕەکە هەژارەکاندا, گەلێك فرتو فێڵو ساختەکاری بەخۆیەوە بینیوە, پاش بڵاوبوونەوەی ئاکامی سەرژمێرییەکە 1959 ئەو کارە ئاشکرا بووە کەدەرکەوت زۆرماڵی کورد بەتورکمان نوسرا بوون لەژێر ئەو خاڵەی ئاماژە بەزمانی دایك دەکات, بەتایبەتی کەئەندامانیان زمانی عەرەبیان نەزانیوە کاربەدەستانیش لەبری ئەوان لیستەکانیان بۆ پڕ کردونەتەوە لەئاکامدا هەندێ لەو کوردانە راستەوخۆ سکاڵایان بۆ دەوڵەت بەرزکردۆتەوە, بۆ راست کردنەوەی ئەو ساختەکاریەو هەندێکیش لەڕێگەی دادگاوە هەوڵی ئەوەیان دا ئەو بڕیارە بگۆڕدرێت.[(199)] هەر لەوکاتەی سەرژمێرییەکە ئەنجام درا رۆشنبیرانو قوتابیان ئەوکات بەتایبەتی (عەلی عەسکەری[*])و

([*])رەمزی خونخوار فەرمانبەرێکی تورکمان بووە, بەفینی کاربەدەستان دەستی داوەتە فرتو فێڵ بۆ ئەوەی ژمارەی کورد کەم بکاتەوە.

[198] کەمال غەمبار: کەرکوك دڵی زەوت کراوی کوردوستانە, گ هاواری کەرکوك, ژ(1)ی ئەیلولی 1998, ل 11.

[199] د. جبار قادر: پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك لە1850- 1858, گ نەو شەفەق, ژ(10), کانونی دووەم 2004, ل 11.

([*])شەهید عەلی عەسکەری, کوڕی شێخ عەبدوڵڵای عەسکەرە ساڵی 1938 لەگوندی عەسکەر لەدایك بووە, لەپەنجاکاندا لەکەرکوك خوێندکار بووە, لەو



هاوڕێکانی بەووردی چاودێری ئەو بارەیان دەکرد, پێش ئامارەکە هەندێ زانیاریان دەربارەی ژمارەی دانیشتوانو گەڕەکە تێکەڵەکانی کەرکوك کۆکردبۆیەوە پاش ئاشکرا کردنی ئامارەکە ئەو رۆشنبیرانە بۆیان دەرکەوت, کەمامۆستاو فەرمانبەرە تورکمانەکان بەفرتو فێڵ چەندین ماڵی کوردیان بەتورکمان لەقەڵەم داوە بۆیە عەلی عەسکەریو قوتابیان بەپاڵپشتی پارێزەرو دادوەرە کوردەکانی کەرکوك نارەزاییان دەربڕی لەبەردەم مەحکەمەداو ئەو ماڵە کوردانەیان بانگ کرد بوو کەبەبێ ئاگای خۆیان بە تورکمان نوسرا بوون. دادگاش لێکۆڵینەوەی کردو لەئەنجامدا فۆڕمی نوێی پێدانەوەو خۆیان بەکورد نووسیەوە, لەمەش عەلی عەسکەریو هاوڕێکانی کارێکی وایان کرد لەو سەرژمێریەدا زۆرینەی زۆری دانیشتوانی شارەکە کورد بوونی خۆیان بۆ دەزگا رەسمییەکان بچەسپێنن.[(200)] ئەگەر چی ئاکامی سەرژمێریەکە بەم شێوەیە بوو ژمارەی کورد (187593) بوو لە سەرجەمی تێکڕای لیوای کەرکوك, رێژەکەش لە(48.3٪) بوو, ژمارەی دانیشتوانی عەرەبیش (109620) کەسو رێژەکەشیان لە(28.2٪) بوو, تورکمان (83371) کەسو رێژەکەشیان لە(21.4٪) بوو کلدانیو سریانی ژمارەیان (1605) کەسو رێژەیان لە(0.4٪)بوو.[(201)] بەلام زۆر کەسانی شارەزا گومانیان هەیە لەو ژمارانە, بەتایبەتی مێژوو ناسی کورد مەلا جەمیل رۆژ بەیانی,

ماوەیەدا بەرپرسی یەکێتی قوتابیانی کوردستانو رێکخستنەکانی لیژنەی ناوچەی کەرکوکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو, شۆڕشگێڕێکی هەرە ناودراری کوردستان بوو, ساڵی 1978 لە هەکاری شەڕی ناوخۆدا شەهید کرا.

[200] محمد نوری تۆفیق: شەهید عەلی عەسکەریو هاوڕێکانی لەکاتی سەرژمێرییەکەی ساڵی 1957دا لەکەرکوك, دەست نووس.

[201] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها والقومي, ص 70.

هەروەها دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە کەزۆرینەی گوندە کوردییەکانی ناوچەکە ناونووس نەکراوە, ئەو ژمارە زۆرەی بێ لایەن نوسراون کە(5284) کەس دەبێت بێگومان کوردن, بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك کەئاشکرایە لەلایەن ئەوانەی ئاگاداری سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عێراقن لەشارەکە تۆمار نەکراون.[202]

هەرکە بەعسییەکانیش دەستەڵاتیان گرتە دەست بۆ ئەوەی رێژەی عەرەب لەشارەکە زیاد بکەن, هەر ماڵە عەرەبێکیان هێنا بێتە ناوچەی کەرکوك یەکسەر (سجل نفوس)ی ساڵی 1957ی بۆ کراوە.[203] سەرەڕای ئەوەی حکومەتی عێراقی هانی عەرەبی دەدا بۆ نیشتەجێ بوون لەناوچە نەوتیەکانی کەرکوك‌و کردنەوەی پرۆژەی ئاودێری‌و دابەش کردنی زەوی بەسەریاندا لەناوچەکانی کەرکوکدا. بەپێی سەرژمێری 1957 ژمارەی عەرەبی هاوردە بۆ ناوچەی حەویجە (27705) کەس بووە.[204] لەپاش 1963وە حکومەتی عێراقی دەستی داوەتە سیاسەتی بەعەرەب کردنی کەرکوك‌و لەو پێناوەشدا چەندین کاری ئەنجام داوە:

1-روخاندنی گوندە کوردییەکانی نزیك شاری کەرکوك کە(13) گوند زیاتر بوون.

202 د. جبار قادر: پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك, گ نەوشەفەق, ژ(1)ی 2004, ل 11-12.

203 لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك, ل 123.

204 د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کوردو بەعەرەب کردنی, گ سەنتەری برایەتی ژ(20)ی ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 27.



2-راگوێزانی گوندەکانی ناحیەی (دوبز*)و هێنانی عەرەب بۆ شوێنان‌و تەعریب کردنی.

3-دورخستنەوەی زۆر لەکرێکارو مامۆستاو فەرمانبەری کورد بۆ باشوری عێراق.

4-هێنانی ژمارەیەکی زۆر لەعەرەب وەك پۆلیس‌و کارمەندی نەوت.[205]

بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتەی سەرکەوتوو بێت‌و بتوانێت بەئاسانی سجلی نفوس بگۆڕێت حکومەت کارئاسانی زۆری کرد وەك:

1-بەڕێوەبەرایەتی ناسنامەی شارستانی بەخەڵکانی سیخوڕ پڕ کردەوە, کوردو تورکمانی لێ دوور خستەوە, مەبەستی بوو عەرەبی هاوردە کێشەی بۆ دروست نەبێت.

2-ئەو فەرمانبەرە عەرەبە نوێیانەی لەبەڕێوەبەرایەتی دامەزرا بوون سەبارەت بەمەترسی زیاد بوونی رێژەی کورد خولی تایبەتیان بۆ کرابۆیەوە.

3-پارەو پول‌و زەوی‌و خەڵات بۆ فەرمانبەرە عەرەبە هاوردەکان دابین دەکرا.

بەڕادەیەك هەرچیان پێویست بوایە بۆیان جێبەجێ دەکرا. چونکە بەعس پێی وابوو رێگای بەعەرەب کردنی کەرکوك بەوە دەستەبەر دەکرێت کەهەر ساڵە عەرەبێك بێت یەکسەر سجلی 1957ی بۆ بکات‌و هەر ماڵە کوردێ, دەربکات خێراتر مافی بوونی لەو سجلەدا بسڕێتەوە [206] دەستکاری کردن‌و ساختەکاری لەناو نامە (سجل نفوس)ی

(*)دوبز لەشەستەکاندا ناحیەیەك بوو, بەڵام دواتر کراوە بەقەزاو ناوە تەعریب کراوەکەی (دبس)ە.

205 د. نوری گالبانی: منگقه کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 56-57.

206 لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك, ل 125.

1957دا لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە زیاتر لەدوای ڕێکەوتنامەی (11)ی ئازاری 1970وە دەستی پێ کرد. بەنیازی گۆڕینی باری نەتەوەیی و مێژووی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەر بوو بەتایبەتی پارێزگای کەرکوك، چونکە ئەو سەرژمێریە لەڕێکەوتنامەکەدا لەنێوان سەرکردایەتی کوردو عێراقدا پشتی پێ دەبەسترا لەچارەسەرکردنی کێشە سنووری و سیاسیەکاندا[207]. لەلایەکی ترەوە رژێم هەستاوە بەدانانی ناونامەی (سجل نفوس)ی نوێ لەسەر ناونامەکانی سەرژمێرییەکەی (1957)و نووسینی ناوی (عەرەبە هاوردەکان*) لەو ناونامەیەدا بۆ ئەوەی واپیشان بدات کەئەوانە لەساڵی (1957)وە لەناوچەکانی کەرکوکن، ئابەو جۆرە دەوڵەتی عێراق دەستی کردووە بەکاری ساختەچێتی و بەڕەسمی بەوکارە هەستاوەو هەر بەردەوامیش بووە[208].

بەو جۆرە ناونامەی (سجلی نفوس)ی 1957ی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەیەکجاری شێوێندراوەو گۆڕانێکی بەرچاو لەکەم و زیاد بوونی دانیشتوانیدا سەری هەڵدا بەڕادەیەك جیاوازی نێوان سەرژمێری ساڵی 1957و 1977 هێندە گەورەیە کەعەرەب بۆ خۆشیان بڕوایان پێی نییە[209]. لەگەڵ ئەوەشدا عەرەبی هاوردە بۆ پارێزگاکە دوای نیشتەجێ کردن و دابینکردنی پێداویستییەکانیان

[207] عبدالکریم هاوتا: أهمیە کوردیە کرکوك في احصاء (1957)، مجلە گولان العربی، عدد(39) أب 1999، ص 54.

(*)ئەو عەرەبانەی تاساڵانی کۆتای نەوەتەکانیش هاتوونەتە کەرکوك، خانەی نوێیان بۆ کراوەتەوە لەسجلی 1957دا.

[208] د. نوری گالبانی: منگقە کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی، ص 60-61.

[209] لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك، ل 125.



مەرجی حکومەت ئەوە بوو لێیان نفوسی خۆیان بگۆڕن نەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، هەموویان سجلی 1957 یان بۆ کراوە[210].

## باسی سێیەم: کەرکوک دوای شۆڕشی 14ی تەموزی 1958

### أ-کەرکوك و شۆڕشی 14ی تەموزی 1958:-

دوای ئەوەی لە14ی تەموزی 1958دا کودەتایەك ئەنجام دراو حکومەتی پاشایەتی رووخا، لەسەر دەستی عبدالکریم قاسم و عبدالسلام عارف، بارودۆخێکی نوێ بۆ نەتەوەی کورد هاتە کایەوە، کۆمەڵێ لەمامۆستای کورد یاداشتنامەیەکیان بەرز کردەوە بۆ قاسم، کەتێیدا داوای مافی رۆشنبیری و دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان کرد بەناوی (مدیریە المعارف کوردستان[211]) کەمەڵبەندەکەی کەرکوك بێت، گەلی کورد بەئومێدەوە چاوەڕوانی پێشهات و ئەنجامی گۆڕانەکانی دەکرد، بەڵام شۆفێنیەکانی عەرەب نەیانهێشت ئومێدەکانی کورد بێتەدی، هەر زوو دەستەڵاتی عێراق گەڕایەوە سەر سیاسەتی بەعەرەب کردن و وێرانکردنی کوردستان و تاڵانکردنی ماڵی کورد[212] پاش سەرکەوتنی شۆڕش بەماوەیەکی کەم (نازم تەبەقجەلی) کرا بەسەرکردەی فیرقەی دوو، کەمەڵبەندەکەی لەکەرکوك بوو[213] هاتنی تەبەقجەلی لە 1957/7/16 بۆ کەرکوك سەرەتای دەست پێکردنی گیروگرفتەکان و تێکدانی برایەتی دانیشتوانی کەرکوك بوو،

[210] هەمان سەرچاوە، ل 126.

[211] د. جمال نەبەز: حول المشکله الکردیه، منشورات الأتحاد القومی طلبة الأکراد في أوروبا، 2580ك، 1969ز، ص 48.

[212] غفور مخموری: بەعەرەب کردنی باشوری کوردستان، ل 27.

[213] د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغیر واقعها والقومی، ص 44.

دەست تێوەردانی تەبەقچەلی لەکاروباری کارگێڕیو هاتنی بۆ کەرکوك هەر بۆ ئاژاوە گێڕی بووە, بەپێی راپۆرتە ژێر بەژێرەکانی خۆی, دوو رۆژ دوای شۆڕشی 14ی تەموز[214] بەر لەشۆڕشی 1958و هاتنی تەبەقچەلیش حکومەت ویسیتویەتی ململانێ یەکی توند لەنێوان کوردو تورکماندا دروست بکات.لەسەر ناونانی ئۆتێلێك کەئایا ناوی سیروان بێت یان ئەتلەس, کورد لەگەڵ سیروان بوو, ئەوکاتەش سەرۆك شارەوانی کورد بوو, قسەی کورد چووە سەرو کێشەکە کۆتای هات[215].

بەڵام بەگەیشتنی تەبەقچەلی لەکەرکوك دەستی کرد بەجێبەجێ کردی پیلانەکانی, بەمەبەستی تێکدانی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان, لەڕێگای دەست تێوەردانیەوە لەکاروباری کارگێڕی, سەرۆك شارەوانی کەرکوك (موعتەسەم خەلیفە)ی بێ هیچ بیانویەك لابرد (نورەدین واعیز)ی لەجێ دانا[216]. ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێدرا سەبارەت بەداواکارییەکانی مامۆستای کورد کەدەیان ویست (لیواکانی کەرکوكو هەولێرو سلێمانیو خانەقینو قەزای کوردییەکانی لیوای موسڵ) لەژێر یەك سەرپەرشتیاری بەڕێوەبردندا بێتو یەك سەرۆکی بێت([217]). تەبەقچەلی دژی ئەم داواکاریانە بوو کەلەراپۆرتێکدا بۆ هەواڵ گری سەربازی لە 1958/9/9دا داوا دەکات کەحکومەت بەئاگا بێتەوە لەمەترسی ئەو داوایانە, چونکە پێی وابوو ئەوە مانای سەربەخۆی کوردستانە, هەروەها دەڵێت نابێت ناوەندی مەعاریفی

[214] لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك, ل 177.

[215] کمال غەمبار: کەرکوك دڵی زەوت کراوی کوردستان, گ هاواری کەرکوك, ژ(1)ی هاوینی 1999, ل 11.

[216] لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەروکوك, ل 177.

[217] لیلی نامیق جاف: سەرچاوەی پێشوو, ل 44.



کوردستان لەکەرکوك بێتو ئەگەر بکرێتیش دەبێت کەسێکی عەرەب بێت[218].

## ب-کەرکوك و رووداوەکەی 14ی تەموزی 1959:-

بەنزیك بوونەوەی ساڵیادی شۆڕشی 14ی تەموزی 1958, لەپارێزگای کەرکوکیش, وەك شارەکانی تر, لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی رێك خستنی ئاهەنگ بەو بۆنەیەوە پێکهات, بەسەرۆکایەتی جێگری موتەسەریفو ئەندامێتی نوێنەرانی سەرکردایەتی سوپایو هەموو لایەنە رەسمیو جەماوەرییەکان[219].

بۆ بەیانی کاتژمێری (7)ی 14 تەموزی 1959 رێورەسمی ئاهەنگەکە دەستی پێکرد, بەگەیشتنی جەماوەر بەشەقامی (استقلال) تابورێکی سەربازی کە(60) کەس دەبوون بەرەو خەڵکەکە هاتن کەژمارەیەك تورکمانیان لەگەڵ بوو کەدەیانویست رووبەڕوی خەڵکەکە ببنەوە, بەڵام پۆلیس کەوتە خۆی بۆ ئەوەی رووداوەکە زیاتر نەبێت, بەڵام هەرچۆنێك بوو کەجەماوەر گەیشتنە بەردەم چایخانەی (14)ی تەموز تەقەکردن دەستی پێکرد, کەزیاتر لە(20) تورکمان کوژران, لەگەڵ (130) بریندار[220] هەرچەندە هەندێك لایەن دەیانەوێت ئەو شەڕە بەشەڕی تورکمانو کورد دابنێن, بەڵام ئەو پێکدادانە لەنێوان تورکمانو کۆمۆنیستەکان بوو کەبەشی هەرە زۆریان کورد بوون دژی تورکمان بوونو لەو کۆمۆنیستانە بوون کەپێیان وابوو تورکمان دەرەبەگو سەرمایەدار بوونو دژی حکومەتی قاسمن[221].ئەو

[218] د. نوری طالبانی:منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 128.

[219] د. نوری طالبانی:منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 135.

[220] صنابطاطو: العراق, الشیوعیون والبعثیون والظباط الأحرار, ترجمة عفیف الرزار, کتاب الثالث, طبعة العربیة الأولى, بیروت, 1992, ص 227.

[221] یوسف گۆران: کوردو تورکمان, ل 45.

پێکدادانە خوێناوییەی نێوان تورکمان‌و کۆمۆنیستەکان لەکەرکوك ئەوە پیلانێك نەبوو لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە نەخشە کێشرا بێت, بەڵکو دوژمنەکانی قاسم, ئەوانەی هەمیشە سەرە کۆنەیان دەکرد بەوەی کەپشتی کۆمۆنیستەکان دەگرێت, ئەو کۆنە پەرستانەی کەکودەتای 1958 یان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆستەوە, بەهاوکاری هەندێك کەسانی فاشیستی (پان تورکیزم) کۆمەڵێ بەکرێ گیراوی (I.P.C[*]) ئەو ئاژاوەیان لەکەرکوك گێڕا, بەڵام کۆمۆنیستەکان تاوانبار کران[222]. هەروەها باڵوێزی تورك لەکەرکوك, ئەویش کاریگەری گەورەی لەسەر تورکمان هەبوو لەدروست کردنی کێشەکە لەنێوان کوردو تورکماندا لەکەرکوك, تۆرانییەکان رۆڵی سەرەکیان گێڕا لەدەرکردنی کورد لە(I.P.C) ئەو روداوانە, چونکە تورکیا دەیویست لەڕێگای تۆرانییەکانەوە دەست بەسەر دام‌و دەزگای سوپادا بگرێت[223] لەلایەکی ترەوە نەیارانی قاسم بەتایبەتی ناسیۆنالیستە عەرەبەکان‌و بەعسیەکان هەوڵیان دا کەڵك لەنەیارانی قاسم وەربگرن بۆ ئەو مەبەستە هاوکاری تورکمانەکانیان دەکرد دژ بەکۆمۆنیست‌و حکومەتەکەی قاسم[224]. سەردەمی کۆماری گۆڕانی ئابووری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێنا, کەدژ بەبەرژەوەندی تورکمانەکان بوو, زۆر لەتورکمانەکان خاوەن بازرگانی‌و موڵك‌و سەرمایەداری بوون.

(*)کۆمپانیایەکی نەوتی عێراق بوو کەهەمیشە هەوڵی دەرکردنی کرێکاری کوردی داوەو هی تورکمان‌و عەرەبی هێناوەتە شوێنیان.

[222]د. جەمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی, وەرگێڕانی کوردۆ, چاپخانەی ئازاد, سوید, 1985, لا 196.

[223]مسعود بارزانی: البارزانی والحرکه تحرر الکردیه, جزو الثالث, کردستان اربیل, ص 126.

[224]یوسف گۆران: کوردو تورکمان, ل 44.



شۆڕشی 1958 چەندین بیرو باوەڕی لەو بارەیەوە دەرکرد کەتێیدا بەشێکی زۆری زەوی موڵکی تورکمان دابەش کرا, بەمەش تورکمان, زیانیان بەرکەوت, ئەم بارە کاریگەری خراپی لەسەر تورکمانەکانی کەرکوك هەبوو, بۆیە پاڵی پێوەنان تاگشت هەوڵێك بدەن بۆ دژایەتی کردنی کۆماری نوێ[225].بێگومان ئەو رووداوە دەستەڵاتدارانی عێراق‌و هەندێك لایەنی تر رۆڵی سەرەکیان تێدا بینی لەئامادەکردنی هۆکارەکانی رووداوەکە, کەلەڕێگای بزواندنی هەست‌و سۆزی خەڵکی ساویلکەی هەر دوولا, چاندنی تۆوی ناکۆکی‌و دووبەرەکی لەنێوان‌و هاندانی لایەکیان لەدژی لایەکی تریانەوە[226]. بێگومان شیوعیەکانیش دەستیان هەبوو لەڕووداوەکەی 1959دا کەلە 14-16 تەموزی خایاند[227].

یەکێك لەدەرەنجامە مەترسییەکانی رووداوەکانی کەرکوك کەکەس باسی لێوە نەکردووە, پێکەوە نانی هەندێك رێکخراوی نهێنی تورکمانیە کەبەهاوکاری لەگەڵ هەندێك لە بەرپرسانی ئاسایشی پارێزگاکەدا, بۆ نموونە (یەکەمین کورد کە لەلایەن ئەم رێکخراوانەوە شەهید کرا (حەمە ئەمین شەربەتچی)بوو کەتەمەنی (50)ساڵ تێپەڕ بوو, لەبەردەم دوکانەکانی خۆیدا, لەگەڵ ئەوەشدا سەربە هیچ پارت‌و رێکخراوێکی سیاسی نەبوو, لەئەنجامی ئەم پیاو کوشتنەدا گەلێك خێزانی کورد بەناچاری کەرکوکیان بەجێهێشت. ئەم رێکخراوانە بەردەوام بوون لەکاری تیرۆرستی‌و کوشتن‌و ئاگر بەردان لەدوکان‌و تێزاب کردن بەدەم‌و چاوی خەڵکی دا[228].) لەگەڵ ئەوەشدا

[225] هەمان سەرچاوە, ل 42.

[226]د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 34.

[227] صناابگاگو: سەرچاوەی پێشوو, ل223.

[228]د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 52-53.

حکومەت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێك هێنا کەفەرمانی گرتنی خەڵکێکی زۆری داو بەشی زۆریان بەرەو رووی دادگای عورفی بەغداد کردەوە[229] ئەو دادگایە لەبەغداد چەند کۆمۆنیستێکی کوردی بەمردن سزادا، گوایە لەهەراکەی 14ی تەموزدا دەستیان هەبووە، دادگایەکی سوپای تر هەر لەبەغداد لە(2)ی ئەیلولی 1962دا (7) کۆمۆنیستی بەهەمان تۆمەت بەمەرگ سزادا[230]، پاشان دادگای عورفی بەغداد (28) کەسی تریان گرت کە (27) کورد بوون لە1963/6/22دا بەمردن سزادران[231].

**باسی چوارەم: کەرکوكو کودەتای یەکەمی بەعس 1963:-**

**أ-سیاسەتی بەعەرەب کردنو گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەی پارێزگای کەرکوك:**

لەماوەی نێوان (1957-1965) چەند گۆڕانێکی سیاسی گرنگ روویدا، لەهەمووی گرنگتر، سەرهەڵدانی رژێمی کۆماری 1958و شۆڕشی ئەیلولی 1961، لەکوردستانداو بەردەوامی هێرشی سەربازی، کەبووە سەرهەڵدانی هێڵی بەعەرەب کردنی لەناوچەکەدا[232]. بەعەرەب کردنی ناوچە نەوتاوییەکانی کەرکوك لەسەردەمی کۆماریدا زیاتر بوو، چونکە بەپێی نەخشەو پلانو پەیڕەوکردنی وەك سیاسەتێك لەلایەن دەوڵەتەوە جێبەجێ کرا، دوای رووداوی 1959

[229] هەمان سەرچاوە، ص 51.

[230] د. جمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی کوردۆ، چاپخانەی ئازاد، سوید 1985، ل 208.

[231] هناابطاطو: سەرچاوەی پێشوو، ل 223.

[232] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی کرکوك، کرکوك، ژ(4)ی ساڵی دووەم، بەهاری 2001، ل 49.



چەندین رێکخراوی نهێنی لەکەرکوك دروست کران، کەلەلایەن دەزگا بەرپرسەکانەوە پشتگیری لێ دەکرا. ئەرکی ئەو رێکخراوە نهێنیانە بریتی بوون لەتۆقاندنو کوشتنی کوردی کەرکوكو دەست درێژی کردن بۆ سەر ماڵی کورد بەمەبەستی ناچار کردنیان تاکەرکوك بەجێ بهێڵن[233]. لە 1963/2/28دا بەعسیەکان هەڵسان بەکودەتایەکی سەرنەکەوتوو، ئەوە بوو لەو ساڵەدا زوڵمێکی زۆریان لەکورد کرد. هەر لەو کاتەدا لەشالاوێکی رێکخراودا کەوتنە گرتنو راوەدونانو دژایەتی کردنی کورد کەبووە هۆی دەربەدەرکردنی هەزاران کەس[234]. مەسەلەی بەعەرەب کردنی کەرکوكو گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی شتێکی تازە نەبوو کە بەعسییەکان پێی هەستا بوون، بەڵکو هی حکومەتەکانی پێشتر بوو، بەڵام لەماوەی یەکەمی دەستەڵاتی بەعسیەکاندا 1963 بە بەرنامە دەستی پێکرد، سەرەتا بەتەخت کردنی (23) گوندی دەوری کەرکوك بەبیانوی پاراستنو پاشان عەرەبی هێنایە شوێنیان وەك (شێخ عواص حدید[235]) لە 1963/6/9دا سوپای عێراقو (حەرەس قەومی بەعسیەکان لەناکاو، پەلاماری کوردستانیان دایەوە، بێ بەزەییانە (40) هەزار کوردی دەورو بەری شاری کەرکوکی پڕ نەوتیان دەرپەڕاندو عەرەبی خێڵەکیان لەجێیان دانا) خانووی کوردان بەبلدۆزەر تەخت کران، هەموو چالاکییەکی کوردانەو خوێندنو نوسین بەکوردی قەدەغە کرا،

[233] د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کوردی کەرکوكو بەعەرەب کردنی، گ، سەنتەری برایەتی، ژ(20)ی ساڵی چوارەم، هاوینی 2001، ل 27.

[234] غەفور مەخموری: سەرچاوەی پێشوو، ل 28.

[235] مسعود بارزانی: البارزانی والحریە التحریە الکردیە، جزء الثالث، أربیل، 2002، ص 134.

هەتا ناوی کوردی سەر دوکانەکانو بازاڕەکان لابرانو ناوی عەرەبی هەڵواسرانو مەڕو ماڵات تاڵان کرانو رەزو باخ سوتێنرا[236] ئەو خێڵە عەرەبانەی کەلەساڵی چلەکانەوە لەدەشتی حەویجە نیشتەجێ کران جگە لەسەرۆکەکانی خێڵی عوبێد وەك (نازم عاسیو شێخ مزهیر عاسی) نەبێ هەموویان لەو هێرشە چەکداریە بەشدار بوون کەڕژێم لە1963 کردیە سەر گوندە کوردییەکان, رژێم هەندێك تیپی لێ پێك هێنابوون بەناوی (سوارەی خالیدی کوڕی وەلید[237]) یەکەم کارێك کەسوپای (الحرس القومی) بەهاوکاری دەزگاکانی ئاسایشی شارو هەموو بلدۆزەرەکانی شارەوانی لەساڵی 1963 لەشاری کەرکوك ئەنجامیدا, بریتی بوو لەروخاندنی تەواوی گەڕەکی کۆماری کەکوردە هەژارەکانی کەرکوکی تێدا دەژیان[238].

هەر لەمانگی حوزەیرانی 1963دا, بەهەزاران کورد لەخەڵکی شاری کەکوك بەرەو بەندیخانەی (المسيب) راپێچ کرانو دەستەڵات کەوتبووە دەست حەرەس قەومییەکانەوە, ئەم سیاسەتانە بۆ گۆڕینی نەتەوەیی شاری کەرکوك جێبەجێ کران کەدەمێك بوو خۆیان بۆ ئامادە کردبوو(نسمیر) .جگە لەمانە لابردنی کرێکاری کورد لەکۆمپانیای نەوت, یان گواستنەوەیان بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکوك, هەروەها رژێم ژمارەیەکی زۆری کارمەندی کوردی دوورخستەوە بۆ باشوورو ناوەڕاستی عیراق کەبەشێکیان مامۆستای ناوەندیو ئامادەیو سەرەتای

[236] د. جمال نەبەز: کوردستانو شۆڕشەکەی, ل 223.

[237] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها والقومي, ص 43.

[238] د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کورد, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی ساڵی چوارەم, هاوینی 2001, ل 27.

[239] د. رەفیق شوانی: کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی هاوینی 2001, ل 230.



بوون (بڕشمیر) لە 1963/6/23دا (28*) کوردی بێ تاوانیان لەخەڵکی کەرکوك لەسێدارەدا وەك شێخ مارف بەرزنجیو هاوڕێکانی, بەتۆمەتی بەشداری کردنیان لەئاژاوەکەی 14 تەموزی 1959دا (بتشمیر) .

میری ژمارەیەکی زۆری عەرەبی هێنا وەك پۆلیسو کرێکاری کۆمپانیای نەوت لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شارەزاییەکی لەوەوپێشیان نەبوو, چونکە هەمووی عەرەبی خێڵەکی بوون[242] هەروەها دروستکردنی سەدان رەبیەی سوپای لەبەرزاییەکانی دەوری کەرکوكو لەو شوێنانەی نزیك نەوتنو کرانە ناوچەی یاساغ, پاشان لوغم رێژکران.

چەکدار کردنی ئەو خێڵە عەرەبانەی هێنرابوون بۆ نیشتەجێکردنیان لەگوندە کوردییەکاندا بۆ دژایەتی کردنی پێشمەرگەی کوردو دانیشتوانی تری گوندە کوردییەکانی تری ناوچەکە[243] هەر لەمانگی 6ی 1963دا دەیان هەزار خێزانی عەرەبیان هێناو لەناوشاری کەرکوك نیشتەجێیان کرد بەشێوەی (الستيگان)و چەندین گەڕەکی بۆ دروستکردن لەوانە (الكرامه, المثنى, البعث, الاندلس, حي ضباط, الواسيطى, الاشتراكية, غرناطة, الحجاج, العروبة, قتيبة, الحرية,

[240] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها والقومي, ص 57.

(*)ئەو (28) کوردە بەتۆمەتی بەشداری لەرووداوەکەی (1959) دەستگیر کران, پاشان بەردران, دوای کودەتاکەی 1963 جارێکی تر گیرانەوە, ئەوەبوو لە 1963/6/23 لەلایەن دادگای عورفی بەغدادەوە بەحوکمی لەسێدارەدان سزادران.

[241] د. رفیق شوانی: کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ, گ سەنتەری برایەتی ژ (20)ی هاوینی 2001, ل 23.

[242] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها والقومي, ص 57.

[243] هەمان سەرچاوە, ص 57.

القادسية, الشرطة, هتد) لەبەرامبەردا رژێم پارەی بەشێوەی (منحە)و شوێنی نیشتەجێی دەدا بەو خێزانە کوردانەی کەرکوك بەجێ دەهێڵن [244] لەناوەڕاستی مانگی 6. 1963 دا بەدرێژای ڕێگای نێوان شارۆچکەی دوبزو شاری کەرکووك‌و دەوروبەرەکەیدا هەموو گوندەکانی وێران کران. ([245]) کە ژمارەیان (33) گوند بوو سەر بە ناحیەی دوبز بوون کە باشتر کرا بە قەزایەکی تەعریب کراو بە ناوی (بس)و ژمارەیەکی زۆر عەرەبی بۆ هێنراو لە جێی خێزانە کوردە جوتیارەکان دانران‌و کە ڕاگوێزرابوون.([246])

دەرکردنی کەس‌و کاری پێشمەرگە لە مەڵبەندی ناوچەکانی ڕێدار لە شوان‌و لەیلان‌و دوبز... هتد بە تایبەتی لە 1964 بە دواوە کەسەر بە پارێگای کەرکووك بوون‌و هەروەها سوتاندنی هەندێك گوندی ناوچەی شوان لە بناری خاڵخاڵان بۆ جاری دووەم، لەساڵی 1964-1965، بەبیانوی شەری پێشمەرگەو حکومەت ([247])

لە ئەنجامدا تێکڕای ئەو گوندانەی سەر بە مەڵبەندی قەزای کەرکووك بوون کاول کران لە (218) گوند بوون (61394) * کەسیان تێدا

[244] د. نوری تاڵەبانی: تاوانەکانی رژێمی عیراق کەدەچنە خانەی پاکتاوی مرۆی, گ کەرکوك, ژ(1)ی هاوینی 1999, ل 103.

[245] محمد سەعید سۆفی: پارێزگای کەرکووك لە ناو پاکتاوی رەگەزیدا ل 25

[246] د. نورە تاڵەبانی: سیاسەتی گۆرینی واقعی نەتەوەی کەرکووك لە کۆنەوە تا ئەمرۆ،گ، کەرکووك، ژ (1)ی ساڵی سێ یەم، هاوینی 2001، ل190.

[247] د. ڕەفیق شوانی: کێشەی بە عەرەب کردنی کەرکووك لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ،گ، سەنتەری برایەتی ژ(20)ی هاوینی 2001 ل30.

* دیارە ئەو ژمارەیە ئەو خێزانە کوردانە ناگرێتەوە کە ساڵی 1959 هەریەکە بە جۆری ناچار کراون کەرکووك بەجێبهێڵن وەك ئەوەی خێزانی کوری سەربازی نەکردووەیان چووتە ریزی شۆرشی کوردەوە، یان لە دەرەوەی عێراق بووە.



دادەنێت‌و کۆچیان پێ کرا، کە زۆربەیان جوتیار بوون‌و بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون. ([248])

لە ئەنجامی سیاسەتی بە عەرەب کردن‌و ڕاگوێزانی کوردو وێران کردنی گوندەکانی پارێزگای کەرکووك لەبەرامبەردا لەماوەی ساڵانی 1957–1965، قەبارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەرێژەی لە (2.7٪) لە ساڵێدا بەرز بۆتەوە دروست کردنی قەزای حەویجە 1962دا بە رووبەری (8٪) ڕووبەری پارێزگاکەو بەرێژەی لە (17٪)ی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە.

کەزۆربەیان لەعەرەب هێنرابوون بۆ نیشتەجێ کردنی ناحیەی تازەو دوبزو لکاندنەوەی بەناوەندی قەزا, کەبووە هۆی زیاد بوونی دانیشتوان بەرێژەی لە(4.6٪) لەهەمان کاتدا بووە هۆی کەم بوونەوەی قەبارەی دانیشتوانی قەزای کفری‌و دووزخورماتوو ([249]).

ب- کەرکوك‌و پرۆژەی لامەرکەزیەت 1963:

کاتێك حزبی بەعس لە 1963/2/8 هاتە سەردەستەڵات, بەبێ بەرنامەیەکی کارکردن‌و بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد, بۆیە بۆئەوەی بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە, بەڵێنی بەسەرکردایەتی کورددا بەئۆتۆنۆمی ([250]) چونکە شۆڕش گرفتی بۆ دروست دەکردن‌ونەشیان دەتوانی خۆیان لەراستییەکان لابدەن بۆیە کەوتنە باسی لامەرکەزیەت, کە بەوپێیە عیراق لە(5) پارێزگا پێك بێت: سلێمانی‌و هەولێرو قەزای دهۆك‌و قەزای چەمچەماڵ پێکهاتبوو, واتە بەبێ

[248] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك و محاولات تفيروا قصها والقومی، ص8

[249] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕی‌و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی کەرکوك, گ. کەرکوك, بەشی یەکەم, ژ(1)ی هاوینی 1999, ل 49.

[250] د. عبدالفتاح علی یحیی البوتانی: وثائق عن الحركه القوميه الكورديه التحرريه, طبعة الاولى, هەولێر, 2001, ل 230.

کەرکوك‌و دیالەو خانەقین‌و گەلێك لەهەرێمەکانی بادینان لەکوردستان [251] ئەوەبوو لە 1963/3/8 گفتوگۆی نێوان شۆڕشی‌کوردستان‌و بەعسیەکان دەستی پێ کرد کەسەرەتا نێردراوەکان لە (جەلال تاڵەبانی)و (فواد عارف) پێکهات‌و بەرەو میصر کەوتنە ڕێ [252] ماوەیەکی کورت پاش ئەوە لە(5)ی مایسی 1963دا، گفتوگۆی رەسمی لەنێوان شۆڕش‌و رژێمی بەعسی عارفیدا لەڕێگەی (طاهیر یحیی)* وە دەستی پێکرد، کە پێشتر لە(8.7)مارتدا هاتبوونە کوردستان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش[253]. لەبەڵگەنامەیەکدا کەلە 1963/3/23دا نوسراوە کەباس لەو پرۆژەیە دەکات کەکورد بۆ لامەرکەزیەت خستویەتیە پێش سەرانی رژێم کەزیاتر لە(90) داواکاری گرنگ بووە، وەك (6) خاڵی گرنگی تریش پێکهات بوو.

لەداواکاری دووەمدا هاتووە کەتایبەتمەندە بەناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان کەجەخت لەسەر دیاریکردنی سنوری کەرکوك‌و سلێمانی‌و هەولێرو ئەو ناوچانە دەکات کە زۆرینەی کوردن لەلیوای موسڵ‌و دیالەدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەلەو پرۆژەیەدا سەرکردایەتی کورد پێی لەسەر سنوری کەرکوك داگرتووە[254].

لە(1)ی تەموزی 1963دا رژێم پلانی (یاسای پارێزگاکانی) بڵاوکردەوە، بەم پێیە عێراق بەسەر پێنج پارێزگادا دابەش کرا، یەك لەوانە پارێزگای سلێمانی بوو کەهەندێ شاری کوردنشینی وەك

---

[251] جەمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالیستی کورد، سوید، 1998، ل 59.

[252] مسعود بارزانی: البارزانی والحرکە التحرریە الکردیە، جزء الثالث، اربیل، 2002، ل 84.

(*)وەفدی عێراقی بوو کەهات بۆ دانیشتن لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا.

[253] د. جمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی، ل 220-221.

[254] د. عبدالفتاح علی یحیی البوتانی: سەرچاوەی پێشوو، ل 232.



هەولێرو دهۆك‌و سلێمانی گرتەوە، شاری پڕ نەوتی کەرکوك‌و خانەقین‌و سنوری نێوچەی شێخان‌و سنجاری یەزیدییەکانی تێدا نەبوو، دەبێت ئەوەش بڵێین کەئەو دەمە شۆفێزمینی‌و رەگەز پەرسترین دەستەی بەعسی فەرمان رەوا بوون[255]. سەرەنجام حکومەت دانی بەو کارگێڕییەدا نا کەهەندێك ناوچەکاربەدەست‌و فەرمانبەری کوردی تێدا هەڵبژێردرێن. بەڵام بەشێوەیەك کوردستان کرا بەدوو مەڵبەند کەرکوك‌و سلێمانی، کەکەرکوك لەژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدا بێت. ئینجا رێگە بەکورد درا بوو بەزمانی زگماکی خۆیان کەکوردیە لەناوچەی سلێمانی‌و کەرکوك بخوێنن‌و بنوسن، بەڵام دانی بەیەکپارچەی کوردستاندا نەنا، لەدوایدا دەرکەوت حکومەت مەبەستی بوو خەڵك فریو بدات‌و هیچ کەڵکی بۆ کورد نەبوو[256].

لەبەر ئەوەی ئەوانە بۆچونێکی بەعسیانە بوو سەرکردایەتی کورد پێی رازی نەبوو، ئەوە بوو لە (9)ی حوزەیرانی 1963دا جارێکی تر شەڕ هەڵگیرسایەوە[257]

---

[255] د. جمال نەبەز: کوردستان‌و شۆڕشەکەی، ل 222.

[256] کریس کۆچێرا: مێژووی کورد لەسەدەی 19-20دا، ل 366.

[257] د. جمال نەبەز: دۆزی ناسیۆنالیستی کورد، ل 59.

# بەشی سێیەم

## پارێزگای کەرکوك لەئاماری 1965دا:-

**باسی یەکەم:**

**پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکە لەئاماری 1965دا:-**

**باسی دووەم:**

**گۆڕینی سنوری کارگێڕیو پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکە:-**

**باسی سێیەم:**

**بەعەرەب کردنی کەرکوك 1968-1977:-**



## بەشی سێیەم: کەرکوك لەدوای ئاماری 1965دا

### پێکهاتەی دانیشتوان و گۆڕینی باری نەتەوەیی:-

**باسی یەکەم: پێکهاتەی نەتەوەیی لەئاماری 1965دا:-**

لەدروست کردنی عێراقی دەست کردەوە تا ئەمڕۆ (هەشت جار) سەرژمێری دانیشتوان کراوە, بڕیار دراوە هەر دە ساڵ جارێك, سەرژمێری گشتی ئەنجام بدرێت, بڕیارەکەش پەیڕەو کراوە, جگە لەئاماری 1965 نەبێت, کەسەرژمێری پێنجەمە, کەدەبوو ساڵی 1967 بکرێت, بەڵام لەبەر مەبەستی رامیاریو سەربازی, بەتایبەت بەهۆی شۆڕشی کوردستانو دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەوە, کەنە دەتوانرا ژمارەیان دیاری بکرێتو زانینی پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی باشوری کوردستانیش (کوردستانی عێراق) دوو ساڵ ئامارەکەیان پێش خست[258].

ئەوە بوو لە(1965/10/14) سەرژمێریەکە ئەنجام درا, کەدەبوو ساڵی 1967 ئەنجام بدرێت, ئەمەش زیادە رەوییەك بوو بۆ بڕگەی (13) لەیاسای تۆماری باری کەسێتی شارستانی ژمارە (189) بۆ ساڵی (1964)[259]. چونکە ئەو بڕیارە وەزارەتی ناوخۆ دەریدەکرد بەژمارە (23980) لەرۆژی 1964/12/21, کەلیژانەیەکیان پێکهێنا بۆ سەرژمێری 1965, ئەوە بوو لیژنەکە لە1964/12/27

---

258 عبداللە غفور: دینامیکی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 2000, ل 5-6.

259 عبدالكريم هاوتا, اهمية كوردية كركوك في احصاء, 1957, مجلة گولان العربي عدد (39), ل 52.

کۆبوونەوەیەکی کرد[260]. لەئاماری 1957دا ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك (388.839)بووە, لەئاماری 1965دا, (430.940) کەس بووە[261].ژمارەی دانیشتوانی کورد لەئاماری 1957دا (187.593) کەس بووە لەکۆی (388.839) کەس کەسەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە بووە, کەدەکاتە (48٪) سەرجەمی دانیشتوان, کەچی لەئاماری 1965دا ژمارەی دانیشتوانی کورد (170.905) کەس بووە لەکۆی (473.626*) کەس سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە, کەدەکاتە (36.08٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە[262] لێرەدا ئەو راستییە دەردەکەوێت کەژمارەی کورد لەئاماری 1965دا زۆر دابەزیوە, بەبەراورد لەگەڵ ئاماری 1957دا. لە1957دا کورد لە (48٪) سەرجەمی دانیشتوانی پێکهێناوە, کەچی 1965دا دابەزیوەتە خوارەوە بۆتە (36.08٪)[263]. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی بەعەرەب کردنو راگواستن کەلەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە لەمەڕ کەرکوك جێبەجێ

[260] دلیل التعداد عام السنة 1965, الجزء الثالث عشر, دلیل خطة العامة التعداد, ص 963.

[261] د. شاکر خصباك: سەرچاوەی پێشوو, ل 242.

(*)ئەم ژمارەیە راسترە لەژمارەکەی د. شاکر خصباك کەژمارەی دانیشتوانی کەرکوکی بە(430.940)کەس داناوە.

[262] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, هەولێر, 1990, ل 10.

[263] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, 1998, ل40.



کراوە[264] بۆیە دەبینین رێژەی کەم بوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لەماوەی 1965 تا 1977 ساڵانە (1٪) هاتۆتە خوارەوە[265].

لەبەرامبەردا رێژەی عەرەب لەپارێزگای کەرکوکدا هەر لەزیادبوندا بووە, ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لەساڵی 1957 لەپارێزگای کەرکوکدا (109620) کەس بووە, لەکۆی (388.839) کەس سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە, کەرێژەیان دەکاتە (28.2) تێکڕای دانیشتوانی پارێزگاکە[266]. کەچی لەماوەی 1965دا ژمارەی عەرەب (177904) کەس بووە لەکۆی (430.940) کەس[267]. کەرێژەکەیان بەرز بۆتەوە بۆ (39٪) لەتێکڕایی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکدا[268].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کەزیاد بوونی رێژەی دانیشتوانی عەرەب لەپارێزگاکەدا, لەماوەی نێوان 1965 تا 1977دا ساڵانە (5٪)بووە, هی دانیشتوانی کوردو تورکمانیش لەدابەزیندا بووە, لەکاتێکدا رێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی عەرەب لەماوەی 1957-1965دا لەسەرانسەری پارێزگاکەدا سێ بەرامبەر بووە. ئامارەکان بەئاشکرا جیاوازی رێژەی گەشەی نەتەوەکانی پارێزگای کەرکوك دەردەخەن, ئەمەش بەڵگەیە لەسەر هەوڵی دەوڵەتو قەتیس کردنی نەتەوە

[264] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 10.

[265] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 40.

[266] د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 71.

[267] د. شاکر خصباك: سەرچاوەی پێشوو, ل 135-138.

[268] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 12.

ناعەرەبەکانو نیشتەجێ کردنی عەرەب لەجێگایان[269] ئەگەر سەیری پێکهاتەی تورکمانیش بکەین دەبینین لەئاماری 1957دا ژمارەیان (83371) کەس بووە لەکۆی (388.839) سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە, کەرێژەیان دەکاتە (21.4٪)ی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك[270] لەئاماری 1965دا ژمارەی تورکمان لەپارێزگای کەرکوکدا (153479)کەس بووە, لەکۆی (430.940*) کەس سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك[271] کەرێژەی سەدیان دەکاتە (20٪) کەمتر[272]. گەشەی ساڵانەی تورکمانیش لەپارێزگاکەدا ساڵانە (1.1٪)بووە[273] بۆیە رێژەی زیاد بوونی دانیشتوانی تورکمان لەنێوان 1965-1977 تەنیا (1.4٪)بووە[274]. هەرچی کەمینەکانی ترن وەك کلدانیو سریانیو ئەرمەنیو ئاشوری قەبارەیەکی ئەوتۆ پێك ناهێنن, تا کار لەگۆڕانی پێکهاتەی نەتەوەی دانیشتوانی پارێزگاکەدا بکاتو لەبەر ئەوە گرنگی پێ نادەین.

[269] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 40.

[270] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها والقومي, ص 71.

(*)تێبینی ئەو ژمارانەی بۆ کوردو تورکمانو عەرەبە کە د. شاکر خضباك بەکاری هێناوە بەپێی زمانی دایك بووە نەك بەپێی باری نەتەوەی.

[271] د. شاکر خضباك: سەرچاوەی پێشوو, ل 135-138.

[272] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم 1998, ل 40.

[273] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 108.

[274] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 40.



بۆیە لەماوەی نێوان 1957-1977, رێژەی کوردو تورکمان لەکەرکوكو ناوچەکانی لەکەم بوونەوەدا بووە, بەهۆی راگواستنی کوردو تورکمانو رێگە نەدان بەمافی موڵکایەتی زەویو خانو بەرە بەشێوەیەکی بەردەوامو لەبەرامبەریشدا دانیشتوانی عەرەب لەزیاد بوونێکی زۆر دیاردا بووە, بەهۆی هێنانی دانیشتوانی عەرەب لەباشورو ناوەڕاستی عێراقەوە, بەئیمتیازاتی زۆرەوە لەبارەی زەویو دامەزرامدنیان لەدەزگا گرنگەکانی عەسکەری, ئەمنی, موخابەراتی, حزبی.. هتد[275]. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گۆڕانانە لەپێکهاتەی نەتەوەیو کەمینەکانی کەرکوکدا, دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دەوڵەت دژی ناعەرەبەکان, هەروەها بۆ بارودۆخی نائاسای لەکوردستاندا. هۆیەکی تر ئەوەیە کەخەڵك ناچار بوو راستی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن, تارژێم تووشی گرفتیان نەکات[276]. چونکە رژێم کوردو تورکمانو مەسیحییەکانی ناچار کرد بۆ ئەوەی خۆیان بەعەرەب بنوسن, بەتایبەتی لەپارێزگای کەرکوکو موسڵو دیالەدا, ئەمەش مەبەستی کەم کردنەوەی رێژەی کوردو کەمینەکانی بوو, ئەگینا چۆن رێژەی کورد لەساڵی 1977 کەمتر دەبێت لەو رێژەیەی کەلەسەرژمێری 1947و 1957 هاتووە[277].

دوای هەرەسی شۆڕشی کوردستان, رژێم بەشێوازێکی ترو شۆفێنی ترو رەگەز پەرستانە تر کەوتە گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەی لەپارێزگای

[275] حکومەتی هەرێمی کوردستان: راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك چوار ساڵ کارو خزمەتو بوژانەوەو ئاشکرا کردنی سیاسەتی راگواستنو تەعریب, ل 8.

[276] د. جبار قادر: پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوك, لەساڵانی 1850-1958, گ, نەوشەفەق, ژ(10)ی 2004, ل 12.

[277] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 79.

کـەرکوك‌و پاشـان ئـەو سیاسـەتە ناوچـەکانی تـری کوردسـتانی گرتـەوە[278]. لـەو ماوەیـەدا گـۆڕانێکی گـەورە بەسـەر پێکهاتـەی نەتـەوەیی نـەژادی دانیشـتوانی پارێزگاکـەدا هـاتووە, بەتایبـەتی لەحەفتاکاندا ڕێژەی دانیشتوانی کـەرکوك بەئاشکرا دابـەزیوە لـەماوەی 1970-1977 ساڵانە بەڕێژەی (1٪) ڕێژەی دابەزیوە, ئـەویش بـەهۆی پچـڕاندنی چـوار قـەزا لـەپارێزگای کـەرکوك لەوانـە: کفـری‌و چەمچەماڵ‌و کـەلارو دووز خورمـاتوو, لەبـەر ئـەوە پێکهاتـەی کـارگێڕی پارێزگای کەرکوك تەنیا لەسەر قەزای حەویجەو قـەزای دووبـزو قـەزای ناوەنـدی کـەرکوك مایـەوە[279] ئەمـەش وای کـردووە بەئاشـکرا ڕێـژەو ژمارەی دانیشتوانی عەرەب زیادی کـردووە, کـەزۆر لەراسـتییەوە دوورە, لەسـەر ئاسـتی پارێزگـای کـەرکوك ڕێـژەی کـورد لـە 1965دا (36٪) بووە, لە 1977دا (37.53٪) بووە, کەچی ڕێژەی عەرەب لـە 1965دا (38.96٪) بـووە لـە 1977دا دابەرزبۆتـەوە بـۆ (44.59٪)[280]. ئـەم گۆڕانـەش لەئـەنجامی سیاسـەتی بەعـەرەب کـردن‌و ڕاگواسـتن‌و جینۆسایدی خەڵکی کوردەوە بووە.

بڕوانە خشتەی ژمارە (5).

خشتەی ڕێژەی نەتەوەکانی پارێزگاکە بەپێی ئاماری 1965:

| ساڵ | کورد | عەرەب | تورکمان | کەمینەکانی تر |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٦٥ | ٪٣٦,١ | ٪٣٩ | ٪١٩,٥ | ٪٥,٤ |

[278] مە[illegible]موز 1958, کوردستان 1999, ص 125.

[279] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا, ل 107.

[280] د. ئـازاد نەقشـبەندی: کاریگـەری نـەوتی کـەرکوك لەسـەر ڕاگـوێزانی کـورد لەکـەرکوك‌و بەعـەرەب کردنـی, گ سـەنتەری برایـەتی, ژ(20)ی هـاوینی 2001, هەولێر, ل 29.



**خشتەی ژمارە ( 5 )**

## باسی دووەم: گۆڕینی سنوری کارگێڕی‌و پێکهاتەکانی:-

### أ-قۆناغی یەکەم لەنێوان 1965-1970دا

لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتدا سـنورە کـارگێڕی‌و نەخشـەی کارگێڕییـەکانی پارێزگـای کـەرکوك گـۆڕین‌و دەسـتکاری کردنـی بـەردەوامیان بەخۆیانـەوە بینیـوە, نـەك تـەنیا لەپێکهاتـەدا بـەڵکو لەڕووبـەرو ناویشـدا, بـەوەش کاریگـەری خسـتە سـەر بەشـێکی زۆر لەڕوخسارە دیموگرافیەکانیان, بەتایبـەتی سـەبارەت بەقـەوارەو گەشـەی دانیشتوان‌و پێکهاتەی نەتەوەی‌و ئاینی‌و زمانـەوانی. هـیچ پارێزگایـەکی تری عێراقیش, ئەوەندەی پارێزگای کەرکوك گۆڕینی سـنوری کـارگێڕی بەخۆیەوە نەدیوە[281].

بـەپێی سـەرژمێری سـاڵی 1965 پێکهاتـەی کـارگێڕی کـەرکوك بـەم شێوەیە بوو:

1-قەزای کەرکوك: ناوەندی ناحیەی کەرکوك, ناحیەی تازە خورمـاتوو, قەرە حەسەن, ئاڵتون کۆپری, شوان, دوبز.

2-قەزای کفری: ناحییەی ناوەند کفری‌و پێبازو قەرەتەپەو شێروانە.

3-قەزای چەمچەماڵ: ناوەندی قەزا, ناحیەکانی سەنگاو, ئاغجەلەر.

4-قەزای طوز: ناوەندی طوز, ناحیەکانی قادر کەرەم, داقوق.

5-قەزای حەویجە: ناوەندی حەویجە, ناحیەی ریاض([282]).

[281] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیـداری پارێزگـای کـەرکوك, گ سـەنتەری ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم شوباتی 1998, ل 34.

[282] دلیل التعداد عام لسنه 1965, ل 131.

لــەپارێزگای کەرکوکــدا بــەپێی ســەرژمێری 1965دا لەســنوری کارگێڕیەکدا (5) قەزاو (13) ناحیە بوو[283].

هەر بەپێی ئەو سەرژمێریە ژمارەی گوندەکانی یەکە کارگێڕیەکانی پارێزگاکە بەژمارەی دانیشتوانەوە تۆمار کراوە, لەقەزای کەرکوکدا بەسەرجەم ناحیەکانیەوە بەناحیەی ناوەندەوە ژمارەی گوندەکانی (294) گوند بووە, قەزای کفری بەناحییەکانییەوە (323) گوندی لەسەر بووە, قەزای چەمچەماڵ بەهەردوو ناحیەکەیەوە (218) گوندو قەزای (طوز★) (265) گوندو قەزای حەویجە (272) گوندی لەسەر بووە, کەسەرجەم گوندەکانی پارێزگاکە لەساڵی 1965دا دەکاتە (1372) گوند[284] لێرەدا دەبینین قەزای حەویجە گرنگی زۆری پێدراوە, ئەوە بوو ساڵی 1942 کراوەتە ناحیەو ساڵی 1962 کراوەتە قەزاو نزیکەی (64)کم لەکەرکوکەوە دوورە, لەساڵی 1955 (محمد سعید ابراهیم) کوردێکی خەڵکی سلێمانی بەرێوەبەری ناحیەکەی بووە[285] بەڵام د. شاکر خصباك بەم شێوەیە کارگێڕییەکانی پارێزگای کەرکوك دیاری دەکات بەپێی سەرژمێری 1965:-

283 دلیل التعداد عام لسنة 1965, الجزء السابع, دلیل الحدود الموقعة للمدن والقصبات, ص 578-580.

(*)گوز ناوی تەعریب کراوی دووز خورماتووە کەحکومەت بۆ ئەوەی ناوە کۆنو کوردیەکەی بسڕێتەوە لەئامارو ناونانی کارگێریدا بە(طوز) ناوی بردووە.

284 دلیل تعداد عام لسنه 1965, جزء الثاني, الدلیل القری, لیواو کرکوك, ص 131.

★ (دبس) ناوی تەعریب کراوی (دوبزە)

285 محمد سعید سوفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 38.



1-قەزای کەرکوك: ناوەندی قەزای کەرکوك, ناحیەکانی شوانو قەرە حەسەنو دوز خورماتوو, پردێو دبس★.

2-قەزای کفری: ناحیەکانی قەرەتەپەو جەبارە.

3-قەزای حەویجە: ناوەندی قەزا, ناحیەکانی ریاض.

4-قەزای کەلار: ناوەندی قەزا, ناحیەکانی شێروانە, پێباز.

5-قەزای چەمچەماڵ: ناوەندی قەزای چەمچەماڵ, ناحیەکانی سەنگاو ئاغجەلەر.

6-قەزای توز خورماتوو: ناوەندی قەزا, ناحیەکانی قادر کەرەم, داقوق, ئامرلی, سلێمان بەگ[286].

گرنگترین گۆڕانو روخساری قۆناغی 1965-1970 ئەمانەن:-

أ-گەشەکردنی خێرای قەوارەی دانیشتوانی قەزای حەویجە کەرێژەکەی ساڵانە گەیشتۆتە نزیکەی (6٪), ئەم رێژەیەش سێ بەرامبەری رێژەکانی گەشەی دانیشتوانی پارێزگاکاکەیە. ئەمەش ئەندازەی بایەخدان بەم قەزایە دەردەخات.

ب-پێکهێنانی ناحیەکانی ئامرلیو سلێمان بەگو لکاندنیان بەقەزای دووز خورماتووە, کەبووە هۆی زیاد بوونی قەوارەی دانیشتوانی قەزا کەبەرێژەی ساڵانەی (4٪)دا.

ج-قرتاندنی ناحیەکانی پێبازو شێروانە لەقەزای کفریو لکاندنیان بەقەزای تازە دامەزراوی کەلارەوە کەرووبەرەکەی (24٪) رووبەری پارێزگاکەو دانیشتوانی (5٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگاکە بوو. ئەمەش بووە هۆی دابەزینی قەوارەی دانیشتوانی کفری[287]. پاشان پارێزگاکەش.

286 د. شاکر خصباك: سەرچاوەی پێشوو, ل 140.

287 د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 36.

## ب-قۆناغی دووەم: 1970-1977

لەئازاری 1970دا بەناچاری‌و لەئەنجامی گوشاری سیاسی‌و ئابوریدا له(11)ی ئازاردا بەعس دانی نا بەبەشێك لەمافە نەتەوەییەكانی گەلی كورددا, بەم شێوەیە توانی بەشێوەیەكی كاتی مەسەلەی كورد هێور بكاتەوە, لەو ماوەیەدا گۆڕانی سیاسی گرنگ رویاندا, لەوانە خۆماڵی كردنی نەوت كەحكومەت بەو هۆیەوە بووە خاوەن سوپایەكی مودێرنی خاوەن چەكی نوێ‌و هێنانی هەزاران عەرەب بۆ كەركوك[288]. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی رێكەوتنامەی ئازاری 1970و شەڕی ساڵانی 1974-1975ی نێوان بزوتنەوەی كوردو حكومەتی عێراق رێكەوتننامەی جەزائیر لەنێوان عێراق‌و ئێراندا, كەكاریگەری خراپی كردە سەر كوردستان[289] بۆیە رژێم سەرەتا لەگۆڕینی ناوەكانەوە دەستی پێ كرد, بۆیە لە (1)ی (6)ی 1972دا ناوی پارێزگای كەركوكی گۆڕی‌و كردی بەپارێزگای (التأميم) ئەمەش بەهۆی خۆماڵی كردنی كۆمپانیا بێگانەكانی نەتەوە كەلەعێراقدا كاریان دەكرد كەمەبەستی سەرەكی حكومەت بەعەرەب كردنی پارێزگاكە بوو[290]. ئەمەش بەپێی بڕیاری كۆماری ژ(41) لە1976/6/1دا بەپشت بەستن بەمادەی (4)ی یاسای پارێزگاكانی ژمارە (159) ساڵی 1964, كەتێیدا بڕیاری چەسپاندنی ناوی

[288] ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیجی عێراق‌و سێكوچكەی بەعسیان تەرحیل، تەعریب، تەبعس, چاپی دووەم, سلێمانی, 1999, ل 240-241.

[289] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای كەركوك, گ سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 36.

[290] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها والقومي, ص 68.



(تأميم) بەیەكجاری دەبات[291]. لەو ماوەیەدا حكومەت هەوڵی گۆڕینی سنوری كارگێڕی ناوچەكانی داوە بەتایبەتی پارێزگای كەركوك, هەر بۆیە لەیاسای حوكمی زاتیدا ناوچەكانی كەركوكی لەدەرەوەی بازنەو سنوری ئەو حوكمە زاتیەدا داناوە, ئەو ناوچانەی كەناوی ئۆتۆنۆمی لێ نراوە بەجۆرێ سنوردار كراوە, هەرچی ناوچە ستراتیجی‌و كێڵگە نەوتیەكانە لێی دادەبڕێت, نەخشەی بەڕێوەبردن دەشێوێنرێت بەئارەزوی خۆیان ئەو ناوچانە بەو پارێزگایانەوە ببەستێتەوە كەگوایە گومانی لەعەرەب بوون یان كورد نەبوونی لێ ناكرێت. بۆیە بەپێی بڕیاری بەعس نەخشەی بەڕێوەبردنی حوكمی زاتی بەم شێوەیە بوو:-

1-پارێزگای دهۆك: بەقەزاكانی دهۆك, ئامێدی, زاخۆ, سمێڵ, كەپانتاییەكەی (6.120)كم$^2$ پێك هێناوە.

2-پارێزگای هەولێر: لەقەزاكانی هەولێر, كۆیە, رەواندوز, شەقڵاوە, چۆمان,زێبار, پێكهاتووە كەپانتاییەكەی (14471)كم$^2$ 3-پارێزگای سلێمانی: لەقەزاكانی سلێمانی, هەڵەبجە, شارباژێڕ, پشدەر, رانیە, دوكان, دەربەندیخان, چەمچەماڵ, كەلار, پێكهێنراوە پانتاییەكەی (15.756) كم$^2$ دەبێت[292].

لێرەوە دەبینین بەعس پیلانی نەخشەیەك دادەڕێژێت كەپاشان لەساڵی 1976 بەبڕیاری كۆماری جێبەجێی دەكات كەپچڕاندنی (4) قەزای كەركوكەو دەیخاتە سەر پارێزگاكانی تر, بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە جێبەجێ بكات چەندین بڕیاری سەیری دەركرد بۆ ئەوەی سنوری پارێزگاكە بەر تەسك بكاتەوەو كوردیش بكاتە كەمینەیەك

[291] محمد سعید سۆفی: پارێزگای كەركوك لەناو پاكتاوی رەگەزیدا, ل 47.

[292] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل 73-74.

لەپارێزگای کەرکوکدا[293] سیاسەتی بەعس لەمەدا ئەوە بوو پارێزگای کەرکوکی کردده دوو بەشەوە. ناوەندی قەزای کەرکوك کە(5429) کم$^2$ رووبەرەکەیەتیو قەزای حەویجە کە(2273) کم$^2$ قەزای دووبز (1689) کم$^2$ رووبەرەکەی بووە, کەڕووبەری هەمویان دەکاتە (10.391) کم$^2$. دوای شێواندنی نەخشە کارگێڕییەکانی پارێزگاکە لەنەخشەی کوردستانو سنوری ئۆتۆنۆمی دەرهێنراوە[294]. هەر ئەم سیاسەتە دووژمنکارانەیە بوو دوای هەرەسی شۆڕشی لە 1975و ساڵی 1976 دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی, سەرەتا ساڵی 1976 قەزای دووز خورماتووی لکاندە پارێزگای (صلاح الدین) تکریتی تازە دروست کراوەوە, کەدووریشە لەدووز خورماتووەوە, کەچی قەزای حەویجەی هاوسێو نزیکی پێوەنەلکان لەکاتێکدا زۆرینەی دانیشتوانی عەربن[295]. ئەم کارەشی بەپێی فەرمانی کۆماری ژ(41)ی لە 1976/1/29, کەلەژمارە (2513)ی رۆژنامەی (الوقائع العراقیە)دا لە 1976/2/29 بڵاوکراوەتەوە, کەتێیدا هاتووە بڕیاری لەسەر پچڕاندنی قەزای دووز خورماتوو دراوە لەپارێزگای کەرکوكو بخرێتە سەر پارێزگای سەلاحەدینی تازە دروست کراوەوە[296] ئەو ناوچانەی کەخراوەتە سەر پارێزگای (صلاح الدین) لەپارێزگای کەرکوك بڕاوەتەوە (4.109) کم$^2$ بەناوەندی قەزاکەو ناحیەکانی ئامرلیو

[293] د. نوری طالبانی: سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ ،گ, کەرکوك ژ(1)ی ساڵی سێیەم, هاوینی 2001, ل 19.

[294] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشو, ل 57.

[295] د. نوری الطالبانی: سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك, گ, کەرکوك, ژ(1)ی هاوینی ساڵی هەشتەم, 2001, ل 19.

[296] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 47.



سلێمان بەگو نەوجولو قادر کەرەم دەگرێتەوە[297]. لەلایەکی ترەوەو لەهەمان کاتدا بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (256) لە 1976/5/18 پەیوەندی کارگێڕی ناحیەی داقوق لەقەزای دووز خورماتوو لەپارێزگای صلاح الدین هەڵوەشاندۆتەوەو خرایەوە سەر قەزای ناوەندی کەرکوك لەپارێزگای (التأمیم)[298].

لەهەمان کاتدا ناحیەی داقوقی کردە قەزاو ناحیەیەکی تازەی تێدا کردەوە بەناوی (الرشاد) هەروەها رژێم گۆڕانکاری لەسنوری کارگێڕی گشت قەزاو ناحیەکانی سەر بەپارێزگای (التأمیم) کرد, بەو مەبەستەی کە ئامانجی خۆی بەدی بهێنێت.. کەلەپێشەوە ئاماژەی پێکرا, واتە کورد بکاتە کەمینەیەکی دانیشتوان لەگشت یەکە کارگێڕییەکان کەسەر بەپارێزگاکەن بەناوە نوێیەکەیەوە[299]. هەر بۆیە هەستا بەلکاندنی قەزای کفری بەپارێزگای دیالەوە کەلەپارێزگای کەرکوکی بپچڕێتەوە[300]. ئەو رووبەرانەی کەلەقەزای کفری پارێزگای کەرکوك پچڕاندیانو خستیانە سەر پارێزگای دیالە, قەزای ناوەندی کفری, ناحیەکانی جەبارە, سەرقەڵا, کۆکز, کۆك, قەرەتەپە, هەمووی (8841) کم$^2$ بوو[301].

ئەمەش بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (608)ی رۆژی 1975/11/6 کەتێیدا بڕیاری پچڕاندنی قەزای کفری لەپارێزگای کەرکوك دراوە

[297] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل 75.

[298] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 48.

[299] د. نوری تاڵەبانی: سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەیی کەرکوك, گ، کەرکوك, ژ(1)ی ساڵی سێیەم, هاوینی 2001, ل 28.

[300] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 37.

[301] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل 75.

کەبخرێتە سەر پارێزگای دیالە[302]. لەلایەکی ترەوە، حکومەت هەستا بەلکاندنی قەزای کەلار بەهەرسێ ناحیەکەیەوە (ناحیەی ناوەند، پێباز، شێروانە)و قەزای چەمچەماڵ بەهەرسێ ناحیەکەیەوە (ناحیەی ناوەند، سەنگاو، ئاغجەلەر) بەپارێزگای سلێمانیەوە، کەلەوەوپێش ئەم دوو قەزایە سەربە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پارێزگای کەرکوك بوون[303]. رووبەری گشتی قەزای چەمچەماڵ بەناوەندی قەزاکەو هەر دوو ناحیەکەیەوە (2376)کم$^2$ کەبەرامبەر (950400) دۆنم دەبێت. بەپێی سەرژمێری ساڵی 1965 (320923) کەس بووە، ساڵی 1970 (42397) کەس بووە. ژمارەی گوندەکانی قەزاکە (219) گوندە[304]. هەرچی قەزای کەلاریش بووە بەهەردوو ناحیەکەیەوە پێبازو تیلەکۆوە (177) گوندەوە بەڕوبەرێکی فراوانەوە خراونەتە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەمەش بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (608)ی 1975/11/6 کەلەژمارە (2503) رۆژنامەی (الوقائع العراقیە)دا لەرۆژی 1975/12/15 بلاوکراوەتەوە، کەتێیدا هاتووە هەردوو قەزای چەمچەماڵو کەلار لەپارێزگای کەرکوك بپچڕێنرێتو بخرێتە سەر پارێزگای سلێمانی[305]. پاش تەعریب کردنی حەویجەو دابڕینی چوار قەزاکەی تر لەپارێزگای کەرکوك، رژێم بەهەمان مەبەست هەندێ گوندی کوردی سەر بەناحیەی پردێی نزیك هەولێری لەو ناحیەیە

[302] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 46-47.

[303] د. خلیل ئیسماعیل: نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراقو دوڕای نەتەوەکەی، گ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(2)ی ساڵی هەشتەم، مایسی 2000، ل 40.

[304] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی کەرکوك، بەشی شەشەم، گ، کەرکوك، ژ(1)ی ساڵی چوارەم، هاوینی 2002، ل 7.

[305] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 38.



جیاکردەوەو بەستی بەناحیەی (قوشتەپە)وە کەسەر بە مەڵبەندی قەزای هەولێر بوو، هەندێ گوندی کوردی سەربە ناحیەی (کەندیناوە)ی سەربە پارێزگای هەولێری لەو ناحیەیەدا جیاکردەوە، دانیشتوانە کوردەکانی کۆچ پێ کرد، چونکە ئەو گوندانە نەوتیان تێدا دۆزرابوییەوە، بۆ بەستنی بەقەزای (دوبز)ی سەربە پارێزگای کەرکوکەوە.

هەروەها (9) گوندی کوردی لەناوچەی پالانی سەربە ناحیەی (قەرەتەپە)ی قەزای کفری بەست بەناحیەی (جەلەولا)وە کەسەربە پارێزگای دیالە بوو، دانیشتوانە کوردەکانی کۆچ پێکرد بۆ پارێزگای (ئەنبار)و خەڵکی عەرەبی لەخێڵی (کوروی) هێنایە جێگایان، هەر لەو پێناوەدا سەرجەم گوندەکانی دەوروبەری قەزای کەرکوکی تەخت کردو پاشان عەرەبی لەجێگادا نیشتەجێ کردن، هەرچی گوندەکانی قەزای دووبزیشە هەر لەساڵی 1963وە وێران کرانو عەرەبی تێدا نیشتەجێ کراوە[306]. بۆیە لەماوەی نێوان 1970-1977 پارێزگای کەرکوك لە(22) یەکەی بەڕێوەبردن تەنیا (11)یەکەی بەڕێوەبردنی بۆ مایەوە، بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەش کەلەسنوری کارگێڕی کەرکوکدا ئەنجام درا لە(50٪) پانتای رووبەری زەوی پارێزگاکە کەم کرایەوە[307].

لەبەر رۆشنای ئەو زانیاریانەی پێشوو، ژمارەی یەکە کارگێڕییەکانی پارێزگای کەرکوك لە(22) یەکەوە هاتە سەر (13)یەکە بەسەر سێ قەزادا دابەش کرابوون. قەزای دووبز، حەویجەو قەزای ناوەندی کەرکوك، قەزای کەرکوك رووبەرەکەی (69831) کم$^2$ بەپێی ئاماری

[306] د. نوری گالبانی: منگقه کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی، ص 72-73.

[307] ئەحمەد عەزیز: کوردستانیەتی کەرکوك لەئینسکلۆبیدیای ولاتانی ئەوروپاو ئەمەریکادا، گ کەرکوك، ژ(4)ی ساڵی چوارەم، بەهاری 2003، سلێمانی، ل 63.

1975 رووبەری پارێزگاکە لە(19543*) کیلۆمەتری دووجا بووە, کەچی کەمی کردووە بۆ (9659) کیلۆمەتر دووجا, ئەم کەم کردنەوەی یەکە کارگێڕییانە بەئاشکرا گۆڕانکارییەکانی نەخشەی کارگێڕی پارێزگای کەرکوك دەردەخات. چونکە ئەو یەکە ئیداریانە لەسەرەتاوە لە(15)وە زیادی کرد بۆ (22) کەچی لەناکاو دابەزیوەتە خوارەوە لەهەشتاکاندا گەیشتۆتە (7) یەکەی کارگێڕی, ئەمەش لەلایەکەوە بەلگەی نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستیو پلان دانانەو لەلایەکی ترەوە دەرئەنجامی بڕیارە ئەمنیەکانە کەمەبەستیان لەقاوغدانی دانیشتوانی کوردو تورکمان بووە بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانی عەرەب[308].

## باسی سێیەم: بەعەرەبکردنو بەعەرەب ردنی کەرکوک 1968-1977:-

## هۆکارەکانی بەعەرەب کردنی پارێزگای کەرکوك:

حیزبی بەعس لە17ی تەموزی 1968دا لەڕێگەی کودەتایەکی سەربازیەوە جارێکی تر دەستەڵاتی گرتەوە دەست, سەرەتا ویستیان دڵی خەڵك راگرن, چونکە لە 1963 کاری دڕندانەیان کرد بەرامبەر بەمرۆڤ, بەڵام سیاسەتی بەعس لەبارەی بەعەرەب کردنی کەرکوكو باڵادەست کردنی عەرەب لەڕووی ژمارەی دانیشتوان لەپارێزگاکەدا وەك خۆی مایەوە, بگرە فراوانتریش کراو ئەم جارەیان بەبەرنامەو نەخشەیەکی داڕێژراو وەك پرۆگرامی دەوڵەت بەڕێوەبرا, لەبەر ئەوە

(*)لەراستیدا رووبەری پارێزگای کەرکوك (20376) کم$^2$ لەئاماری 1957دا بۆتە (2013) کم$^2$و پاشان لێی کەم کراوەتەوە تائێستە بۆتە (9659) کم$^2$.

[308] د. خلیل ئیسماعیل: نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراقو دورای نەتەوەکەی, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(2)ی ساڵی هەشتەم, مایسی 2000, سلێمانی, ل 43.



دەوڵەت پارێزگاری بۆ کەرکوك لەبەعسیەکان دادەناو دەستەڵاتی رەهای دەدانێ بەمەبەستی جێبەجێ کردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن[309]. دیارە گەلێك هۆکار هەبوون بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەی کەرکوكو گۆڕینی سنوری جوگرافیو پێکهاتەی نەتەوەی وەك ئەمانە:1-شوێنی ستراتیجی کەرکوك لەڕووی ئابوریەوە, بونی سەرچاوەیەکی نەوتی یەکجار زۆر[310]. چونکە گەورەترین حەوزی نەوتی عێراق لەکەرکوکدایەو بەپێنجەمین حەوزی نەوتی جیهان دادەنرێت[311].

2-گرنگی دانی کەرکوك لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە, کەتێکەڵیەکی لەکوردو عەرەبو تورکمان تێدایە, ئەوەش دەستەڵاتدارانی عێراقی هاندا تابتوانن گۆڕان لەپێکهاتەی دانیشتوانیدا بکەن لەبەرژەوەندی عەرەب, هەر لەوێشەوە بایەخی نەتەوەی لە پارێزگاکەدا بۆ رژێم دەرکەوت کەهەوڵی تەعریبی بداتو دایبڕێت لەهەرێمی کوردستان[312].

3-هەروەها نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی ئەوتۆ بۆ بەرگری کردن لەشاری کەرکوك جگە لەوەی خاکی کەرکوك بۆ کشتوکاڵی جۆراو جۆر بەکاردێتو زەوییەکی بەرفراوانو تەختو بەپێی هەیە.

[309] د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغيير واقعها والقومی, ص 59.

[310] د. رفیق شوانی: کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی هاوینی 2001, ل 227.

[311] باوکی توانا: سیاسەتی بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك, گ بابە گوڕ گوڕ, ژ(سفر)ی ساڵی یەکەم, کانونی دووەمی 2001, ل 3.

[312] د. خلیل ئیسماعیل: البعد القومی لسیاسه (الترحيل و التجمع) فی المحافظة کرکوك, گ، هاواری کەرکوك, ژ(1)ی ئەیلولی 1999, ل 129.

4-دەستەڵاتدارانی عێراق, هەر لەسەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە تاکۆتای دەستەڵاتیان باوەڕیان بە یەکپارچەی عێراق نەبووە لەپاشە ڕۆژدا, بۆیە لەهەموو سەردەمەکاندا هەوڵی بەعەرەب کردنی کەرکوکیان داوە[313].

5-گرنگی هاتوچۆ, پارێزگای کەرکوك بەناوەندێکی گرنگی هاتوچۆو گەیاندنی شارەکانی کوردستانە بەناوەڕاستی عێراقەوە بەتۆڕێك ڕێگاوبان[314].

بۆیە بەعس بۆ جێبەجێ کردنی پرۆسەی بەعەرەب کردنی پارێزگای کەرکوك لەماوەی 1968-1977 چەندین کاری جێبەجێ کرد وەکو:

1-هەر لەساڵی 1968دا کۆمەڵێ خێزانی عەرەبی لەکەرکوك نیشتەجێ کرد, کە خێزانی تکریتیو هەندێکی تر بوون, ئەمانە زمانیان تورکمانی بوو, بەڵام لە بنچینەدا عەرەب بوون, لەو تکریتیا نەبوون کەساڵی 1968 دەستەڵاتی عێراقیان گرتە دەست, لەهەمان کاتدا بەهۆی سیاسیەوە کورد لەکەرکوك ڕاگوێزرانو زەوی کڕینو خانوویان لێ قەدەغە کرا, تەنیا لەبەر ئەوەی لەکوردێتی خۆیان وازبهێنن[315].

2-گواستنەوەی کاربەدەستە بچوکە کوردەکان بۆ دەرەوەی پارێزگای کەرکوك وەك مامۆستاو کرێکاری کەرتە دەوڵەتیەکانو کۆمپانیای

[313] باوکی توانا: سیاسەتی بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك, گ، بابە گوڕ گوڕ, ژ(سفر)ی ساڵی یەکەم, کانوونی دووەمی 2001, ل3.

[314] د. رفیق شوانی: کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوك لەکۆنەوە تائەمڕۆ, گ سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی هاوینی 2001, ل 227.

[315] د. جبار قادر: كركوك قرن نصف من تترك والتعريب, ئەنتەرنێت, 2003/11/18.



نەوتو هێنانی کاربەدەستی عەرەب بۆ جێگایان[316]. تەنیا لەساڵی 1973دا (118) کرێکاری کارگە گوێزراونەتەوە بۆ سلێمانیو دهۆك[317].

3-بۆ ئەوەی هەرچۆنێك بێت زەوی کشتوکاڵی لەکورد بسەنێت, ڕژێم پەنای بردۆتە بەر ترسو تۆقاندن, بۆ نمونە لەداقوق ڕژێم هەڕەشەی لێکردون ئەگەر نەیفرۆشن گوندەکانیان کاول دەکات[318].

4-گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکوك بە(تأميم) لە(1)ی حوزەیرانی 1972 بەبۆنەی خۆماڵی کردنی کۆمپانیاکانی نەوتەوە کەمەبەستی سەرەکی لەم ناو گۆڕینە بەعەرەب کردنی ناوی پارێزگاکە بوو[319].

5-هەر لەساڵی 1972 چەند گەڕەکێکی بۆ عەرەبە هاوردەکان دروست کرد لەناو شاری کەرکوکدا[320].

6-لەمیانەی درێژەدان بەسیاسەتی بەعەرەب کردنی پارێزگای کەرکوك, ڕژێم بەڕاگواستنو لەناوبردنو نیشتەجێ کردنی عەرەب لەجێگای کورددا نەوەستا, بەڵکو دەستی کرد بەپچڕاندنی قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکەوەك ئەوەی قەزای چەمچەماڵو کەلاری بەناحیەکانیەوە خستە سەر پارێزگای سلێمانیو قەزای کفری خستە سەر دیالەو قەزای دووز خورماتووی خستە سەر صەلاحەدین, تەنیا

[316] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي, ص 59.

[317] لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك, بەرگی یەکەم, ل 161.

[318] د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي, ص 71.

[319] هەمان سەرچاوە, ص 68.

[320] ئەمین قادر مینە: سەرچاوەی پێشوو, ل 241.

مەبەستی کردنی کورد بووبەکەمینەیەکی بچوكو بەعەرەب کردنی پارێزگاکە[321].

7-ساڵی 1977 بەهۆی دروستکردنی جادەی (60) مەترییەوە سەدان خێزانی کوردی لەشۆڕیجەو جمهوری دەرکرد, پێشتریش ساڵی 1974 (15) گوندی ناوچەی کاکەیو داودەی تاپۆ کردە سەر عەرەبو خاوەندەکانیانی دەرکرد[322].8-ناچار کردنی نەتەوە ناعەرەبەکان بەتایبەتی کورد لەپارێزگای کەرکوكو ئەو ناوچانەی پێکهاتەی نەتەوەییان جۆراو جۆرە, بەوەی خۆیان بەعەرەب ناو نووس بکەن[323].

9-لە 1975/3/31 بەپێی فەرمانی ژمارە (369)ی (مجلس قیادە الپورە) دەست بەسەر (135022) دۆنم زەویو زاری کورددا گیرا, لەقەزای ناوەندی کەرکوكو ناحیەکانی دوبزو قەرە حەسەنو بایچیو دووز خورماتوو قەزای دووز خورماتوو, بەناوی (ئیدارە المحلی)یەوە تۆمار کرا لەپارێزگای کەرکوکدا[324].

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باس لەکەرکوك بکەین لەماوەی 1968-1977 دەبینین سیاسەتێکی زۆر نامرۆڤانەی لەبەرامبەردا پەیڕەو کراوە. لەگفتوگۆی نێوان حکومەتو سەرکردایەتی شۆڕشدا ساڵی 1970 باس لەناوچەکانی کەرکوك کرا, هەربۆیە سەرژمێری 1957 کرایە سەنگی مەحەك بۆ دیاری کردنی سنوری خوارووی کوردستان,

[321] د. خلیل ئیسماعیل: نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراقو دوڕای نەتەوەکەی, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(2)ی ساڵی هەشتەم, مایسی 2000, ل 41.

[322] لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك, بەرگی یەکەم, ل 161.

[323] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتییەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 791.

[324] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 46.



بەڵام رژێم هەر پاش مۆرکردنی رێکەوتننامەکە بەچەند مانگێك پەشیمان بویەوەو فراوانترین شاڵاوی بۆ گۆڕینی باری نەتەوەیو ناوچەکانی کەرکوك دەست پێ کردووە[325].

وابڕیار بوو لەبەیاننامەی (11)ی ئازاردا سەرژمێرییەك بکرێت کەسنوری ناوچەی خود موختاری دیاری بکرێت, بەڵام رژێم بڕیاریدا ئەو سەرژمێرییە بەئەنجام نەگەیەنێت کەرێگە چارەیەك بوو بۆ ئەو کێشانەی کەهێشتا رێکەوتنی لەسەر نەکرا بوو, بەتایبەتی مەسەلەی کەرکوكو ناوچە نەوتیەکانی کوردستان, هەر بۆیە حکومەت داواکانی کوردی پشت گوێ خستو یەکلایەنانە لە11ی ئازاری 1974دا یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیاند[326].

بەر لەوەی یاسای ئۆتۆنۆمی راگەیەندرێت, ململانێی توند لەنێوان سەرکردایەتی کوردو حکومەتی عێراقدا هەبوو لەسەر زاراوەی هەرێمی کوردستان لەجیاتی ناوچەی کوردستانو سوور بوون لەسەر ئەوەی کەکەرکوك لەچوارچێوەی ئەو هەرێمەدا بێت کەسەرکردایەتی کوردی داوای دەکات, هەر بۆیە ئەو پرۆژەیەی سەرکردایەتی کوردی خستیە بەردەم حکومەتی عێراق رەتکرایەوە, کێشەی کەرکوك هۆکارێکی سەرەکی دەست پێکردنەوەی شەڕ بوو[327]. لەهەمان کاتدا رژێم هەر لەدوای 11ی ئازاری 1970وە کەوتە دەرکردنی کرێکاری کورد لەکۆمپانیای نەوتو سکەو کارگەی, کۆکا کۆلاو دامو دەزگاکانی حکومەتو هێنانی عەرەب بە شێوەیەك کەئامارەکانی بۆ تەزویر دەکردنو ئیمتیازاتی باشی دەدانیو لەبەرامبەردا کوردی لەکەرکوك

[325] زاهیر رۆژبەیانی: پەیام, گ، هاواری کەرکوك, ژ(1) ئەیلولی 1998, ل 7.

[326] کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کوردو هیوای سەربەخۆی, بەرگی یەکەم, ئەکرەمی میهرداد, سەنتەری چاپو پەخشی تەما, 2002, ل 35.

[327] د. کمال غەمبار: کەرکوك دڵی زەوت کراوی کوردستانە, گ هاواری کەرکوك, ژ(1)ی ئەیلولی 1998, ل 12-13.

دەركـــرد, ئەمانـــە هۆكـــاری ســـەرەكی بـــوون لەهەڵوەشـــاندنەوەی ڕێكەوتننامـــەی 11ی ئـــازاری 1970داو هەڵگیرســـاندنی شـــەڕ لـــە 1974دا[328]. لەمیانەی ئەو سیاسەتەدا چەندین ماڵە كورد ڕاگوێزرا بۆ ناوچەی باشورو ناوەڕاستی عێراق لەبەرامبەر دابین كردنـی شوێن‌و بڕێكـی كـەم پارمـەتی‌و هـانی كـۆچ پێكردنـی دانیشـتوانی كـوردی كـەركوكی دەدا[329]. بـۆ ئـەوەی ڕاسـتی قسـەكانمان بسـەلمێنن وتـەی بەرپرســێكی عێراقــی دەهێنینــەوە كەلەكۆبونەوەیــەكی فراوانــدا لـەزانكۆی سـۆفیا لـەبۆلگاریا لەشوباتی 1974و لـەوەڵامی پرسـیارێكدا كـەكرا, ئایـا ڕاسـتە حكومـەتی عێراقـی كرێكارە كوردەكانی كۆمپانیـای نەوتی عێراقی دەركردووە؟

ڕاشـكاوانە وەڵامـی دایـەوە وتـی: (ئێمـە لـەپێناوی نـەوتی كەركوكـدا ئامادەین نـەك تـەنیا كرێكارە كوردەكانی كۆمپانیـای نـەوتی كـەركوك, بـەڵكو هـەموو كـوردی كـەركوك دەربكـەین)[330]. لـەدوای هەرەسـی 1975یشـەوە ڕژێـم شـێوازێكی تـری سیاسـەتی بەعـەرەب كردنـی كەركوكی پـەیڕەو كـرد, سـەرەڕای ڕاگواسـتن‌و هێنـانی عـەرەب, هاوكات لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی سنوری كارگێڕی پارێزگای كەركوكی دەستكاری كـرد, چـەندین قـەزاو ناحیـەو گوندنشـینی گۆڕییـە سـەر پارێزگـای سلێمانی‌و هـەولێرو دیالـەو تكریـت‌و هەنـدێ شـوێنی عـەرەب نشـینی دیكەشی خستە سـەر پارێزگـای كـەركوك بـۆ ئـەوەی كـورد لـە هەنـدێك

[328] مسعود بارزانی: البارزاني والحركة التحررية الكوردية, جزء الثاني, ص 125.

[329] منطقـة (W E W): الابـادة الجماعيـة في العـراق, حملـة الأنفـال ضـد الشـعب الكوردی, ترجمة ڤیان عبدالستار طاهر, لەئینگلیزییـەوە بـۆ عـەرەبی, گ پـەیڤین, ژ(2)ی ساڵی یەكەم 1997, ل 277.

[330] د. ئـازاد نەقشـبەندی: كاریگـەری نـەوتی كـەركوك لەسـەر ڕاگـوێزانی كـورد لەكەركوك‌و بەعەرەب كردنی, گ، سەنتەری برایـەتی, ژ(20)ی هـاوینی 2001, ل 29.



لەو پارێزگایانەدا بكاتە كەمینـەو لـەوانی تریشـدا شـتێك نەخەنـە سـەر واقعـی نەتەوایـەتی ئـەو پارێزگایانـە كـەخۆیان كوردنشـین‌و جیـاوازی لەســەر ناســنامەی نەتەوایەتیشــیان نییــە, بــەزیاد كردنــی چــەند ناوچەیەكی عەرەبیش بۆ سـەر سـنوری كـارگێڕی پارێزگاكـە بـۆ ئـەوەی ڕێژەی عەرەب زیاد بكات[331]

[331] زاهیر ڕۆژبەیانی: پەیام, گ، هاواری كەركوك, ژ(1)ی ئەیلولی 1998, ل 7.

# بەشی چوارەم

## پارێزگای کەرکوک لەئاماری 1977دا:-

**باسی یەکەم:**

**پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکە لەساڵی 1977دا**

**باسی دووەم:**

**سنوری پارێزگاکەو یەکە کارگێڕیەکانی لە1977دا**

**باسی سێیەم:**

**قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکوک**

**أ-بەش (لەت)ی یەکەمی پارێزگای کەرکوک**

**ب- بەش (لەت)ی دووەمی پارێزگای کەرکوک**



## قەزاو ناحیەکانی پارێزگای کەرکوک

### أ-بەش (لەت)ی یەکەمی پارێزگای کەرکوک
### ب-بەش (لەت)ی دووەمی پارێزگای کەرکوک

**باسی یەکەم:** پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان بەپێی ئاماری 1977:-

پێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک لەئاماری 1977دا بەهەمان شێوەی ئامارەکانی پێشوو تر، گۆڕانێکی گەورەی ناسروشتی تێدا دەردەکەوێت، ئامارەکە وەك ئەوانی پێشووتر، سەرەتا بەشێوازێکی ئەزمونی لەسێ ناوچەی جیاوازدا لەرۆژی 1977/4/7 دەستی پێکرد[332].

سەرژمێریەکەش لەبارو دۆخێکی نائاسایدا ئەنجام درا، چونکە لەساڵی 1976دا شۆڕشی نوێ هەڵگیرسایەوە، رژێم لەبەر باری (ئەمنی) نائاسایی کوردستان، تیمەکانی ئامارکردنیان نەدەناردنە، ئەو شوێنانەی دوورە دەست بوون، یان مەترسی بوونی پێشمەرگەی بکردایە، هەر لەسنوری پارێزگای کەرکوکدا چەندین گوند ناونوس نەکراون[333]. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ لەساڵی 1977 سەرژمێری دەستی

---

332 عبدالکریم هاوتا: أهمیە کوردیە کرکوك في احصاء 1957، گ، گوڵان العربی، عدد(39)، أب 1999، ل 52.

333 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، گ، کەرکوك، ژ(1)ی ساڵی چوارەم، هاوینی 2002، ل 41.

پێکرد پارێزگای کەرکوك پارچە پارچە کرابوو, لە(22) یەکە کارگێڕییەوە کرابووە, (13) یەکەو بەسەر سێ قەزادا دابەش کرابوو کەئەوانیش: قەزای ناوەندی کەرکوك‌و دوبزو حەویجە بوون, رووبەری پارێزگاکە لە(19543) کم$^2$ کەم کرابویەوە بۆ (9659)کم$^2$, ئەمەش بەمەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەی کورد لەپارێزگاکەدا لەبەرژەوەندی عەرەبدا بوو[334].پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە(4) قەزا بەهەموو ناحیەکانیانەوە بەپێی بڕیاری کۆماری ساڵی 1976 لەپارێزگای کەرکوك پچڕان‌و خرانە سەر پارێزگاکانی دەوروبەری کەرکوك, ئەمەش بۆ ئەوە بوو کورد بکاتە کەمینەیەك لەپارێزگای کەرکوکدا[335].

بۆیە ئێمە لێرەدا دەبێت باس لەپێکهاتەی نەتەوەیی لەو سێ قەزایەو پارێزگاکەدا بکەین کەلەدوای پرۆسەی تەعریب‌و راگواستن‌و گۆڕانی کارگێڕی پارێزگاکەدا, مایەوە, لێرەدا ئەگەر هەر لایەك لەو سێ قەزایەی پارێزگای کەرکوك وەرگرین لەئامارەکەدا رێژەی ژمارەی دانیشتوانی بەم شێوەیە دەبێت:-ناوەندی قەزای کەرکوك (40.59٪) سەرجەمی دانیشتوانی قەزاکەی کوردەو لە(38.46٪) عەرەبەو لە(21.4) تورکمانە[336]. لەقەزای دوبزدا (52.20٪) کوردەو عەرەبیش (37.46٪) دەبێت, کەچی رێژەی تورکمان لە(8.59٪)

[334] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری پارێزگای کەرکوك, گ, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(2)ی ساڵی هەشتەم, مایسی 2000, ل 43.

[335] د. نوری تاڵەبانی: سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك, گ کەرکوك, ژ(1)ی ساڵی سێیەم, هاوینی 2001, ل 19.

[336] د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کورد لەکەرکوك بەعەرەب کردنی, گ, سەنتەری برایەتی, ژ(20)ی هاوینی 2001, ل 29.



دەبێت[337]. سەرەڕای ئەو سیاسەتانەی بەرامبەر بەدانیشتوانی کوردی پارێزگاکە کراوە کەچی کورد لەهەردوو قەزای کەرکوك‌و دوبزدا زۆرینەی دانیشتوانی پێك دێنن. بەڵام لەقەزای ناوەندی حەویجەدا بەپێچەوانەوەیە, چونکە زیاتر عەرەبی هاوردە لەوێدا نیشتەجێ کراوە, بۆیە رێژەی کورد لە(7.13٪)رێژەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی حەویجە پێك دێنن‌و عەرەبیش لە(91.67٪)و هی تورکمانیش (0.89٪)و سریانی لە(0.1٪)و کەمینەکانی تریش لە(0.29٪) دانیشتوانی قەزاکەیە ئەمەش بەپێی ئاماری ساڵی 1977 بووە[338].

بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکەدا رێژەی دانیشتوانی کورد لەئاماری 1977دا بەپێی باری نەتەوەی لە(37.6٪) بووە, لەبەرامبەردا رێژەی عەرەب لە(44.4٪) بووە, هەرچی رێژەی تورکمانە لە(16.3٪) بووە کەمینەکانی تریش لە(1.7٪) دانیشتوانی پارێزگاکە بوون[339]. ئەگەر سەیری ئامارەکانی پێشتر بکەین لەگەڵ ئاماری 1977 رێژەکانی بەراورد بکەین لەگەڵ ئامارەکانی پێشتردا جیاوازیەکی یەکجار گەورە دەبینن لەپێکهاتەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکدا, کەرێژەی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب‌و دابەزینی رێژەی کوردو تورکمان بەجۆرێکە, هەرگیز مرۆڤ ناتوانێ باوەڕی پێ بکات, لەئاماری 1957دا رێژەی کورد لە(48.3٪) بووە, ساڵی 1965 دابەزیوەتە خوارەوە بۆ (36.8٪) لەساڵی 1977دا بەرز بۆتەوە بۆ لە(37.53٪), ئەمە

[337] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتییەکان بەپێی سەرژمێری 1977 بەرگی یەکەم, ل 41.

[338] هەمان سەرچاوە, ل 40.

[339] د. خلیل ئیسماعیل: مؤشرات سیاسیة التعریب والتهجیر في اقلم کردستان, ص 16.

لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوك بوو, لەهەمان کاتدا ڕێژەی عەرەب لەپارێزگاکەدا لە1957 (28.2٪) بووە, ساڵی 1965 بەرز بۆتەوە بۆ (38.96٪), کەچی ساڵی 1977 گەیشتۆتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کەلە زیاد بوونی سروشتییەوە زۆر دوورە, کە(44.4٪) بووە[340].

هەروەها ڕێژەی تورکمانیش لەو ماوەیەدا لە(21.4٪)بووەو دابەزیووە کەلە ساڵی 1977دا بۆتە (16.3٪)[341]. لەماوەی نێوان 1957-1977 ڕێژەی زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لەپارێزگای کەرکوکدا ساڵانە لە(5٪) بووە هی کوردو تورکمانیش لەدابەزینی بەردەوامدا بووە. بەجۆرێ کە لەبەرژەوەندی عەرەبدا بووە[342]. ئەمەش بەهۆی پچڕاندنی چوار قەزای کوردی لەپارێزگای کەرکوك کەبریتی بوون لە: کەلار, چەمچەماڵ, کفری, دووز خورماتوو, پارێزگاکەش تەنیا سێ قەزای بۆ مایەوە[343]. قەزای چەمچەماڵ کەساڵی 1970 (24397) کەس بووە. بەو ژمارە زۆرەوە ساڵی 1976 خرایە سەر پارێزگای سلێمانی, بەهەردوو ناحیەی سەنگاوو ئاغجەلەرەوە کە (219) گوندیان هەبوو[344]. قەزای کەلاریش بەدوو ناحیەو (177) گوندەوە کەژمارەی دانیشتوانی (37595) کەس بوو

[340] د. ئازاد نەقشبەندی: کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر ڕاگوێزانی کورد لەکەرکوك و عەرەب کردنی, گ سەنتەری برایەتی, ژ(2)ی هاوینی 2001, ل 29.

[341] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 81.

[342] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی 1998, ل 40.

[343] هەمان سەرچاوە, ل 39.

[344] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی کەرکوك, گ کەرکوك, ژ(1)ی ساڵی چوارەم, هاوینی 2002, ل 7.



ساڵی 1976 خرایە سەر سلێمانی. قەزای کفری بەچوار ناحیەو (145) گوندەوە کەژمارەی دانیشتوانی (55090) کەس دەبوو, خرایە سەر پارێزگای دیالە لەساڵی 1976دا.

قەزای دووز خورماتوو لەهەمان ساڵدا بە(4) ناحیەو (186) گوندەوە خرابووە سەر پارێزگای سەڵاحەدین کەژمارەی دانیشتوانەکەی (77336) کەس بووە[345]. سەرەڕای ئەوانەش لەساڵی 1977 دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیارانی عەرەبداو هێنانی ژمارەیەکی زۆری عەرەبی کۆچەری و لەهەمان کاتدا بەهۆی پڕۆژەی (ئاودێری سەدام)ەوە کەزیاتر لە(137) هەزار دۆنمی گرتەوە, درابە عەرەب, بۆیە لەو ماوەیەدا ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانی گوندەکانی قەزاکە یەکجار بەرزبویەوە[346]. هەر ئەم سیاسەتە چەوتانەی ڕژێم وای کرد پێکهاتەی نەتەوەی لەکەرکوکدا بگۆڕێت, کەڕێژەی عەرەب لەئاماری 1957 لە(28.2٪) بوو ساڵی 1977 گەیشتۆتە (44.4٪) لەبەرامبەردا ڕێژەی کورد دابەزیوە لەساڵی 1957 ڕێژەی کورد لە(48.3٪) بووە, کەچی 1977 بۆتە (37.5٪) ڕێژەی تورکمانیش لە1957دا (21.4٪) بووە, ساڵی 1977 بۆتە (16.4٪)[347]. بڕوانە خشتەی ژ (6)

خشتەی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەپێی نەتەوە لەئامارەکانی ساڵی 1957و 1977دا:

| نەتەوە | ئاماری ساڵی ١٩٥٧ | ئاماری ساڵی ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| کورد | ٪٤٨,٣ | ٪٣٧,٦ |
| عەرەب | ٪٢٨,٢ | ٪٤٤,٤ |
| تورکمان | ٪٢١,٤ | ٪١٦,٣ |
| کەمینەکانی تر | ٪٢,١ | ٪١,٧ |
| کۆ | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ |

ص
45
46
4
47
لەتیف فاتیح فەرەج: کوردو کەرکوك, بەرگی یەکەم, ل ١٥٧.

خشتەی ژمارە (6) سەرچاوە: (د. خلیل ئیسماعیل محمد: مؤشرات سیاسه التعریب والتهجیر فی اقلم کردستان العراق، ص 16)

**باسی دووەم: سنوری پارێزگاکەو یەکە کارگێڕییەکانی لە1977دا:-**

لەئاماری ساڵی 1977دا، پارێزگای کەرکوك بەشێوەیەك شێوێنراوەو پارچە چارچە کراوە، هەوڵ دراوە بچوك بکرێتەوە، لەکۆی (23) ناحیەو (7) قەزا، تەنیا (8) ناحیەو (3) قەزای بۆ مایەوە[348]. لەئاماری 1965دا پارێزگای کەرکوك (1372) گوندی هەبووە[349]. کەچی لەساڵی 1977دا کەم کراوەتەوە بۆ (590) گوند[350]. لەرووی روبەری جوگرافیو سنوری کارگێڕییەوە پارێزگاکە لەساڵی 1977دا (9.391) کم$^2$ بۆ ماوەتەوە، کەقەزای ناوەندی کەرکوك (5429)کم$^2$ قەزای حەویجە (2273) کم$^2$و قەزای دووبز (1689) کم$^2$ بووە[351]. لەکاتێکدا بەپێی ئاماری 1947 روبەری پارێزگای کەرکوك (20013)

[348] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 38.

[349] دلیل التعداد عام لسنة 1965، جزء الثاني، دلیل قری، ص 131.

[350] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 38.

[351] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل 75.



کم$^2$ بووە[352]. کەچی ساڵی 1977 کەم کراوەتەوە بۆ (9.391) کم$^2$ واتە (9732) کم$^2$ی کەم کراوەتەوە.

ئەمەش پاش پچڕاندنی (4) قەزا لەپارێزگاکەدا دێت کەهەریەکەیان روبەرێکی فراوانی پارێزگاکەی پێکهێنا بوو. قەزای چەمچەماڵ بەهەردوو ناحیەی سەنگاو ئاغجەلەرەوە رووبەرەکەی (2376) کم$^2$بوو، ژمارەی گوندەکانیشی (219) گوند بووە[353].

هەروەها روبەری قەزای دووز خورماتوو بەهەموو ناحیەکانیەوە کەخراوەتە سەر پارێزگای سەلاحەدین (40.109) کم$^2$ بووە[354].

قەزای کفریش بەهەموو ناحیەکانیەوە روبەرەکەی (8841) کم$^2$ بووەو خراوەتە سەر دیالە[355].

هەرچی قەزای کەلارە بەهەر دوو ناحیەی پێبازو تیلەکۆو (177) گوندەوە خراوەتە سەر سلێمانی[356]. حکومەتی عێراق گەلێ گۆڕانی کارگێڕی تری ئەنجامدا لەسنوری پارێزگای کەرکوکدا، بەپێی فەرمانی کۆماری ژ(652) لە 1977/11/3، ناحیەیەکی تازەی بەناوی (الربیع) لەگوندی قەرە هەنجیر دروست کرد، لەقەزای ناوەندی کەرکوكو پارێزگای (التأمیم) ئەم ناحیە تازەیە لە(21) گوندی ناحیەی قەرە حەسەن (لیلان)و (9) گوندی ناحیەیی شوان پێکهات[357].

[352] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 231.

[353] ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك، گ کەرکوك، ژ(1)ی ساڵی چوارەم، هاوینی 2002، ل 7.

[354] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل 75.

[355] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 46-47.

[356] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، ل 38.

[357] (2)هەمان سەرچاوە، ل 48.

**باسی سێیەم: قەزاو ناحیەکانی کەرکوک:-**

**أ/ بەش (لەت)ی یەکەمی پارێزگای کەرکوک**

**1-قەزای ناوەندی کەرکوک:**

ئەم قەزایە گرنگیو بایەخی خۆی هەیە, بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی نەوت تێیدا, سنوری جوگرافی قەزاکە بەم شێوەیەیە, لەباکورەوە زێی بچوك, کەدەست پێ دەکات لەدێی (کێك)ەوە, درێژ دەبێتەوە لەگەڵ هێڵی سنوری رووبارەکە بۆ سەرچاوەی زێیەکە, لەڕوباری دیجلە, لەرۆژئاواوە هاوسنورە لەگەڵ رووباری دیجلە, سنوری ئەم هێڵە لەسەرچاوەی زێی بچوکەوە دەست پێ دەکات تا (فەتحە)و درێژ دەبێتەوە لەڕووی زنجیرە چیای (حەمرین), تا خاڵی (عین خالید)و (عین نخلە) لەناوەڕاستی چیای حەمرین[358].

بەڵام بەپێی ئامارێك کەساڵی 1955 ئەنجام دراوە سنوری بەڕێوەبەریو کارگێڕی قەزاکە لەم یەکە کارگێڕیانە پێکهاتووە: ناحیەکانی, قەرەحەسەن (لیلان), شوان (ڕێدار), مەلحە ئاڵتون کۆپرێ (پردێ)[359]. قەزای کەرکوك دوای دۆزینەوەی نەوت سەرنجی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقی راکێشاو دواتر بایەخی بازرگانیو ئەتنۆگرافی زیادی کرد[360]. رووبەری قەزاکە بەپێی ئاماری 1957 (5738) کم$^2$[361]. ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەرکوك ساڵی 1957 (113989) کەس بووە, کە(40047) کەسی

---

[358] محمد هادی دفتر, عبدالله حسن: العراق الشمالی, ص 241.

[359] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 144.

[360] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی هەشتەم, شوباتی 1998, ل 41.

[361] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 143.



کوردو (27127) عەرەبو (45306) تورکمانو (1509) کلدانو سریانی بووە[362].

ڕێژەی دانیشتوانی کورد لەقەزای ناوەندی کەرکوکدا بەپێی ئاماری 1957 لە(40.9٪) بووە ساڵی 1965 (36.49٪)ز ساڵی 1977 (37.59٪) بووە, ڕێژەی عەرەبیش لەسەنتەری قەزای کەرکوك بەپێی ئاماری 1957 لە(20.7٪)بووە, ساڵی 1965 بۆتە (22.05)و ساڵی 1977 بۆتە (38.46٪)[363]. قەزای کەرکوك ساڵی 1965 لە(5) ناحیە پێکهاتبوو جگە لەناحیەی ناوەند, تازە خورماتوو, قەرە حەسەن, ئاڵتون کۆپری, شوان, دبس, قەزاکە (294) گوندی لەسەر بووە ناحیەی ناوەند (37) گوندو تازە خورماتوو (37) گوندو قەرە حەسەن (63) گوندو ئاڵتون کۆپرێ (34) گوندو شوان (75) گوندو دبس (48) گوند بووە[364].

لەئاماری ساڵی 1977دا قەزای کەرکوك یەکە کارگێڕیەکانی ئەمانە بوون: ناوەندی قەزای کەرکوك, ناحیەکانی قەرە حەسەن, شوان, تازە خورماتوو, بایچی, داقوق[365].

بەو پێیەش ژمارەی دانیشتوانی قەزای کەرکوك لەئاماری ساڵی 1977دا (98532)کەس بووە, دوای گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەیەکە ئیدارییەکانی قەزاکەدا کەتێیدا لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب بووە[366]. بڕوانە خشتەی ژمارە (7).

---

[362] د. نوری گالبانی: منگقه کرکوك ومحاولات التغییر واقعها القومی, ص 70.

[363] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 13.

[364] دلیل التعداد عام لسنه 1965, جزو الپانی دلیل قری, ص 131.

[365] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەواتیەکان لەسەر ژمێری 1977, بەرگی یەکەم ل 40.

[366] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 39.

خشتەی ژمارە (7)

سەرچاوە: (فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی 1977دا, بەرگی یەکەم ل 40)

## 2-قەزای دووبز:-

دەکەوێتە رۆژئاوای شاری کەرکوکەوە بە(40)کم, سنوری قەزاکە, زێی بچوك‌و ناحیەی کەندیناوە لەرۆژئاوایەوە, باکوری ناحیەی پردێ, رۆژهەڵاتی قەزای مەرکەزی کەرکوك‌و ناحیەی بایچی, باشوری قەزای حەویجەیە[367]. رووبەری قەزاکە (1689) کم$^2$ بووە[368]. ئەم قەزایە ساڵی 1974 دامەزرا, نزیکەی (8٪) سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکی گرتۆتە خۆ[369].

رێژەی کورد لەناحیەی پردێ لە(75.6٪)و لەناوەندی ناحیەی دوبزدا لە(36.4٪)ی سەرجەمی دانیشتوانە, هەرچی عەرەبە لەقەزاکە

[367] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 115.

[368] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل 75.

[369] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم شوباتی 1998, ل 42.



**خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی مەڵبەندی قەزای کەرکوك بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەئاماری 1977دا**

| ناوچە | مەڵبەندی قەزای کەرکوك | ناحیەی قەرە حەسەن | ناحیەی شوان | ناحیەی تازە خورماتوو | ناحیەی بایچی | ناحیەی داقوق |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| عەرەب | ٣٨,٤٩ | ١٤,٦٣ | ٠,٢ | ٦٦,٩٥ | ٦٧,٣٧ | ٥١,٧٣ |
| کورد | ٣٨,١٢ | ٧٥,٧ | ٩٨,٨٧ | ٠,٤٤ | ٢٠,١٢ | ٣٦,٢٤ |
| کوردی فەیلی | ٠,١٢ | ٠,٠١ | ٠,٠٢ | ٠ | ٠,٠٢ | ٠,٠٢ |
| تورکمان | ٢١,٠٤ | ٨,٨٤ | ٠,٦٤ | ٣٢,٠٢ | ١١,٣٩ | ١١,٣١ |
| ئەرمەن | ٠,١٨ | ٠ | ٠ | ٠,٠١ | ٠,٠٥ | ٠,٠٣ |

رێژەیان لە(05.5٪) لەناحیەی پردێو لە(60٪) لەناوەندی ناحیەی دوبزدا, تورکمانیش لەناحیەی پردێ لە(18٪) سەرجەمی دانیشتوانە لەناحیەی ناوەندی دوبزیش لە(12٪)یە[370]. دوبز لەساڵی 1957 گوندێك بووە لەناحیەی پردێ سەر بەمەڵبەندی قەزای کەرکوك, ساڵی 1965 دوبز کراوەتە ناحیەیەك لەقەزای ناوەندی کەرکوك ژمارەی دانیشتوانی (1237) کەسو (48) گوند بووە, کەژمارەی دانیشتوانی گوندەکانی (11020) کەس بووە[371].

سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی قەزای دوبز بەپێی ئاماری 1977 (38951) کەس بووە[372]. بەو پێیەش لەو ئامارەدا دەردەکەوێت کەرێژەی کورد لە(52٪)ی سەرجەمی دانیشتوانی قەزای دوبزی پێك هێناوە[373].

لەگەڵ ئەوەشدا قەزاکە هەمیشە بەر شاڵاوی بەعەرەب کردن کەوتووە (31) گوندی ئەم قەزایە کورد بوون ساڵی 1963 (4215) خێزانی جوتیاری کوردی تێدا بوو, لەو ساڵەدا راگوێزرانو عەشیرەتی جبوری عەرەبیان بۆ هێنا[374].

هەر لەئاماری 1977دا (41) گوندو موقاتەعەی قەزای مەخموری پارێزگای هەولێری خراوەتە سەر قەزای دوبز[375]. بۆ زانیاری زیاتر دووبارە رێژەی دانیشتوانی قەزای دووبز بڕوانە خشتەی ژمارە (8)

[370] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 9-10.

[371] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 116.

[372] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 39.

[373] هەمان سەرچاوە, ل 117.

[374] د. نوری الگالبانی: منگقە کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومی, ص 82.

[375] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 116.



خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی قەزای دووبز بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەئاماری ساڵی 1977دا

| | نەتەوەکان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناوچە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەنی | سریانی | هی تر | سەرجەم |
| ناوچەی دوبز | ٥٩,٩٠ | ٣٦,٣٥ | ٠,٠١ | ٢,٤١ | ٠,٠٥ | ٠,٥٤ | ٠,٧٤ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی پردێ | ٥,٤٥ | ٧٥,٥٧ | ٠,٠٢ | ١٧,٧٠ | ٠,٠١ | ٠ | ١,٢٥ | ١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (8) سەرچاوە: (فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری 1977)دا.

### 3-قەزای حەویجە:-

ئەم قەزایە ساڵی 1962 دروست کرا, کەلە دوو ناحیە پێك هات ناوەندو ریاض, لەساڵی 1977 ناحیەی (عباسیە)ی خرایە سەر, ئامانج لەمە نیشتەجێ کردنی عەرەب بوو لەقەزاکەدا بەمەبەستی تێکدانی دابەش بوونی نەتەوەیی لەپارێزگای کەرکوکدا[376]. بەپێی سەرژمێری 1957 ژمارەی دانیشتوانی

[376] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی 1998, ل 43.

عەشائیرە عەرەبە نیشتەجێ کراوەکان, تەنیا لەناحیەی حەویجەدا گەیشتۆتە (27705) کەس[377]. لەئاماری 1965دا قەزای حەویجە ناحیەی ناوەندو ناحیەی ریاض بووەو کۆی گوندەکانی (272) گوند بوو[378]. لەئاماری 1977 جگە لەمەڵبەندی قەزای حەویجە ناحیەی عباسیەو ریازی هەبووە[379]. ژمارەی گوندەکان (182) گوند بووە[380].

بەو پێیە هەموو رووبەری قەزاکە (2273) کم$^2$ بووە[381]. ژمارەی دانیشتوانی قەزای حەویجە, بەپێی ساڵی 1977 (54506) کەس بووە[382]. عەرەب لەو قەزایەدا زۆرینەی دانیشتوان پێك دێنێ لەمەڵبەندی قەزای حەویجەدا بەهەردوو ناحیەکەی, رێژەیان لەنێوان زیکەی (92٪) لەمەڵبەندی قەزای حەویجەو لە(98٪) لەناحیەی عەباسیەدایە. رێژەی کوردیش لەنێوان (1.4٪) لەناحیەی (ریاض)و زیاتر لە(7٪) لەمەڵبەندی قەزای حەویجەدایە, رێژەی کەمەنەتەوایەتیەکانی تریش لەگشت یەکە کارگێرییەکانی تردا (1٪) تێپەڕ ناکات, جگە لەتورکمان کەرێژەیان لەناحیەی (ریاض) لە(1.14٪)یە[383]. بڕوانە خشتەی ژمارە (9)

[377] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 169.

[378] التعداد عام لسنه 1965, جزء الثاني, الدليل القرى, ص 131.

[379] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 40.

[380] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 169.

[381] مەحمود مەلا عیزەت: سەرچاوەی پێشوو, ل 75.

[382] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 39.

[383] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی 1977, بەرگی یەکەم, ل 9.



خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی مەڵبەندی قەزای حەویجە بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەساڵی 1977دا

| ناوچە | نەتەوەو کەمەنەتەوایەتییەکان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەن | سریان | هی تر | سەرجەم |
| مەڵبەندی قەزای حەویجە | ٩١,٦٧ | ٧,١٣ | ٠,٠١ | ٠,٨٩ | ٠ | ٠,٠١ | ٠,٢٩ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی عەباسی | ٩٧,٨ | ٢,٠٩ | ٠ | ٠,١١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی ریاض | ٩٧,٣٦ | ١,٣٧ | ٠ | ١,١٤ | ٠ | ٠ | ٠,٢٣ | ١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (9)

**ب/بەش ( لەت )ی دووەمی پارێزگای کەرکوك:-**

## 1-قەزای دووز خورماتوو:

ئەم قەزایە پاش قەزای کەرکوك دێت, (پێش ئەوەی بخرێتە سەر پارێزگای صلاح الدین) لەرووی روبەرو ژمارەی دانیشتوانەوە گەورەترین قەزای پارێزگاکە بووە, ساڵی 1957, لە(34٪)ی هەموو روبەرەکەیو چارەکی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکەی پێکهێناوە

کوردیش لە(55٪)ی دانیشتوانی قەزاکە بووە[384]. سنوری ئەم قەزایە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوکەوە بە دوری (88)کم لەسەر ڕێگای سلێمانی- بەغداد ساڵی 1952 کراوەتە قەزاو ڕوبەرەکەی بەهەردوو ناحیەی (قادر کەرەم, داقوقە)وە لەساڵی 1955 (5226) کم$^2$ بووە, لەئاماری 1957 (273) گوندی لەسەر بووە, ڕوبەرەکەش (7068) کم$^2$ بووە[385]. لەساڵی 1957 بەهەر دوو ناحیەکەیەوە (68552)کەس بووە. لەکوردو تورکمانی شیعە, بەڵام زۆربەیان کورد بوون[386].

لەئاماری 1965دا بەناحیەی ناوەندو هەردوو ناحیەکەیەوە (265) گوندی لەسەر بووە[387]. بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (41) کەلە 1976/1/29دا دەرچوو, قەزای دووز خورماتوو خراوەتە سەر پارێزگای صلاح الدین (تکریت)[388]. هەر لەهەمان ساڵدا ڕژێم ناحیەی داقوقی لەقەزای دووز خورماتوو پچڕاندو خستیە سەر قەزای کەرکوک[389]. بەپێی ئاماری ساڵی (1977) جگە لەمەڵبەندی قەزای دووز خورماتوو لەناحیەکانی: ئامرلی و سلێمان بەگ و نەوجول و قادر کەرەم پێك هاتووە, کەرێژەی کورد لەناوەندی قەزاو لە(33.07٪)و هی عەرەبیش لە(26.19٪)و کوردی فەیلی کەخانەی جیای بۆ

---

384 د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی 1998, ل 44.

385 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا, ل 189.

386 د. نوری طالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي, ص 85-86.

387 دليل عام سنه 1965, جزء الثاني, دليل قرى, ص 131.

388 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا, ل 189.

389 د. نوری الطالبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي, ص 86.



کراوەتەوە لە(1.09٪)و تورکمان لە(39.54٪) کەمینەکانی تریش لە(1.09٪)یە[390].

جگە لەمەش هەر لەئاماری 1977دا کۆی گوندەکانی قەزاکە (186) گوند بووە[391]. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی ئاماری 1977 (77336) کەس بووە, دوای ئەوەی خراوەتە سەر پارێزگای صلاح الدین[392]. بۆ زانینی باری نەتەوەیی قەزاکە بڕوانە خشتەی ژمارە (10) خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی مەڵبەندی قەزای دووز خورماتوو بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەساڵی 1977دا

| ناوچە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەن | سریان | هی تر | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نەتەوەو کەمینەنەتەوایەتییەکان | | | | | | | |
| مەڵبەندی قەزای دووز خورماتوو | ٣٦,١٩ | ٣٣,٠٧ | ١,٩ | ٣٩,٥٤ | ٠,٠١ | ٠ | ١,٠٩ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی ئامرلی | ٨٤,٤٣ | ١,٩٥ | ٠,١٣ | ١١,٦٥ | ٠,٠١ | ٠ | ١,٨٤ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی سلێمان بەگ | ٨٦,٧٩ | ٣,٩٦ | ٠,٠١ | ٨,٩٦ | ٠ | ٠ | ٠,٢٨ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی نەوجول | ٠,١٩ | ٩٩,٥٩ | ٠,٠١ | ٠,٠٣ | ٠ | ٠ | ٠,١٨ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی قادر کەرەم | ٠,٨٢ | ٩٨,٦٧ | ٠,٠٣ | ٠,٠١ | ٠,٠١ | ٠ | ٠,٤٦ | ١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (10)

## 2-قەزای چەمچەماڵ:-

---

390 فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەر ژمێری 1977دا بەرگی یەکەم, ل 46.

391 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا, ل 189.

392 هەمان سەرچاوە, ل 39.

ئەم قەزایە یەکێکە لەقەزا گرنگەکانی پارێزگای کەرکوك, چ لەڕووی مێژووییەوە چ لەڕووی گەورەیو شوێنی جوگرافی لەناوچەکەدا[393].

سنوری قەزاکە بەم شێوەیەیە (لەباکورەوە قەزای کۆیە, لەباشوری رۆژهەڵاتیەوە ناحیەی (پێباز) لەباشوری رۆژئاوایەوە ناحیەی (قادر کەرەم)و لەرۆژئاواو باکوری رۆژئاواوە ناحیەی (قەرە حەسەن)و (شوان) لەرۆژهەڵاتیەوە پارێزگای سلێمانیە)[394]. رووبەری قەزاکە بەهەردوو ناحیەی سەنگاو ئاغجەلەرو ناحیەی ناوەندەوە (2455) کم$^2$ بووە[395]. بەڵام لەئاماری 1954 رووبەرەکەی (29811)کم$^2$ چوارگۆشە بووە[396]. لەئاماری 1957و 1965دا بەناحیەی ناوەندو هەردوو ناحیەکەیەوە (218) گوندی لەسەر بووە[397]. تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەناحیەکانیەوە بەپێی سەرژمێری 1957 (34299) کەس بووە[398]. ساڵی 1965 (32923) کەس لەساڵی 1970 (42397) کەس بووە[399]. لە 1977دا (51004) کەس بووە, دوای ئەوەی خراوەتە سەر سلێمانی[400].

393 ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك, گ کەرکوك ژ(2)ی ساڵی چوارەم, پایزی 2002, ل 7.

394 محمد هادی دفتر:- والآخرون: العراق الشمالی, ص 261.

395 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 264.

396 ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك, گ، سەنتەری کەرکوك, ژ(2)ی ساڵی چوارەم, پایزی 2002, ل 7.

397 دلیل عام لسنه 1965, جزء الثاني, دلیل قری, ص 131.

398 د. نوری تاڵەبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومی, ص 84.

399 ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوچەی کەرکوك, گ کەرکوك, ژ(2)ی ساڵی چوارەم, پایزی 2002, ل 7.

400 محمد سعید سۆفی:پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 39.



بەوپێیەش زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن, رژێم بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (608) لە 1975/11/6 قەزای چەمچەماڵی خستە سەر پارێزگای سلێمانی[401]. بەپێی ئاماری 1977 ناوەندی قەزای چەمچەماڵ لە(96.52٪) کوردە, ناحیەی سەنگاو لە(99.62٪) کوردەو ئاغجەلەریش لە(98.05٪) کەچی رێژەی عەرەب لەناوەندی قەزاو لە(2.86٪)و سەنگاو (0.05٪)و لەئاغجەلەر لە(1.8٪) بووە کەئەویش بەهۆی پرۆسەی بەعەرەب کردنەوە بووە[402].

بۆ زانینی رێژەی نەتەوەکان لەقەزای چەمچەماڵدا لەساڵی 1977 بڕوانە خشتەی ژمارە (11)

خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەئاماری ساڵی 1977دا

| ناوچە | عەرەب | کورد | نەتەوەکان: کوردی فەیلی | نەتەوەکان: تورکمان | ئەرمەنی | سریانی | هی تر | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قەزای چەمچەماڵ | ٢,٨٦ | ٩٦,٥٢ | ٠,٠١ | ٠,٠٦ | - | - | ٠,٥٥ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی ئاغجەلەر | ١,٨ | ٩٨,٠٥ | ٠,٠٣ | - | - | - | ٠,١٢ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی سەنگاو | ٠,٠٥ | ٩٩,٦٢ | ٠,٠١ | ٠,٠٤ | - | - | ٠,٢٨ | ١٠٠,٠٠ |

401 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 265.

402 فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمەنەتەوایەتیەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 41.

**قەزای کفری:-**

ئەم قەزایە لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە, بەناوی (سەلاحیە)وە سەر بەکەرکوك بووە, نزیکەی چارەکی رووبەرەکەیو لە(15٪) دانیشتوانەکەی پێك هێناوە[403]. دەکەوێتە رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوکەوە, لەباکوری رۆژهەڵاتیەوە سلێمانیەو لەباشوری رۆژهەڵاتیەوە دیالەو لەباشوری رۆژئاوایەوە بغدادە. سنورەکەی لەرۆژهەڵاتەوە زێی سیروانو لەرۆژئاواوە ناحیەی قادر کەرەم, لەباکورەوە قەزای هەڵەبجەو ناحیەی سەنگاوە, لەباشورەوە بەشێك لەروباری سیروانو چیای حەمرین[404]. روبەری قەزاکە (5275) کم$^2$ بووە[405]. بەلام لەئاماری 1947 بۆتە (5221) کم$^2$لەئاماری 1957دا بۆتە (4812) کم$^2$, لەئاماری 1957 بەهەرسێ ناحیەکەیەوە (پێباز, شێروانە, قەرەتەپە) (377) گوندی هەبووە[406].

لەئاماری 1965دا (323) گوندی بووە[407]. ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بەپێی سەرژمێری 1957 (64135) کەس بووە. کەزۆربەیان کورد بوون[408]. ساڵی 1965 ژمارەی دانیشتوانی (63770) کەس

403 د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی 1988, ل 44.

404 محمد هادی دفتر.. الآخرون: العراق الشمالی, ص 285.

405 ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك بەشی حەوتەم, گ کەرکوك ژ(2)ی ساڵی چوارەم, پایزی 2002, ل 7.

406 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 219.

407 التعداد العام السنه (1965) جزو الپانی, دلیل قری, ص 131.

408 د. نوری تاڵەبانی: منگقه کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومی, ص 90.



بووە[409]. بەلام ساڵی 1970 کەقەزای کەلار دروست کرا, ناحیەی پێبازی لەقەزای کفری پچڕاو خرایە سەر کەلار[410]. بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (608) لە 1975/11/6دا قەزای کفری خراوەتە سەر دیالە لەپێناو کەم کردنەوەی ژمارەی کوردا لەکەرکوك, چونکە کفری لە(1/4) رووبەری کەرکوكو لە(15٪)ی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوکی پێك دەهێنا, هەر بەو مەبەستە بەشێکی قەزاکە قەزای کەلاری لێ پێك هێنراو پاشان خرایە سەر پارێزگای سلێمانی[411]. لەئاماری ساڵی 1977دا جگە لەناوەندی قەزای کفری ناحیەکانی: جەبارە, سەرقەلا, کۆکس, قەرە تەپەی لەسەربوە لەناو مەڵبەندی قەزادا لە(69.18) کوردەو لە(11.24٪) عەرەبو (18.24٪) تورکمانو هی تر لە(1.26٪)[412].

لەئاماری 1977 ژمارەی دانیشتوانی قەزای کفری (55059) کەس بووە[413]. سەیری خشتەی ژمارە (12) بکە, کەرێژەی دانیشتوانی قەزاکەی بەپێی باری نەتەوەی روون کردۆتەوە. خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی مەڵبەندی قەزای کفری بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەساڵی 1977دا

409 ئەژی: مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك, بەشی حەوتەم, گ کەرکوك ژ(2)ی ساڵی چوارەم, پایزی 2002, ل 7.

410 ناهیدە جەمال تاڵەبانی: داهاتی سروشتی قەزای کفری, گ کەرکوك, ژ(3)ی ساڵی چوارەم, زستانی 2003, ل 5.

411 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 219.

412 فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان بەپێی سەرژمێری 1977, بەرگی یەکەم, ل 54.

413 محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 39.

| ناوچە | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەنی | سریانی | هی تر | سەرجەم |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | نەتەوەو کەمە نەتەوەییەکان | | | | | | | |
| مەڵبەندی قەزای کفری | ١١,٣٤ | ٦٩,١٨ | ٠,٠٣ | ١٨,٣٤ | ٠,٠٤ | ٠,٠١ | ١,٣٦ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی جەبارە | ٣٧,٠٠ | ٥٧,٥٥ | ٠,٠٣ | ٤,٢٥ | ٠ | ٠ | ١,١٨ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی سەرقەڵا | ٥,٠٨ | ٩٣,٣٩ | ٠ | ٠,٢١ | ٠ | ٠ | ١,٣٤ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی کۆکس | ٣١,٣٤ | ٦٦,٩١ | ٠,٠٣ | ٠,٨٤ | ٠ | ٠,٠٣ | ٠,٨٦ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی قەرەتەپە | ٨٢,٨٠ | ١٢,٧٥ | ٠,٠٦ | ٤,٠٨ | ٠ | ٠ | ٠,٣٣ | ١٠٠,٠٠ |

**خشتەی ژمارە (12)**

**سەرچاوە: (فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی 1977دا, بەرگی یەکەم, ل 54)**

**4-قەزای کەلار:-**

**ئەم قەزایە دوای رێکەوتننامەی ئازاری 1970 دامەزرا, ئەویش بەو مەبەستەی ئەوناوچانەی زۆرینەی کوردنشینن لەپارێزگای کەرکوک بقرتێنێت‌و بەسەر پارێزگا هاوسێکانیدا دابەش بکرێت, ئەوە بوو قەزای کفری کرایە دوو لەتەوە, لەتێکی خرایە سەر دیالەو, لەتێکی کەلاری لێ پێك هات‌و خرایە سەر پارێزگای سلێمانی[414]. ئەم قەزایە**

[414] د. خلیل ئیسماعیل: گۆڕینی سنوری ئیداری پارێزگای کەرکوك, گ, سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, ژ(1)ی ساڵی شەشەم, شوباتی 1998, ل 46.



**لەچەند ناحیەیەك پێك هات وەك ناحیەی (تیلەکۆ) ئەم ناحیەیە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی شاری کفرییەوە لەسەر رێگای گشتی نێوان کفری‌و کەلار, گەورە گوندێك بوو لەناحیەی شێروانە لەقەزای کفری بەپێی سەرژمێری 1957, بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (606) کەلە 1957/11/6 دەرچووە بەئیمزای سەرۆك کۆمار, ناحیەکەبە (61) گوندەوە دامەزرا[415].**

**هەروەها ناحیەی پێباز (باوەنور) یەکێکی ترە لەناحیەکانی قەزای کەلار, دەکەوێتە کۆتای باشوری رۆژهەڵاتی خاکی پارێزگای کەرکوك‌و کۆتای باکوری رۆژهەڵاتی قەزای کفرییەوە, ناوەندی ناحیەکە کەوتۆتە سەر رێگای گشتی دەربەندیخان‌و کەلار, روبەری ناحیەکە (1306) کم$^2$, لەسەرژمێرییەکانی 1957و 1965دا (77) گوندی لەسەر بووە[416]. ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە لەساڵی 1957 (6886) کەس بووە[417]. لەئاماری ساڵی 1977 کەقەزای کەلار, دوای ئەوەی خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی لە (37595) کەس پێك هاتووە[418].**

**کەتێیدا کورد (3/4)ی دانیشتوانی مەڵبەندی قەزاکە پێك دێنێت[419]. کەرێژەی کورد لە(74.98٪)و عەرەب لە(24.20٪)و تورکمان لە(0.42٪)و کوردی فەیلی (0.04٪)و ئەرمەن (0.004٪)و سریانی (0.008٪)و کەمینەی تریش لە(0.34٪) پێك هاتووە.**

[415] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 249.

[416] هەمان سەرچاوە, ل 256.

[417] د. نوری تالەبانی: منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي, ص 93.

[418] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 39.

[419] فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان بەپێی سەرژمێری ساڵی 1977دا, بەرگی یەکەم, ل 40.

هەرچی رێژەی نەتەوەکانە لەناحیەکانی قەزای کەلاردا بەپێی ئاماری 1977 بەم شێوەیە بووە:-

لەناحیەی (پێباز)دا, رێژەی کورد لە(98.08٪)و عەرەب (1.70) کوردی فەیلی (0.03)و کەمینەکانی تریش (0.19٪)بووە.لەناحیەی (تیلەکۆ)دا رێژەی کورد لە(99.33٪)و عەرەب (0.35٪)و کوردی فەیلی (0.01٪)و کەمینەکانی تریش (0.32٪) بووە[420].

بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (608) لە 1975/11/6, قەزای کەلار نەخشەی کارگێڕی لەپارێزگای کەرکوك هەڵوەشێنرایەوەو خرایە سەر پارێزگای سلێمانی[421].

لێرەدا پێویستە هەردوو بەشەکەی پارێزگای کەرکوك لێك بدەین تا رێژەیەکی گشتی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە بەپێی نەتەوەکان دیاری بکەین, کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی بەش (لەت)ی یەکەمی پارێزگای کەرکوك (472226) کەس بووە, بەپێی ئاماری 1977, بەڵام بەش (لەت)ی دووەمی پارێزگای کەرکوك کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانەکەی (220994) کەس بووە, کەکۆی گشتی هەر (4) قەزا دابڕاوەکەی پارێزگای کەرکوکە. بەو پێیەش کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەهەردوو بەش (لەت)ەکەیەوە دەکاتە (693220) کەس[422].بۆ ئەوەی رێژەی سەدی دانیشتوانی قەزای کەلار بەپێی نەتەوە زیاتر روون بێتەوە بڕوانە خشتەی ژمارە (13)خشتەی دابەش بوونی دانیشتوانی قەزای کەلار بەپێی نەتەوە بەسەر ناحیەکانیدا لەئاماری ساڵی 1977دا

---

[420] هەمان سەرچاوە, ل 32.

[421] محمد سعید سۆفی: پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, ل 245.

[422] هەمان سەرچاوە, ل 39.



| ناوچە | نەتەوەو کەمە نەتەوایەتییەکان | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | عەرەب | کورد | کوردی فەیلی | تورکمان | ئەرمەنی | سریانی | هی تر | سەرجەم |
| مەڵبەندی قەزای کەلار | ٣٤,٣٠ | ٦٤,٩٨ | ١,٠٤ | ٠,٤٣ | ٠,٠٤ | ٠,٠٠٨ | ٠,٢٤ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی پێباز | ١,٧٠ | ٩٨,٠٨ | ٠,٠٣ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠,١٩ | ١٠٠,٠٠ |
| ناحیەی تیلەکۆ | ٠,٣٥ | ٩٩,٣٣ | ٠,٠١ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠,٣٢ | ١٠٠,٠٠ |

خشتەی ژمارە (13)

سەرچاوە: (فەیسەڵ دەباغ: کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی 1977, بەرگی یەکەم, ل 32)

ئەگەر ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك بەپێی نەتەوەکان دیاری بکەین بەم شێوەیە دەبێت لەهەردوو بەشەکەی پارێزگاکەدا, بەپێی ئاماری 1977. ڕێژەی کورد لە(37.53٪) بووە لەسەر ئاستی پارێزگاکە, ڕێژەی عەرەب لە(44.4٪) بووە ڕێژەی تورکمانیش لە(16.3٪) بووە لەسەر ئاستی پارێزگاکە, ئەو ڕێژەیەی کەدەمێنێتەوە هی کەمینەکانی تری پارێزگاکە بووە[423]. لەم خشتەیەدا روون کراوەتەوە:

| نەتەوە | سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ |
| --- | --- |
| کورد | ٪٣٧,٥٣ |
| عەرەب | ٪٤٤,٤ |
| تورکمان | ٪١٦,٣١ |

خشتەی باری نەتەوەی لەپارێزگای کەرکوکدا, بەپێی سەرژمێری 1977

سەرچاوە: (د. نوری گالبانی: منگقە کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 71)

423 د. نوری طالبانی: منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها والقومی, ص 71.



## دەرئەنجام

لەئەنجامی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند دەرنجامێك:-

1-لەماوەی توێژینەوەکەدا بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کەرژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق, هەوڵی جدیان داوە بۆ شێواندنی سنوری کارگێڕیو جوگرافی پارێزگای کەرکوك و تەسککردنەوەی سنوری پارێزگاکە بۆ ئەوەی یەکە کارگێڕییەکانی کەم بکەنەوە, بەوەش ژمارەی دانیشتوانی کوردی تێدا کەم بکەنەوە. لەو پێناوەشدا کەوتنە بەش بەشکردنو پارچە پارچە کردنی پارێزگای کەرکوك بەشێوازێکی ئەوتۆ کەهیچ مەودایەکی بۆ پارێزگاکە نەهێڵاوەتەوە, لەو لایەنەشەوە چوار قەزا لەپارێزگای کەرکوك پچڕاوەو خراوەتە سەر پارێزگاکانی دەوروبەری پارێزگای کەرکوك, بەوەش سنوری پارێزگاکە بچوککراوەتەوە بۆ (حەویجەو دوبزو کەرکوك) بەوەش سیاسەتی خۆیان جێبەجێ کرد, کەخۆی لەتەعریب کردنی پارێزگاکەدا دەبینێتەوە.

2-رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی دانیشتوانی پارێزگاکەیان داوە, بەمەبەستی کەم کردنەوەی ژمارەو ڕێژەی کوردو کەمینە ناعەرەبەکانو زیاد کردنی ژمارەی عەرەب لەسنوری پارێزگاکەدا. بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردنو بەبەعسی کردن بەهەموو شێوازێك وەك ترسو تۆقاندنو هەڵخەڵەتاندنو زۆرە ملێو نان بڕان, لەوپێناوەشدا

هەزاران ماڵە عەرەبی هێناوەتە سنوری پارێزگاکە, لەبەرامبەریشدا هەزاران ماڵە کوردی راگوێزاوە. بۆ ناوچەکانی دەرەوەی پارێزگای کەرکوك.

3-دەستکاری کردنو تەزویر کردنی ناو نامەی (سجلی نفوس)ی سەرژمێرییەکان بەتایبەتی ناونامەی ساڵی 1957 چونکە ئەو ئامارە لەلایەن بێگانەوە هەم لەلای کوردیش جێی باوەڕ پێکردنە بۆ یەکلادنەوەی کێشە سیاسیو نەتەوەیو سنورییەکان لەئایندەدا سەرەڕای ئەوەش رێژی کورد لەسەرژمێریەکەوە بۆ سەرژمێرییەکی تر هەمیشە لەدابەزیندا بووە لەبەرامبەریشدا رێژەی عەرەب لەبەرزبونەوەدا بووە.

4-ناوچەی کەرکوك لەهەموو ناوچەکانی تری کوردستان زیاتر کەوتۆتە بەر شالاوی دڕندانەی داگیرکەری خاکی کوردستان. بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە مۆرکی کورد بوونی ئەو شارە بسڕنەوە. نەخشەی شارەکەش لەسەر نەخشەی کوردستان بسڕنەوە بیکەنە شارێکی عەرەب نشین.

5-هەر لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی دروست کراوی عیراقەوە بەرنامەی بەعەرەبکردنی کەرکوكو ڤڕکردنی نەتەوەی کورد بەپێی بەرنامەیەکی سیاسی ئیشی بۆ کراوە.



## لیستی سەرچاوەکان :

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی**

ئەمین قادر مینە:

1-ئەمنی ستراتیجی عێراقو سێکوچکەی بەعسیان تەرحیل- تەعریب- تەبعیس, بلاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی, کوردستان, چاپی دووەم, سلێمانی 1999.

ئێ- م, دیاکۆ نۆڤ:

2-میدیا, و- بورهان قانع, چاپی یەکەم, دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی, بغداد, 1978.

جەمال نەبەز:

3-کوردستانو شۆڕشەکەی, و- کوردۆ, چاپخانەی ئازاد, سوید, 1985.

جەمال نەبەز:

4-دۆزی ناسیۆنالیستی کورد, ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ یا بڕیاری چارەنووس لەئازادیدا بۆ ئازادی, بنکەی چاپەمەنی ئازاد, سوید, 1985.

حکومەتی هەرێمی کوردستان:

5-راگەیاندنی پارێزگای کەرکوك- چوار ساڵ کارو خزمەتو بوژانەوەو ئاشکراکردنی سیاسەتی راگواستنو تەعریب, چاپی یەکەم, چاپخانەی ئاسا, سلێمانی, 2000.

عبدالله غفور:

6-نەفت لەکوردستاندا- جوگرافیای ئابوری, چاپی دووەم, سلێمانی, 2002.

عبدالله عبدالکریم مارف بەرزنجی:

7-کارکۆك لەمێژوودا, چاپی دووەم, چاپخانەی خۆیبوون, دانیمارك 2001.

غفور مخموری:

8-بەعەرەب کردنی کوردستان- بەعەرەب کردن و مەترسیەکانی و بەرەنگار بوونەوەی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارا، هەولێر، 2002.

فەیسەڵ دەباغ:

9-کوردستان لەچاپکراوە عوسمانیەکاندا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر 2004.

فەیسەڵ دەباغ:

10-کوردو کەمە نەتەوایەتیەکان لەسەرژمێری ساڵی 1977دا، بەرگی یەکەم، هەولێر، 1999.

فاضل حسێن (دکتۆر):

11-کێشەی ویلایەتی موسڵ و، لێکۆڵینەوەییەك دەربارەی دیبلۆماسیەتی عێراق- بەریتانیا- تورکیاو رای گشتی، شێخ محمد شاکەلی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی، 1999.

کریس کۆچێرا:

12-مێژووی کورد لەسەدەی 19- 20دا، و- محمد رەیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاروان، تاران، 1368 شمسی.

کریس کۆچێرا:

13-بزوتنەوەی نەتەوەیی و هیوای سەربەخۆی، بەرگی یەکەم، و- ئەکرەمی میهرداد، سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، سلێمانی، 2002.

کەریم زەند:

14-کوردستانی پەرتکراو، چاپی یەکەم، چاپخانەی پرژە، سلێمانی، 2002.

کۆمەڵێ مامۆستای زانکۆ:

15- جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سەنتەری برایەتی، هەولێر، 2002.

لەتیف فاتیح فەرەج:

16-کوردو کەرکوك- خوێندنەوەیەکی دیرۆکانەی کەرکوك، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

محمد سعید سۆفی:

17-پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی رەگەزیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، 2003.

مەحمود مەلا عیزەت:

18-بازنەکانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد، چاپی دووەم، سلێمانی، 1999.





مستەفا نەریمان:

19-شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، بغداد، 1985.

یوسف گۆران:

20-کوردو تورکمان، سەرەتایەك بۆ پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی ن ك)، سلێمانی، 2002.


**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:-**


جمال رشيد احمد (دكتور)

21-كركوك في عصور القديمة، طبع الأول، منشورات دار أراس، اربيل، 2002.

جمال رشيد احمد: فوزي رشيد:

22-التأريخ الكورد القديم، طبعة الأولى، اربيل، 1990.

جمال رشيد احمد: (دكتور)

23-دراسات في بلاد سوبارتو، بغداد، 1984.

جمال بابان:

24-الاصول اسماء المدن والمواقع العراقية، جزء الأول، بغداد، 1976.

جمال نەبەز:

25-حولة المشكلة الكردية، مطبعة والقومي، الطلبة الأكراد في اوروبا، 1969.

جميل محمد رۆژبەیانی:

26-المدن كردية قديمة، تأريخهاء وجغرافتها، رجالها، علماءوها، وادباءها، طبعة الأولى، مطبعة (هەواڵ، سليمانية، 1999)

الجمهورية العراقية:

27-الوزارة الداخلية، حديرية نفوس عامة، المجموعة الآصصائية لتسجيل عام (1957) بواء سليمانية وكركوك، طبعت بطبعة العاني، بغداد. ب.د. سنة.5

28-العراق، الشيرعيون والبعثيون والضباط الاحرار، ترجمة العفيف الرزار، كتاب الثالث، طبعة العربية الأولى، بيروت، 1992.

خليل اسماعيل محمد (دكتور)

29-مؤشرات سياسية التعريب والتهجير في اقلم كردستان العراق، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، 2001.

**الحكومة العراقية:- الوزارة للداخلية: مديرية التسجيل الاحوال مدينة عامة**
30-**دليل التعداد عام لسنة** 1965**, جزء السابع, دليل حدود والموقعة للمدن والقصبات.**
**شاكر خصباك (دكتور)**
31-**العراق الشمالي.. دراسة لنواحية الطبيعة والبشرية, الطبعة الأولى, مطبعة شفيق, بغداد,** 1973.
**عبدالرزاق الحسيني:**
32-**المؤجز التأريخ البلدان العراقية, طبعة الثالثة, عرفات, صيدا, سوريا,** 1933.
**عبدالرزاق الحسيني:**
33-**العراق القديماً وحديثاً, طبعة الثالثة, مطبعة عرفان, صيدا,** 1958.
**عبدالفتاح علي يحيى البوتاني:**
34-**وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحريرية, طبعة الأولى, مطبعة الوزارة, التربية, هه ولير,** 2001.
**عوني الداودي:**
35-**كركوك المدينة الصاحيكة بالنار والنور, منشورات, مكتب فكر والتوعية سليماني,** 2002.
**كمال مەزهەر احمد:**
36-**كركوك وتوابعها والحكم والتأريخ واضمير, الجزء الأول, مطبعة الرنيوى, (ب, ت).**
**ليلى نامق جاف:**
37-**كركوك لمحات التأريخية, منشورات خه بات, اربيل,** 1992.
**مسعود البارزاني:**
38-**البارزاني والحركة الكردية، جزء الثالث، ثورة** 1961-1975**، اربيل** 2002.
**مسعود بارزاني:**
39-**البارزاني والحركة، الكردية، الكورد والثورة** 14**، تموز** 1958**، جزء الثاني، كردستان،** 1991.
**نوري الطالباني (دكتور):**
40-**منطقة كركوك ومحاولات تغير واقعها القومي، لندن،** 1995 **چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان، هەولێر.**
**وريا جاف:**
41-**كركوك دراسة سياسية والاجتماعية، مطبعة وزارة الثقافة، اربيل** 1998.



**گۆڤارە کوردیەکان**

**ئازاد نەقشبەندی:**
42-**کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کورد لەکەرکوك و بەعەرەبکردنی، گ سەنتەری برایەتی، ژ** (20)**، ساڵی چوارەم، هاوینی** 2001.
43-**ئاران: وڵاتی کوردەواری لەمێژوودا، گ هەزار مێرد، ژ** (16)**ی، ساڵی چوارەم، حوزەیرانی،** 2001.
**ئەژی:**
44-**مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك، گ کەرکوك ژ** (11) **هاوینی** 1991.
**ئەژی:**
45-**ئەو کۆمەڵەو رێکخراو حزبانەی لەناوچەی کەرکوك سەریان هەڵداوە، بەشی دووەم گ کرکوك، ژ** (3)**ن ساڵی دووەم، زستانی** 2001.
**ئەژی:**
46-**مێژووی هونەری بیناسازی نەخشو نیگاری ناوچەی کەرکوك، بەشی دووەم گ، هەزارمێرد، ژ** (16)**، ساڵی چوارەم، حوزەیرانی** 2001.
**ئەژی:**
47-**مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوبەرایەتیەکانی ناوچەی کەرکوك، بەشی یەکەم گ کەرکوك، ژ** (4)**ن ساڵی دووەم، بەهاری** 2001.
**ئەژی:**
48-**مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوبەرێتیەکانی ناوچەی کەرکوك، بەشە شەشەم گ کەکوك، ژ** (1)**، ساڵی چوارەم** 2002.
**ئەژی:**
49-**مێژووی سەردەمە کارگێڕیو بەڕێوەبەرێتیەکانی ناوچەی کەرکوك، گ کەرکوك، ژ** (2)**، ساڵی چوارەم، پایزی** 2002.
**ئەحمەد باوەڕ:**
50-**پارتی هیوا لەدرویتبونەوە لەشاری کەرکوك تا هەڵوەشانەوەی لەکۆنفرانسی کەلاردا** (1937-1944) **گ کەرکوك، ژ** (1) **ساڵی دووەم، هاوینی** 2000.
**ئەحمەد عەزیز:**
51-**کوردستانیەتی کەرکوك لەئەنسکلۆپیدیای وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا، گ کەرکوك ژ** (4) **بەهاری** 2003.
**بورهان ئسماعیل:**

52–ناوی کەرکوک لەسەرچاوە مێژووییەکاندا، گ بابا گوڕگوڕ، ژ (2) هاوینی 2001.
باوکی توانا:
53–سیاسەتی بەرعەب کردنی شاری کەرکوک، گ بابا گوڕگوڕ، ژ (سفر) تەمموز 2001.
مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی:
54–کرکوک في عهد الاستعمار بريتانيا، گ سردم العربي، عدد (2) خريف، 2003.
جەلال جەوهەر:
55–پاکتاوی نەژادی لەکوردستاندا، گ کەرکوک، ژ (2) ساڵی سێیەم زستانی، 2002.
جەبار قادر:
56–سياسات الحكمه لحق الكرد في خلال العهد الملكي 1921–1958، گ کرکوک، ژ (2) ساڵی چوارەم، هاوینی 2002.
جەبار قادر:
57–پێکهاتەی نەژادی دانیشتوانی کەرکوک لەنێوان 1850–1958، گ نەوشەفەق، ژ (1) کانونی دووەم، 2004.
خليل اسماعيل محمد:
58–کرکوک دراسات في التکوين للسکان، گ سەردەم عەرەبی، ژمارە (2) هاوینی 2003.
خليل اسماعيل محمد:
59–بعد القومي لسياسة الترحيل وتجمع في محافظة کرکوک، ك هاواری کەرکوک ژ (1) ئەیلولی 1998.
خليل اسماعيل محمد:
60–نەخشەی ئیدارەی کوردستانی عیراق و دووڕای نەتەوەکەی، ك سەنتەری ستراتیژی، ژ (2) ساڵی هەشتەم، مایس، 2000.
خليل اسماعيل محمد:
61–سنوری ئیدارەی پارێزگای کەرکوک، گ سەنتەری ستراتیژی ژ (1)ی ساڵی شەشەم، شوبات 1998.
روفائیل:
62–خانوی کەلەپوری میکائیل لەتەلاری کەرکوک، گ هەزارمێرد، ژ (16) ساڵی چوارەم، حوزەیرانی 2001.
رفیق شوانی:



63–کێشەی بەعەرەب کردنی کەرکوک لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ، گ سەنتەری برایەتی ژ (20) ساڵی چوارەم، هاوینی، 2001.
زاهیر ڕۆژبەیانی:
64–پەیام, گ هاواری کەرکوک, ژ(1) ساڵی یەکەم, هاوینی, 1998.
سەردار جەباری:
65–ئاوڕێك لەڕابردوو, گ کەرکوک, ژ(4), ساڵی سێیەم, بەهاری, 2002.
عبدالكريم هاوتا:
66–اهمية كوردية كركوك في احصاء 1957, گ گولان العربي, عدد (36), اب, 1999.
غبدالله غەفور:
67–دینامیکی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق, گ سەنتەری ستراتیژی, ژ(1), ساڵی هەشتەم, شوباتی, 2000.
عبدالرقيب يوسف:
68–المعالم الاثرية والتراث في مدينة كركوك, گ کەرکوک, ژ(1), ساڵی سێیەم, هاوینی, 2001.
عبدالجبار محمود سامرائی:
69–کەرکوک شاری ئاڵتونی ڕەش, گ کەرکوک, ژ(4), ساڵی چوارەم, بەهاری, 2003.
عبدالرقيب يوسف:
70–بەرگری لەقەڵای کەرکوک و هەندێك زانیاری شوێنەواری نوێ لەقەڵای کەرکوکدا, گ کەرکوک, ژ(1), هاوینی, 1999.
71–کەمال غەمبار: کەرکوک دڵی زەوت کراوی کوردستانە, گ, هاواری کەرکوک, ژ(1)ی ساڵی یەکەم, هاوین 1998.
72–لەتیف فاتیح فەرەج:
کوردو کەرکوک, گ پەڤین, ژ(2), ئۆکتۆبەری, 1997.
د. منزر: الفصيل.
73–حقوق الانسان والتنوع الاثني السكان كركوك, مجله سردم العربي, عدد (2), خريف, 2003.
محمد عبدالله محمد:
74–الأمن القوى الكردي محافظة كركوك الزراعية, گ هاواری کەرکوک, ژ(1), ساڵی یەکەم, هاوینی, 1998.
محمد فرج:
75–شاری کەرکوک لەنێوان دوێنێ و هەڵوێستی ئەمڕۆی حزبە کوردستانیەکاندا, گ بابا گوڕگوڕ, ژ(3), زستانی, 2003.

76-وەلید شرکە: و/ محمد نوری تۆفیق: کوردو کوردستان لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیادا, گ پەیڤین, ژ(2) ئۆکتۆبەری, 1997.
محمد سعید سۆفی:
77-پارێزگای کەرکوک لەناو پاکتاوی رەگەزیدا, گ کەرکوک, ژ(1), ساڵی چوارەم, هاوینی, .2002
78-منظمة (M.E.W) الابادة الاجماعية في العراق حملة لانفال ضد الشعب الكردية, ترجمة: ڤیان عبدالقادر, مجلة پیڤین عدد (2) سنة الاولى, 1997.
نوری تاڵەبانی:
79-ناوچەی کەرکوک هەوڵدان بۆ گۆڕینی باری نەتەوەی, گ پەیڤین, ساڵی یەکەم, .1997
80-نەریمان کەرکوکی:
کەمینە نەتەوەی و ئایین و مەزهەبیەکانی کوردستان, گ بیروهۆشیاری, ژ(4)ی ساڵی یەکەم, تشرینی یەکەم, 2002, سلێمانی.
نوری تاڵەبانی:
81-کەرکوک لەمەوسوعەیەکی عێراقی 1947دا, گ کەرکوک, ژ(2), ساڵی سێیەم, 2001.
نوری تاڵەبانی:
82-کانت مدینة کرکوک جزأ في امارة اردلان و بابان, گ کەرکوک, ژ(2), ساڵی چوارەم, پایزی, 2002.
نوری تاڵەبانی
83-سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوک لەکۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ, گ کەرکوک, ساڵی سێیەم, 2001.
نوری تاڵەبانی:
84-کێشەی کوردستانی باشور لەچوارچێوەی قانونی دەولیدا, گ کەرکوک, ژ(2), ساڵی دووەم, پایزی, 2001.
نوری تاڵەبانی:
85-کەرکوکی چلەکان, گ کەرکوک, ژ(1), هاوینی 1999.
نوری تاڵەبانی:
86-تاوانەکانی رژێمی عێراق کەدەچنە خانەی پاکتاوی مرۆی, گ کەرکوک, ژ(1), هاوینی, 1999.
ناهیدە جمال تاڵەبانی:
87-داهاتی سروشتی قەزای کفری, گ کەرکوک, ژ(3), ساڵی چوارەم, زستانی, 2003.
هاشم عاسی:



88-کەرکوک و کوردستان و چەند سەرچاوەیەک, گ کەرکوک, ژ(4) ساڵی چوارەم, بەهاری 2003.

**رۆژنامەکان**

تۆفیق وەهبی:
89-اصل اسم کرکوک, جریده الأتحاد, عدد (144), جمعه, 1999/11/12, سنه الثامنة.
محمد نوری تۆفیق:
90-شەهید عەلی عەسکەری و هاوڕێکانی لەکاتی سەرژمێرییەکەی ساڵی 1957دا.
ئینتەرنێت:
د. جبار قادر:
91-کرکوک قرن ونصف من التتریک والتعریب..
سایتی: www.kurdistan.net

**سوپاس و پێزانین:**

***کاك عارف قوربـانی کـه بەکتێبخانـه دەوەڵەمەنـدو سەرچـاوەکانی هاوکاری تەواویکردم.**

***کاك فاروق جەمیل ئەویش درێغی نەکرد لە هاوکاریکردنم.**

***مامۆسـتا سـەروەر عەبـدولرەحمان وەك سەرپەرشـتیاری توێژینەوەکـه هەروەها کاك لەتیف فاتیح فەرەج و کاك شۆڕش ئەحمەدو هەموو ئـەو کەسانەی هاوکارییان کردم.**